له بڵاوكراوەكانی سایتی بەهەشت

# فەتوای گەورە زانایانی هاوچەرخی ئەهلی سوننە و جەماعە

[ابن باز ، الألباني، ابن العثيمين ، مقبل الوداعي ، صالح الفوزان ، ربيع المدخلي]

## سەبارەت بە

## روون كردنەوەی

## حوكـمی

## حزبایەتی وجیاوازی و پارچە پارچەگەرێتـی

## وە ئایا

## حزب و ( كۆمەڵە ) ئیسلامیە هاوچەرخەكان

## سەر بــە

## ( ئەهلی سوننە و جەماعە )ـن ؟!

## یان درێــژبوونەوەن بــۆ

## حەفتاو دوو فیرقە گومڕا بە هیلاكدا چووەكان ؟؟؟

كۆكردنەوە و ئامادەكردنی

مامۆستا : محمد عبد الرحمن لطیف

چاپی پێنجەم ١٤٣٧ ك

---


## ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله علیه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سونەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ... ﴿١٥٣﴾ [الأنعام] .

وە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزە لە فەرموودەکەی (ابن مسعود ﷺ)دا هاتووە کە فەرموویەتی :

(خَطَّ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) خَطّاً بِيَدِهِ ثُمَّ قَالَ : ((هَذَا سَبِيلُ اللَّهِ مُسْتَقِيْماً)) ، ثُمَّ خَطَّ خُطُوطاً عَنْ يَمِينِهِ وَشِمَالِهِ ثُمَّ قَالَ : ((هَذِهِ سُبُلٌ مُتَفَرِّقَةٌ عَلَى كُلِّ سَبِيلٍ مِنْهَا شَيْطَانٌ يَدْعُو إِلَيْهِ)) ، ثُمَّ قَرَأَ : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ﴾ ).

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾

﴿وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُوْلِي الأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلاَ فَضْلُ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لاَتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلاَّ قَلِيلاً﴾

## "الْعُلَمَاءُ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاء"

بسم الله الرحمن الرحیم

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری هەموو جیهان ، کە ڕازی بووە ئیسلام ئاینمان بێت ، وە کردوومانێتی بە یەك کۆمەڵ لە سەر ڕێگا ڕاستەکەی ، وە فەرمانی پێ کردوین کە برای خۆشەویستی یەکتر بین ، وە قەدەغەی کردوین لە پارچەپارچەگەرێتی و جیاوازی لە دیندا ، وە صەلات و سەلامی خوای گەورە لە سەر پێغەمبەرە دەست پاکەکەی بێت ، کەوا بە جێی هێشتووین لە سەر ڕێگا و بەرنامەیەکی ئاشکرای ڕوون کە هیچ کەسێك لە دوای ئەو لێی لا نادات تەنها کەسێکی بە هیلاکداچوو نەبێت ، وە لە سەر بنەماڵە پاکەکەی و هاوەڵە پێشینە سەرەتاکانی و شوێن کەوتوانیان بە چاکە تا ڕۆژی قیامەت .

دوای ئەمە :

بەڕاستی بەڵاکە گشتگیر بووە ، وە ئاژاوە بڵاو بووەتەوە ، وە ئیسلام و موسڵمانان پارچەپارچە کراون ، وە کراون بە چەندین تاقم و گروپ و کۆمەڵ و بزوتنەوەی جیاواز لە هەوا و ئارەزوودا ، وە بوونە بە چەند حزبێکی پارچەپارچەی بەرنامە جیاواز ، وە هەموو حزبێکیش تەنها بە بەرنامە و بۆچوونی خۆی دڵخۆشە !!!

وە بە هۆی ئەم جیاوازی و پارچەپارچە بوونە زۆرەوە ، زۆربەی موسڵمانان سەریان لێشێواوە ، بەڵکو زۆرێکیان بە غەم و پەژارە و دوو دڵیەوە دەڵێن :

بەڕاستی ئیشی ئەم دینەمان لە لا تێکەڵ بووە ، نازانن شوێنی کێبکەون ، وە پەیوەندی بە کێوە بکەن ، وە کامیان لە سەر حەقی ئاشکرایە ؟!!

هەروەها ئەم جیاوازی و پارچەپارچەیی و حزبایەتییە جوانی ئیسلامی شێواندوە ، وە بووەتە هۆی پێشنەکەوتنی موسڵمانان ، بەڵکو بووەتە هۆی لاوازی و پەرتەوازە بوونی هێزیان و نەمانی ترسیشیان لە دڵی دوژمنانیان لە کافران و هاوبەش بڕیاردەران و دووڕووەکان .

ئایا ئیسلام بەم شێوازەیە ؟

وە ئایا حوکمی جیاوازی و پارچەپارچەگەرێتی و حزبایەتی لە دیندا چییە ؟؟؟

وە ئایا ڕێگای ڕاست و ڕزگاری لەم نەخۆشییە ترسناکە زیان بەخشە کامەیە؟

وە ئایا (حزب و کۆمەڵە ئیسلامییە هاوچەرخەکان) لەسەر ڕێگای ڕاستن ؟

یاخود لە (٧٢) حەفتاودوو تاقم و فیرقە گومڕا و بەهیلاکداچووەکانن ؟؟؟

بە پشتیوانی خوای گەورە دەڵێم :

جیاوازی و پارچەپارچەگەرێتی و حزبایەتی لە دینی خوای گەورەدا نییە ، بەڵکو خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) حەرام و قەدەغەیان کردووە لە دەقی زۆردا ، لەگەڵ ئەمەشدا خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ڕێگای ڕاست و ڕزگاریان بۆ

موسڵمانان ڕوون کردووەتەوە لە کاتی ڕوودانی جیاوازی و پارچەپارچەگەرێتی و حزبایەتی لە نێوانیاندا .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾ [الروم.]

واتە : ئەی موسڵمانان ئێوە وەکو هاوبەش بڕیاردەرەکان مەبن ئەوانەی کە دینەکەیان پارچەپارچە کردووە و بوون بە چەند تاقم و حزبێکەوە ، وە هەموو حزبێکیش تەنها بە بەرنامە و بۆچوونی خۆی دڵخۆشە .

وە فەرموویەتی : ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٥﴾﴾ [آل عمران] .

واتە : ئەی موسڵمانان ئێوە وەکو ئەو کەسانە مەبن کە پارچەپارچە بوون و جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە لە پاش ئەوەی کە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایان بۆ هات لە سەر حەرامێتی ئەم شتە ، وە ئەو کەسانە سزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە ...

وە فەرموویەتی : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ ۚ... ﴿١٥٩﴾﴾ [الأنعام] .

واتە : بەڕاستی ئەو کەسانەی کە دینەکەیان پارچەپارچە کردووە و بوونە بە تاقم تاقم و حزب حزبەوە تۆ لە هیچ شتێکدا لەوان نیت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) .

وه فـەرمـوویـەتـی : ﴿ وَٱعۡتَصِمُواْ بِحَبۡلِ ٱللَّهِ جَمِيعٗا وَلَا تَفَرَّقُواْۚ ﴿١٠٣﴾ ﴾ [آل عمران].

واتـە: ئێـوه هـەمووتان دەسـت بگـرن بـە ديـن و بەرنامـەی خـواوه ، وه پارچەپارچە مەبن .

وه فەرموویەتی : ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾ ﴾ [النساء] .

واتە : هەر کەسێك سەرپێچی پێغەمبـەر (ﷺ) بکـات و پشـتی لـێهەڵکات لـە پـاش ئـەوەی ڕێگـای ڕاسـتی هیدایـەتی بـۆ ڕوون بوبێتـەوه ، وه شـوێنی ڕێگـا و بەرنامەی جگە لە باوەڕداران (پێشینە چاکەکان) بکـەوێت ئـەوا ئێمـە لـە دونیـادا ڕووی وەردەگێـڕین بـۆ لای ئـەوەی کـە ئـەو ڕووی لـێکردووه و لـە قیامەتیشـدا دەیخەینە ناو دۆزەخەوه کە خراپترین سەرەنجامە بۆیان .

وه فەرمووی‍ـــــەتی : ﴿ وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾ ﴾ [الأنعام].

واتە : ئەمـە ڕێگـای ڕاسـتی منـە و بیگرنـە بـەر و شـوێنی بکـەون ، وه شـوێنی ڕێچکە و ڕێبازەکانی تر مەکـەون چـونکە لـە ڕێگـای خـوای گـەوره لاتـان دەدات و پارچەپارچەتان دەکات و جیاوازی دەخاتە نێوانتانەوه ، بـەم شـتە خـوای گـەوره ئامۆژگاری کردوون بەڵکو خۆتان بپارێزن و لە خوا بترسن .

وه تـەفسیری ئـەم ئایەتە پیرۆزە لە فەرموودەکەی (ابن مسعود رضي الله عنه)دا هـاتووه کە فەرموویەتی : ((خَطَّ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) خَطَّاً بِيَدِهِ ثُمَّ قَالَ : هَذَا سَبِيلُ اللَّهِ مُسْتَقِيْماً

، ثُمَّ خَطَّ خُطُوطاً عَنْ يَمِينِهِ وَشِمَالِهِ ثُمَّ قَالَ : هَذِهِ سُبُلٌ مُتَفَرِّقَةٌ عَلَى كُلِّ سَبِيلٍ مِنْهَا شَيْطَانٌ يَـدْعُو إِلَيْـهِ ، ثُمَّ قَـرَأَ : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦ﴾))[1].

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەستی هێڵێکی کێشا و پاشان فەرمووی (ئەمە ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورەیە) ، پاشان بە لای ڕاست و چەپی ئەو هێڵەدا چەند هێڵکی تری کێشا و پاشان فەرمووی : (ئەمەش ڕێچکە و ڕێبازی پەرتەوازەکارن ، هەر ڕێچکەیەك شەیتانێکی لە سەرە بانگەوازی بۆ دەکات ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندووە : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦ﴾ .

وَعَنْ الْعِرْبَاضِ بْنِ سَارِيَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : [مُوصياً أصحابهُ وأمتهُ] : ((قَدْ تَرَكْتُكُمْ عَلَى الْبَيْضَاءِ ، لَيْلُهَا كَنَهَارِهَا ، لا يَزِيغُ عَنْهَا بَعْدِي إِلا هَالِكٌ ، وَمَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلافاً كَثِيراً ...))[2]

واتە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئامۆژگاری هاوەڵان و ئوممەتەکەی کردووە و فەرموویەتی : (بە جێتانم هێشتووە لە سەر بەرنامە و دینێکی ڕوون و ئاشکرا ، شەوی وەکو ڕۆژی ڕووناکە ، هیچ کەسێك لـێی لا نادات لە پاش من تەنها کەسێك

[1] أخرجه أحمد : (١/ ٤٣ و ٤٦٥) والطيالسي رقم : (٢٤٤) ، وحسنهُ الألباني في (مشكاة المصابيح) : (١/٥٩).
[2] صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٤٣) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٩٣٧) .

نەبێت کە بە هیلاکداچوو بێت ، وە هەر کەسێك لە ئێوە ئەگەر بژێت ئەوا جیاوازیەکی زۆر دەبینێت ...

### ئەمە نەخۆشیەکەیە ئەی چارەسەر چیە ؟

ثُمَّ قال (ﷺ) واصفاً العلاج بقولهِ:

فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ [تَمَسَّكُوا بِهَا](٣) وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ.

واتە : پاشان پێغەمبەر (ﷺ) وەصفی چارەسەرەکەمان بۆ دەکات و دەفەرموێت : دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی جێنیشینە هیدایەت دەرە ڕاستەکانم [دەستی پێوە بگرن و] قەپی لێبگرن بە کاکیلەکانتان .

ثُمَّ قال (ﷺ) مُحَذِّراً : ((وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ ، فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ ، [وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ]))(٤).

---

(٣) هذه الزيادة جاء في رواية أخرى للحديث في صحيح أبي داود رقم : (٤٦٠٧) .

(٤) صحيح أبي داود رقم : (٤٦٠٧) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٧٣٥) ، والزيادة في صحيح سنن النسائي رقم : (١٥٧٨) من حديث جابر بن عبد الله (رضي الله عنه) .

* **فائـدة :** قال الشيخ سليم الهلالي : (أنَّ الجماعة لا تكونُ إلاَّ بالسنة ، فلا يمكن أنْ تجتمع الكلمة إلاَّ بسنة النبي (ﷺ) وإلاَّ بمنهج رسول الله (ﷺ) ، فمن أراد الجماعة أو من أراد اجتماع الكلمة بغير السنة فهو يعملُ على تفريق الأمَّة ، ولذلك فالحزبيَّةُ تُفرِّقُ الأمَّة ، لا يُمكن أنْ يجتمعَ شَمْلُ الأمَّة على الحزبيَّة ، وإنَّما مذهبُ الحزبيين كمذهب أبي النُّواس:

واتە : پاشان ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێت :

ئاگادارتان دەکەمەوە خۆتان دوور بخەنەوە لە تازەگەرییەکان لە دیندا ، چونکە بە ڕاستی هەموو تازەگەرییەك داهێنراوە (بدعەیە) [وە هەموو داهێنراوێك لە دیندا گومڕاییە] .

---

وداوِنِ بالتي كانت هي الداءُ

أرادوا إجتماعَ شَمْلِ الأمَّة فزادوها تفرُّقاً وزادوها تشتتاً ، فإنشاءُ حزبٍ جديد في الأُمَّة يعني أنْ تزدادَ الأمَّة تفرُّقاً وتزداد تشتتاً وتزداد ابتعاداً عن سنة النبي (ﷺ) ...) قالهُ في شرحِهِ لكتاب : (أصول السنة) للإمام أحمد رحمهُ الله / الدرسُ الأول.

واتە : یەك ڕیزی و یەك دەنگی موسڵمانان نایەتەدی و بە دەست نایەت ئیللا بە سوننەت و بەرنامە و ڕێبازەکەی پێغەمبەر نەبێت (ﷺ) ، جا هەر کەسێك دەیەوێت (یەك کۆمەڵی) و (یەك دەنگی) موسڵمانان بهێنێتەدی بە بێ سوننەت و بەرنامە و ڕێبازەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوا ئەو کەسە کار دەکات بۆ پارچەپارچە کردنی ئوممەتی ئیسلام ، جا لە بەر ئەمە **حزبایەتی ئوممەتی ئیسلام پارچە پارچە دەکات** ، بە هیچ شێوەیەك مومکین نییە شیرازەی ئەم ئوممەتە کۆببێتەوە لە سەر حزبایەتی ، بەڵکو بۆچونی حزبییەکان وەکو بۆچونی (ئەبو نەواس) وایە کە ووتویەتی : (چارەسەرم بکە بەوەی کە خۆی نەخۆشییە) ، **حزبییەکان ویستیان شیرازەی ئوممەت یەك خەن بەڵام زیاتر پارچە پارچەیان کرد و زیاتر پەرتەوازەیان کرد** ، بۆیە دامەزراندن و داهێنانی **(حزبێکی نوێ و تازە)** لە نێوان موسڵماناندا واتا ئوممەتی ئیسلام **زیاتر پارچە پارچە ببێت و زیاتر پەرتەوازە ببێت و زیاتر دوور بکەوێتەوە لە سوننەتی پێغەمبەر** (ﷺ) .

وأخبر النبي (ﷺ) في حديث حُذَيفة (رضي الله عنه) : بأنَّهُ سيأتي زمانٌ على أمتهِ يكونُ فيهِ :

دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فِيهَا.

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەکەی (حذيفة)دا (خوای لێ ڕازی بێت) پێمان ڕادەگەیەنێت کەوا :

سەردەمێ دێت بە سەر ئوممەتەکەیدا تێیدا :

(بانگەوازکارانێك دەردەکەون لە سەر دەرگاکانی دۆزەخن هەر کەسێك وەڵامیان بداتەوە ئەوا فڕێی دەدەنە ناو دۆزەخەوە) .

کاتێك کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەم هەواڵەی پێڕادەگەیەنێت ، (حُذيفة) (خوای لێ ڕازی بێت) پرسیاری لێدەکات دەربارەی ڕێگای ڕزگاری و سەرفرازی لەم بانگەوازکارە گومڕابوو و گومڕاکەرانە :

((قُلْتُ : فَمَا تَأْمُرُنِي إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ ؟

قَالَ : تَلْزَمُ جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ وَإِمَامَهُمْ.

قُلْتُ : فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلاَ إِمَامٌ ؟

قَالَ : فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا ، وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ بِأَصْلِ شَجَرَةٍ حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ))[٥].

---

[٥] صحيح البخاري رقم : (٣٦٠٦) و (٧٠٨٤) ، وصحيح مسلم رقم : (١٨٤٧) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٧٣٩) .

واتە : وتـم : فەرمانم بە چی پێ دەکەیت ئەگەر گەیشتم بە ئەو سەردەمە ؟

فەرمـووی : پەیوەست دەبیت بە کۆمەڵی موسڵمانـان و پێشەواکەیانەوە .

وتم : **ئەی ئەگەر موسڵمانان نە کۆمەڵیان هەبوو نە پێشەوا** ؟

فەرمووی : خۆت **بە دوور بگرە لە هەموو ئەو فیرقە و تـاقمانە** ، ئەگەر چی بە قەپ گرتنیشت بێت بە ڕەگی دارێك هەتا مردن پێت دەگات ، وە تۆش هـەر بە هەمان شێوە دوور بگرە .

وفي رواية عبد الرحمن بن قرط عن حذيفة:

((فَـإِنْ تَمُـتْ يَا حُذَيْفَـةُ وَأَنْـتَ عَـاضٌّ عَلَـى جِـذْلٍ **خَـيْرٌ لَـكَ مِـنْ أَنْ تَتَّبِـعَ أَحَـدَاً مِنْهُمْ**)).(6)

واتە : ئەگەر قەپت گرتبێت لە ڕەگی دارێك و بـەم شـێوەیە بمریت باشـترە بۆت لەوەی کە شوێنی هیچ یەکێکیان بکەویت .

قال الإمام الطبري (٢٢٤ ـ ٣١٠ هـ) رحمه الله :

(وَفِي الْحَدِيث : أَنَّهُ مَتَى لَمْ يَكُنْ لِلنَّاسِ إِمَامٌ **فَافْتَرَقَ النَّاس أَحْزَابًا** ، **فَلَا يَتَّبِع أَحَدًا فِي الْفُرْقَةِ وَيَعْتَزِلُ الْجَمِيع** إِنْ اِسْتَطَاعَ ذَلِكَ خَشْيَةَ مِنْ الْوُقُوعِ فِي الشَّرِّ...).

واتە: ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە کە: هەر کاتێك **خەڵکی پێشەوایان نەبوو** ، وە **دابـەش بـوو بـوون بـۆ چـەند حزبێـك** ، ئـەوا **نابێـت لـەم پارچـە**

---

(٦) صحيح أبي داود رقم : (٤٢٤٦) ، وصحيح سنن ابن ماجه رقم : (٣٩٨١) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٧٩١) و (٢٧٣٩) ، وانظر : "فتح الباري شرح صحيح البخاري" : (١٣ / ٤٧) .

**پارچەگەریتییەدا شوێنی هیچ کەسیك بکەوێت** بەڵکو ئەگەر توانرا **دەبێت** خۆت **لە هەموویان بە دوور بگریت** ، لە ترسی **کەوتنە ناو خراپەوە** ...

وقال الحافظ بعد أنْ نقل قول الطبري : (وَيُؤَيِّدهُ رِوَايَة عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْن قُرْط الْمُتَقَدِّم ذِكْرهَا).(7)

**واتە : فەرمودەکەی** (عبدالرحمن بن قرط) **کە پێشتر باسکرا پاڵ پشتی قسەکەی ئیمامی** (الطبري) **دەکات .**

وَعَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((... وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَتَفْتَرِقَنَّ أُمَّتِي عَلَى ثَلَاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً ، فَوَاحِدَةٌ فِي الْجَنَّةِ وَثِنْتَانِ وَسَبْعُونَ فِي النَّارِ ، قِيلَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ مَنْ هُمْ : قَالَ : **الْجَمَاعَةُ**))[٨].

وفي روايةٍ أخرى قال (ﷺ) : ((**مَا أَنَا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وَأَصْحَابِي**))[٩].

**واتە : سوێند بەو خوایەی کە گیانی** (مُحمَّد)**ی** (ﷺ) **بە دەستە بە دڵنیاییەوە ئومەتەکەم دابەش دەبێت بۆ حەفتاوسیٚ تاقم و فیرقە ، یەکێکیان لە بەهەشتدایە و حەفتاودووی لە دۆزەخدایە ، وترا : ئەی پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **کێن ئەو کۆمەڵە ڕزگاربووە ؟**

---

(٧) فتح الباري : (١٣ / ٤٧) .

(٨) صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٣٩٩٢) ، وسلسلة الأحاديث الصحيحة للألباني رقم : (١٤٩٢) .

(٩) رواه الطبراني في (المعجم الصغير) رقم : (٧٢٤) و (المعجم الأوسط) رقم : (٤٨٨٦) والحاكم في (المستدرك) رقم : (٤٤٤) وغيرهما ، وانظر : صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٦٤١) .

فەرمووی : (کۆمەڵی موسڵمانانە) .

لە ڕیوایەتێکی تردا فەرموویەتی :

(ئەو بەرنامەیەیە کە ئەمڕۆ من و هاوەڵانمی لە سەرە) .

هەموو ئەم دەقە ڕاشکاوانە و جگە لەمانەش بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە **جیاوازی و پارچە پارچەگەرێتی و حزبایەتی لە ئیسلامدا نییە** ، بەڵکو حەرامە و قەدەغەکراوە و بەرهەڵستی لێکراوە ، وە خاوەنەکەی هەڕەشەی لێکراوە بە ئاگری دۆزەخ و خراپترین سەرەنجام .

وە هەروەها بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە ڕێگای ڕاست و ڕزگاری تەنها یەك ڕێگایە ئەویش بریتییە لە :

ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورە و ڕێگای باوەڕدارە پێشینەکان ، جا هەر کەسێك ئەم ڕێگا ڕاستە بگرێتەبەر و دەست بگرێت بەم بەرنامە پاکە بێگەردە ڕوونەوە و لە سەر ڕێگای باوەڕدارە پێشینەکان لە هاوەڵان و شوێن کەوتوان و شوێنکەوتوانی ئەمان بە چاکە (خوایان لێ ڕازیبێت) بڕوات ئەوا :

ئەو کەسە لە سەر حەقی ئاشکرا و ڕووناکی و دڵنیاییە ، وە کەمی شوێن کەوتوانی و زۆری لە ڕێ دەرچووان و بەهیلاکدا چووان زیانی پێناگەیەنێت .

بەڵام **حزب و کۆمەڵ و بزوتنەوە ئیسلامییە هاوچەرخەکان** : بۆ ناسینیان و سەرەنجامی کەسێك کە پەیوەندیان پێوە بکات ئەوا :

گەڕانەوەمان بۆ لای (گەورە زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە لەم سەردەمەدا) هەڵبژارد وەکو پێشەوایان :

**(ابن باز و الألباني و ابن العثيمين و مقبل الوادعي و صالح الفوزان و ربيع المدخلي)** تا پرسیاریان لێبکەین و فەتوایان لێ وەربگرین وەکو ئیش کردنێك بە فەرمایشتی خوای گەورە کە فەرموویەتی :

﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٤٣﴾ [النحل والأنبياء(7) : ] .

واتە : لەئیش و کاری دینتاندا هەرشتێکتان نەزانی ئەوا پرسیار لە زانایانتان بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای ئەوان .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ ٨٣﴾ [النساء] .

واتە : ئەگەر بیانگەڕانایەتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و زانایان و هۆشمەندەکانیان ئەوا ئەوان دەیانزانی چۆن ئەحکامەکان دەردەکەن بە زانیاری و هۆشمەندیان[10].

ئەوەی لێرەدا نوسراوە بیخوێنەرەوە ئەو کاتە ـ بە پشتیوانی خوای گەورە ـ حەقیقەتی ئەم باسەت بۆ دەردەکەوێت :

---

[10] (أهل الذكر وأولي الأمر) هُم : **(أهـل العلـم والفقـه)** ، انظر : "تفسير الطبري" و "تفسير ابن كثير" و "تفسير القرطبي" .

* هل الأحزاب و(الجماعات) الإسلامية المعاصرة من الفرق الاثنتين وسبعين الضالة الهالكة ؟؟؟

## ئایا حزب و (کۆمەڵە)[١١] ئیسلامییە هاوچەرخەکان

[١١] دەڵێم : جا حزبەکان (الأحزاب) وەکو (حزبی ئیسلامی لە عێراق / الحزب الإسلامي في العراق) ، وە کۆمەڵەکان (الجماعات) وەکو کۆمەڵی (برایانی موسڵمانی نەزانکار لە میصر و وولاتانی تریش / جماعة الإخوان المفلسين في مصر وغيرها) ، وە هەروەها بزوتنەوەکان (الحركات) وەکو (بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە عێراق / حركة الوحدة الإسلامية في العراق أيضاً) ، وە (الجمعيات) وەکو (کۆمەڵەی دانایی لە یەمەن / جمعية الحكمة في اليمن) ، وە بەرەکان (الجبهات) وەکو (بەرەی ڕزگاری ئیسلامی لە جەزائیر / جبهة الإنقاذ الإسلامية في الجزائر) ، وە هەروەها (دەستەکان / اللجنات) و (المنتديات) و هاوشێوەی ئەم ناوە ناشەرعیانە کە یەکپارچەیی (کۆمەڵی موسڵمانانی) پارچەپارچە و بەش بەش کردووە ، وە هەموو ئەم ناوانە یەك حوکمیان هەیە چونکە ناوەڕۆك و حەقیقەتەکان بڕیار و حوکمیان بە سەردا دەدرێت نەك ناوەکان چونکە جاری واهەیە ناوەکە زۆر گەورەیە بەلاّم ناوەڕۆکەکەی بەتاڵ و پوچەڵە ، وە لە ڕاستیدا زۆر دوورە لە ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورە و پێچەوانەی قورئان و سوننەت و بەرنامەی سەلەفی صالّحە .

بۆیە واباشە بەلکو پێویستە هەر کەس و کۆمەڵێك کە پێچەوانەی بەرنامەی سەلەفی صالّح و زانایانی ئوممەت بکات و لا بدات لە ڕێگا ڕاستەکەی پەروەردگار و شوێنی ڕێچکە پارچەپارچەبووەکان بکەوێت ئەوا ناوی بنێین بە حزب و فیرقە (**الأحزاب و الفرق**) هەر وەکو چۆن لە دەقی قورئان و سوننەت و ووتەکانی زانایانەوە بەم شێوەیە هاتووە وەکو خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ۝٣٢﴾ هەروەها : ﴿فَاخْتَلَفَ الْأَحْزَابُ مِنْ بَيْنِهِمْ﴾ ، وە هەروەها فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کە (حذيفة) دەیگێڕێتەوە : ((فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا)) وە هەروەها لە فەرموودەی : (الفِرَق الضالّة)دا ، وە هەروەها لە ووتەکەی ئیمامی (الطبري)دا (٢٢٤ - ٣١٠ هـ) لە

## لە حەفتاودوو تاقم و فیرقە گومڕا بە هیلاکدا چووەکانن ؟؟؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرنگە فەتوای گەورە زانیانی ئەهلی سوننە و جەماعەتان لەم سەردەمەدا بۆ دەخەینە ڕوو ، خوای پەروەردگار لە مردووەکانیان خۆشبێت و زیندووەکانیشیانمان بۆ بپارێزێت :

### ١ ـ فتوى الشيخ الفقيه العلاّمَة ابن باز ( ١٣٣٠ ـ ١٤٢٠ هـ ) رحمه الله :

پرسیارکرا لە شەرعزانی سەردەم و پاشماوەی سەلەف و فەتوادەری جیهانی ئیسلامی لە سەردەمی خۆیدا ، چیای دامەزراو ، زانای کردەوەکار و فەتوادەری بانگەوازکار ، پێشەوای ئەهلی سوننە و سەلەفی‌یەکان لە سەدەی چواردەی کۆچی‌دا ، شێخ (عبد العزيز بن باز) ڕەحمەتی خوای لێبێت :

**پرسیار** / قال النبي (ﷺ) : ((... وَسَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي عَلَى ثَلاَثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً ، كُلُّهَا فِي النَّارِ إِلاَّ وَاحِدَةً ...)) ، فهل **جماعة التبليغ ... وجماعة الإخوان المسلمين ...، هل هاتين الفرقتين من الفرق الاثنتين وسبعين ؟**

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ( ... ئوممەتکەم دابەش دەبێت بۆ حەفتاوسیٚ تاقم و فیرقە ، **هەموویان لە ئاگری دۆزەخدان تەنها یەکێکیان نەبێت**

---

شەرحی فەرموودەکەی (حذيفة)دا کە فەرموویەتی : (فَافْتَرَقَ النَّاس أَحْزَاباً ، فَلاَ يَتَّبِع أَحَداً فِي الْفُرْقَةِ ، وَيَعْتَزِلُ الجَمِيع ...) .

....) ئایا کۆمەڵی (تـەبلیغ).... و کۆمـەڵی (الإخوان المسلمین).... ، ئایا ئـەم دوو فیرقەیە لە حەفتاودوو تاقم و فیرقەکەن ؟

**وەڵام** / شێخ (ابن باز) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمووی :

**(مَنْ خالفَ عقيدة أهل السنة والجماعة دخل في الاثنتين وسبعين فرقة ...).**

السائل : هل هاتين الفرقتين ـ **التبليغ والإخوان** ـ من الاثنتين وسبعين فرقة ؟

فأجاب سماحتهُ : (**من الاثنتين وسبعين فرقة ... والمرجئة والخوارج من الاثنتين وسبعين فرقة ...**) أ .هـ ملخصاً [١٢].

واتە : هەر کەسێك پێچەوانەی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە بکات ئەوا دەچێتە ناو ئەو حەفتاودوو تاقم و فیرقەیەوە ...

**پرسیارکار** : ئایا ئەو دوو تاقم و فیرقەیە (تەبلیغ و ئیخوان) لـە حـەفتاودوو فیرقەکەن ؟

**بەڕێزیان وەڵامیان دایەوە** : **بەڵێ** لە حەفتاودوو تاقم و فیرقەکەن ... وە (مورجیئە) و (خەوارج)یش لە (٧٢) حەفتاودوو فیرقەکەن .

---

[١٢] أسئلة الطائف في (شريط مسجل) سنة (١٤١٩ هـ) .نقلاً عن رسالة من إصدارات (مكتبة الفرقان) منشورة بعنوان : (فتاوى العلماء السلفيين : وجوب تحذير الشباب والعوام من الجماعات والأحزاب والفِرَق ، لأنها من الاثنتين وسبعين فرقة) .

* **سودێك :** شێخ (ئەلبانی) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (ليس صواباً أنْ يُقال : إنَّ الإخوان المسلمين هم من أهل السنة ، لأنَّهم يُحاربونَ السنة) .

**واتە : (ڕاست نیە بووترێت : (الإخوان المسلمين) لە ئەهلی سوننەن ، چونکە ئەوان دژایەتی سوننەت دەکەن) .**

**وە شێخ (ربيع) خوا بیپارێزێت فەرموویەتی :** (الإخوان المسلمون ليسوا من أهل السنة).

**واتە : (الإخوان المسلمون) لە ئەهلی سوننە نین .**

**هەروەها شێخ (مقبل) و شێخ (صالح الفوزان)ش بە هەمان شێوە فەتوایان داوە بەوەی کە (الإخوان المسلمون) لە ئەهلی سوننە نین . "فەتواکانیان بخوێنەرەوە" .**

* **سودێکی تر : شێخ (صالح الفوزان) خوا بیپارێزێت فەرموویەتی : (لەم دوایەدا فەتوایەك لە شێخ (ابن باز)ەوە دەرچوو دەربارەی (کۆمەڵی تەبلیغ / جماعة التبليغ) کە لە گۆڤاری (الدعوة)دا بڵاوکراوەتەوە و تێدا فەرمووی :** "إنَّ هذه الجماعة ليس عندهم بصيرة في التوحيد ، فلا يجوز الخروج معهم إلاَّ **لعالمٍ** يُريد أنْ يُبصرهم. "

**واتە : ئەم کۆمەڵە شارەزاییان نیە سەبارەت بە یەکخواپەرستی و چاو ڕۆشن نین لەم بوارەدا ، بۆیە دروست نیە لەگەڵیاندا دەرچیت تەنها بۆ زانایەك نەبێت کە بیەوێت شارەزا و چاو ڕۆشنیان بکات .** =

**ئەنجا شێخ (صالح الفوزان) بە دوای ئەم فەتوایەدا فەرموویەتی :** (إذا صار هُم بِحاجة إلى الدعوة ، إذا كان هُم بحاجة إلى الدعوة فكيف يدعونَ الناس ؟! صاروا هُم بحاجة إلى الدعوة إلى أنْ يَخرجَ معهم العلماءُ أهلُ بصيرةٍ يدعونهم إلى التوحيد ، إذن ما صار لهم مكانة ولا صار لهم فائدة وإنَّما هُم بحاجة إلى الدعوة وترك هذه المبادىء التي يسيرونَ عليها ، **وليس جماعة التبليغ فقط ، بلْ كُلُّ الجماعات** ..

**كُلُّ الجماعات المشبوهة والمستوردة يجب أنْ يُوقف معها هذا الموقف** ، واللهُ تعالى أعلم).

[مفرّغ من شريط مسجل بعنوان : "فتاوى العلماء في الجماعات الضالّة وأثرها على بلاد الحرمين "

من منشورات : "تسجيلات منهاج السنة النبوية" الوجه الأول].

واتە : ئەگەر ئەوان خۆیان پێویستیان بە بانگەواز كردن هەبێت : باشە ئیتر چۆن بانگەوازی خەڵك دەكەن ؟! خۆیان پێویستیان بە بانگەواز كردن هەیە ، پێویستیان بەوە هەیە زانایانی چاو ڕۆشن لەگەڵیاندا دەرچن بۆ ئەوەی بانگەوازیان بكەن بۆ یەكخواپەرستی ، لەمەوە دەردەكەوێت كە ئەوان سەنگ و وەزنیان نییە و بێ سودن ، بەڵكو خۆیان پێویستیان بە بانگەواز كردن هەیە و پێویستیان بەوە هەیە كە وازبێنن لەو بیروڕا و بنەوایانەی كە لە سەری دەڕۆن .

ئەمەش نەك تەنها بۆ (كۆمەڵی تەبلیغ) ، **بەڵكو هەموو كۆمەڵەكان** .. **هەموو كۆمەڵە گومان لێكراو و هێنراوەكان لە دەرەوە : پێویستە ئەم هەڵوێستە لەگەڵیاندا بنوێنرێت** ، وە خوای پایە بەرزیش زاناترە .

* **هەروەها شێخ** (ابن باز) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت فەرموویەتی :

(... ومِمَّا لا شَكَّ فيهِ أنَّ كثرة الفِرَق والجماعات في المُجتمع الإسلامي مِمَّا يَحرِصُ عليهِ الشيطانُ أولاً وأعداءُ الإسلام من الإنس ثانياً ...) [جزء من فتوى الشيخ في الفرق والجماعات ، نقلتهُ من كتاب : "جماعة واحدة لا جماعات" ص : (١٧٦ - ١٧٧) للشيخ ربيع] .

واتە : گومانی تێدا نییە كەوا زۆری فیرەق و ئەحزاب و جەماعات لە ناو كۆمەڵگای ئیسلامیدا لەو شتانەیە كە شەیتان سوورە لەسەر پەیدابوونی یەكەم شت .. هەروەها دووژمنانی ئیسلام دووەم شت .

وە هەروەها فەرموویەتی:

(**حركة الإخوان المسلمين** ينتقدها خواص أهل العلم ، **لأنه ليس عندهم نشاط في الدعوة إلى التوحيد وإنكار الشرك وإنكار البدع.**

لهم أساليب خاصة ينقصها : عدم النشاط في الدعوة إلى الله ، ودعم التوجيه إلى تصحيح **العقيدة الصحيحة التي عليها أهل السنة والجماعة** ... وكذلك ينتقدون عليهم عدم العناية بالسنة : تتبع السنة والعناية بالحديث الشريف **وما عليه سلفُ الأمة** في الأحكام الشرعية)(١٣).

**واتە : بزووتنەوەی** (الإخوان المسلمين) **چەندین زانای بەناوبانگ ڕەخنەیان لێدەگرن ، چونکە هیچ چالاکیەکیان نیە لە بانگەواز کردن بۆ یەکخواپەرستی و بەرهەڵستی کردنی هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە و بەرهەڵستی کردنی بیدعەکان .**

**شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە کەوا ئەم کەموکوڕیانەی تێدایە : نەبوونی چالاکی بانگەواز کردن بۆ لای خوای گەورە ، وە نەبوونی ئاراستە کردن بۆ ڕاست** کردنەوەی ئەو **بیروباوەڕە ڕاستەی کە ئەهلی سوننە و جەماعەی لە سەرە ...**

---

وە بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٢٦) لەم کتێبەدا .

(١٣) مجلة المجلة ، العدد (٨٠٢) صفحة (٢٤) تاريخ (٢٥ / ٢ / ١٤١٦) ، نقلاً عن (المجلة السلفية) العدد (٧) ص : (٤٦ - ٤٧) ، وانظر الحاشية رقم : (١٢) و (٢٦) من هذا الكتاب .

وە هەروەها ڕەخنەی ئەوەشیان لێدەگرن کە گرنگی نادەن بە سوونەت : شوێنی سوننەت ناکەون و گرنگی نادەن بە فەرموودە پیرۆزەکان و **ئەو بەرنامەیەی کە سەلەفی ئوممەتی لە سەر بووە** لە ئەحکامە شەرعیەکان ...

**٢ ـ فتوى الشيخ المُحدِّث العلاّمة الألباني** ( ١٣٣٣ ـ ١٤٢٠ **هـ** ) **رحمه الله :**

وە پرسیارکرا لە فەرموودەناسی سەردەم و پاشماوەی سەلەف و بێ وێنەی زەمان ، تاکی چەرخ و تازەگەری سەدەی خۆی ، زانای کردەوەکار ، چیای بڵند و دامەزراو ، پێشەوای ئەهلی سوننە و سەلەفیەکان لە سەدەی چواردەی کۆچیدا شێخ (محمد ناصر الدين الأباني) ڕەحمەتی خوای لێبێت :

**پرسیار** / ما هو حكمُ الشرع في تعدد هذه (**الجماعات والأحزاب والتنظيمات الإسلامية**) مع أنها مُختلفة فيما بينها في مناهجها وأساليبها ودعواتها وعقائدها والأسس التي قامت عليها ، وخاصةً أنَّ جماعةَ الحق واحدة ، كما دلَّ الحديث على ذلك ؟

واتە : حوکمی شەرع چییە سەبارەت بە بوونی ئەم (**کۆمەڵ و حزب و ڕێکخستنە ئیسلامیيانە**) لەگەڵ ئەوەی کە لە ناو خۆیانیشدا جیاوازن لە بەرنامە و شێوازی کار و بانگەواز و بیروباوەڕ و ئەو بنەمایانەی کە لە سەری دامەزراون ، بە تایبەتی کە کۆمەڵی حەق یەکە هەروەکو چۆن فەرموودەکە ئاماژەی بۆ کردووە و بەڵگەیە لە سەری ؟

**وەڵام** / شێخ (محمد ناصر الدين الألباني) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمووی :

(...لا يَخفى على كلِّ مُسلمٍ عارفٍ بالكتاب والسنة وما عليه سلفنا الصالح (ﷺ) ، **أنَّ التحزُّبَ والتكتل في جماعات مختلفة الأفكار** أولاً **والمناهج والأساليب** ثانياً ، **فليس من الإسلام في شيء** ، بل ذلك **مِمَّا نَهى عنه ربنا** عَزَّ وجل في أكثر من آيةٍ في القرآن الكريم...).

[ثُمَّ ذكر] حديث ابن مسعود (رضي الله عنه) أنهُ قال : (خَطَّ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) خَطًّا بِيَدِهِ ثُمَّ قَالَ : ((هَذَا سَبِيلُ اللَّهِ مُسْتَقِيمًا)) ، ثُمَّ خَطَّ خُطُوطًا عَنْ يَمِينِهِ وَشِمَالِهِ ثُمَّ قَالَ : ((هَذِهِ سُبُلٌ مُتَفَرِّقَةٌ عَلَى كُلِّ سَبِيلٍ مِنْهَا شَيْطَانٌ يَدْعُو إِلَيْهِ)) ، ثُمَّ قَرَأَ : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ﴾)....

[ثُمَّ قال الشيخ شارحاً هذا الحديث العظيم]:

**لا شكَّ أنَّ هذه الطُرُق القصيرة ، هي التي تُمَثِّلُ الأحزاب والجماعات العديدة** (١٤).

---

(١٤) **سودێك :** قال الشيخ الألباني رحمهُ الله : هذا الحديث يفسرهُ (**حديث الفِرَق**)، وأنَّ (**حديث الخط**) و (**حديث الفِرَق**) يُعتبران من المُوضِحات لآية (**سبيل المؤمنين**) . إحدى أشرطة (سلسلة الهُدى والنور) رقم : (٧٤٠/ ١) تم تسجيلهُ في (٢٧/ شوال/ ١٤١٣ ـ ٢٠/ ٤/ ١٩٩٣ م) .

واتە: ئەم فەرموودەیە [کە ڕێگای ڕاست و ڕێچکەکان باس دەکات] (فەرموودەی فیرقەکان / حديث الفِرَق) ڕاڤە و تەفسیری دەکات [کە باسی کۆمەڵی ڕزگاربوو و (٧٢) فیرقە گومڕاکان دەکات]

، وە (فەرموودەی هێڵەکە / حديث الخط) و (فەرموودەی فیرەق / حديث الفرق) دادەنرێن بە ڕوون کەرەوە و تەفسیری ئایەتی (سبيل المؤمنين) .

وقال في جواب سؤالٍ عن (**حكم تعدد الجماعات والأحزاب الإسلامية**) :

واتە : لە وەلامی پرسیارێکدا سەبارەت بە (**حوکمی بوونی چەند کۆمەڵ و حزبێکی ئیسلامی**)

**فەرموویەتی :** (... **أنَّ الأحزاب ليس على منهج الإسلام** الذي يمثلهُ قوله عَزَّ وجل : ﴿وَلَا تَكُونُواْ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا كُلُّ حِزْبِۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾ [الروم] ... وقال : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ﴾ ، **فالأحزاب كثيرة والسُّبُلُ عديدة** ، فالآية الأولى كالآية الأخرى تلتقيان في **ذم التعدد الحزبي والتعدد الطُرقي** ...) ثُمَّ فَسَّرَ الآيتين بـ(**حديث الخط**) و (**حديث الفِرَق**) و (**حديث العرباض بن سارية**) المجلة السلفية (٣/٣١ ـ ٣٩) . =

**واتە : (... ئەم حزبانە لە سەر بەرنامەی ئیسلام نین کە خۆی دەبینێتەوە لەم ئایەتەدا کە خوای گەورە فەرموویەتی :** ﴿وَلَا تَكُونُواْ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا كُلُّ حِزْبِۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾ [الروم] ... **وە فەرموویەتی :** ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ﴾ **(حزبەکان زۆرن و ڕێگاکان جۆراوجۆرن ، ئایەتی یەکەم وەکو ئایەتی دووەم وایە ، یەک دەگرنەوە لە زەم کردنی بوونی چەند حزب و ڕێچکەیەك) ، پاشان ڕاڤەی هەردوو ئایەتەکەی کردووە بە** (حديث الخط) و (حديث الفرق) و (حديث العرباض بن سارية).

وقال مُشيراً إلى (**حديث الفِرَق**) : (فهذا الحديث أيضاً يؤكد **أنَّ النجاةَ لا تكون بالتفرُّق والتحزُّب إلى أحزابٍ وطُرُقٍ شَتَّى !** وإنّما بالانتماء إلى سبيلٍ واحد وبسلوك طريقٍ واحد ألاَ وهو : طريق محمد (ﷺ) وأصحابهِ [منهج السلف الصالح]...) ص : (٣٢) من المصدر السابق .

ولذلك فالواجب على كُلِّ مسلمٍ حَريصٍ أنْ يكون حقاً من ((الفرقة الناجية)) أنْ ينطلق سالكاً الطريق المستقيم ، وأنْ لا يأخُذَ يميناً ويساراً ، وليس هناك حِزبٌ ناجح إلاَّ ((حزب الله)) تبارك وتعالى الذي حدثنا عنهُ القرآن الكريم : ﴿أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿٢٢﴾﴾ [المجادلة]..

---

**واتە : (هەروەها ئەم فەرموودەیەش جەخت لە سەر ئەوە دەكاتەوە كە سەرفرازی و ڕزگاربوون بە پارچەپارچەگەرێتی و حزبایەتی كردن و بوون بە چەند حزب و ڕێگایەكی جیاواز نابێت .**

**بەڵكو بە گەڕانەوە و دەست گرتن بە تەنها ڕێگایەكەوە دەبێت ، ئەویش كە ڕێگاكەی محمد (ﷺ) و هاوەڵەكانێتی [كە بەرنامەی سەلەفی صاڵحە]...) ، وە بڕوانە لاپەڕە : (٨٠ ـ ٨٤) =**

**.**

* **ســـودێكی تـــر :** وقال الشيخ صالح الفوزان حفظهُ الله : (... قال الله تعالى : ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴿٦﴾ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧﴾﴾ ، فجعل الصنف الأول مُنعماً عليهِ ، **والصنف الثاني مغضوباً عليه ، والصنف الثالث ضالاً ،** وهذان الصنفان الأخيران : **يُمثلان الفرق المُنحرفة اليوم ، وإنْ كانت تنتسبُ إلى الإسلام)** الأجوبة المفيدة على أسئلة المناهج الجديدة ص : (١٤٦) .

**واتـــە : خـــوای گـــەورە فەرمووویـــەتی :** ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴿٦﴾ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧﴾﴾ **كۆمەڵی یەكەمی داناوە بەوانەی كە بەخشینی خۆی ڕژاندووە بەسەریاندا ، وە لە كۆمەڵی دووەم توڕە بووە ، وە كۆمەڵی سێیەمیش گومڕان ، وە ئەم دوو كۆمەڵەی كۆتایی خۆیان دەبیننەوە لە تاقم و فیرقە لە ڕێ دەرچووەكانی ئەمڕۆ ، هەرچەندە خۆیان نیسبەت دەدەنە پاڵ ئیسلام .**

فإذاً كلُّ حزبٍ ليس هو حزب الله فإنَّما هو من حزب الشيطان ليس من حزب الرحمن...).

ثُمَّ ذكر رحمهُ الله : (... الجماعات والأحزاب التي تكون في بلدٍ واحد ومع ذلك فكلُّ حزبٍ بما لديهم فرحون ...).

ثُمَّ قال في خاتمة جَوابهِ:

(**هذه الأحزاب : لا نعتقدُ أنها على الصراط المستقيم ، بل نَجْزِمُ بأنَّها على الطُرُق التي على رأسِ كُلِّ طريقٍ منها شيطانٌ يدعو إليهِ ...**) ا.هـ مُلخصاً [١٥].

---

[١٥] إحدى أشرطة (سلسلة الهُدى والنور) رقم : (٦٠٨ / ١) تم تسجيلهُ سنة (١٤١٢ هـ - ١٩٩٢ م)، ونقلهُ بتمامهِ فضيلة الشيخ ربيع بن هادي المدخلي في كتابهِ الجليل : (جماعة واحدة لا جماعات وصراط واحد لا عشرات) ص : (١٧٨ - ١٨١) .

**وە بۆ ڕاوەستان لە سەر چەندین سوودی مەنهەجی و بانگەوازکاری ئامۆژگاریت دەکەم بە گوێ گرتن لە کاسێتی ژمارە : (٧٤٠ / ١) لە کاسێتەکانی** (سلسلة الهُدى والنور) **، وە ئەم کاسێتە خاڵیکراوە و نووسراوەتەوە لە گۆڤاری** (السلفية) **ژمارە : (٢) لاپەڕە : (١٧ - ٣٢) بە ناوبیشانی** (حزب التحرير) **جا بیخوێنەرەوە ، وە لە پەراوێزی ژمارە (٢١)ی ئەم کتێبەدا بەشێکیمان لێ باس کردووە .**

**سودێك : وە هەروەها پرسیارکرا لە شێخ (ئەلبانی) ڕەحمەتی خوای لێبێت :** (هل ترون أنَّ أصل فكرة العمل الجماعي اليوم بدعة وحرام أو أنَّ نقدكم يتناول أخطاء التطبيق ؟) .

واتە : ئایا ئێوە وا دەبینن کە بنچینەی بۆچوونی (کاری بە کۆمەڵ) بیدعە و حەرامە یان ئێوە تەنها ڕەخنە لەو هەڵانە دەگرن کە لە بواری جێبەجێ کردندا ڕوو دەدات ؟

**وەڵام** / شێخ (ئەلبانی) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا فەرمووی :

(لا ، العملُ الجماعي ليس هناك مجالٌ لإنكارِهِ **إذا لم يقترن بالتحزُّب** ، والعمل الجماعي يشملهُ عديدٌ من الآيات الكريمة : ﴿وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّـٰدِقِينَ﴾ ﴿وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ﴾ ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ﴾ ، فمثلُ هذا التعاون الجماعي ليس هُناك مجالٌ لإنكارِهِ إطلاقاً ، لأنَّ الإسلامَ قائمٌ على هذا التعاون ، ولكن الظاهرة التي تبدو في العصر الحاضر قد انحرفت عن هذه الغاية من التعاون على البِرّ والتقوى : هي التي **خالطها كثيرٌ من التحزُّب والتعصُّب** ، إلى درجة أنهُ صار أمراً مهضوماً مقبولاً عند كثيرين من الدعاة كالتكتل باسم التحزُّب ، ونحن نعلم أنَّ الله عزَّ وجل قد **نهى في كثير من الآيات القرآنية عن التحزُّب والتعصُّب لطائفة أو لجماعة لها نظامها الخاص ، ولها منهجها الخاص** ، ولو لم يكن هذا النظام وهذا المنهج مُطابقاً للسنة من كل جانب **أصبح التحزُّب اليوم فرقةً تُمَثِّل ما حذَّر عنهُ النبي** (ﷺ) **في بعض أحاديثهِ** التي تُعتبر تبياناً وتفصيلاً لمثل قولهِ تبارك وتعالى : ﴿وَلَا تَكُونُواْ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا كُلُّ حِزْبِۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾ [الروم] .

ولا يخفى على كُلِّ مسلمٍ اليوم **كَثرةُ الأحزاب المنتشرة في العالم الإسلامي** ، **وأنَّ لكُلِّ حزبٍ منهجهُ ونظامهُ** ، وأنَّ هذه الأحزاب متنافرة متباغضة . على خِلاف المقصود من التكتل والتجمع الإسلامي . **لكُلٍّ منهاجهُ** ، ولكُلِّ **رئيسهُ** ، ولكُلِّ **طائفتهُ** ، وكلُّ **هذه الطوائف تلتقي بعضها مع بعض** ، وهذا بلا شك مما تشملهُ عموم الآية السابقة ﴿وَلَا تَكُونُواْ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا كُلُّ حِزْبِۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾ ...) " مجلة الأصالة " العدد : (١٨) ص : (٧٠ - ٧١) .

واتە : **نەخێر** ، **هیچ بوارێك نىیە بۆ قەدەغە كردنی (كاری بە كۆمەڵ) ئەگەر حزبایەتی لەگەڵدا نەبێت** ، وە (كاری بە كۆمەڵ) چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز دەیگرێتەوە : ﴿وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّـٰدِقِينَ﴾ واتە : لەگەڵ ڕاستگۆیاندا بن ، ﴿وَلَا تَحَٰٓضُّونَ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ﴾ واتە : بێباوەڕەكان هانی یەكتر نادەن لە سەر خواردن دان بە هەژاران ، ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ﴾ واتە : هاوكاری یەكتر بكەن لە

سەر ئەنجامدانی کاری چاکە و لە خوا ترسان و نەکردنی کاری خراپە ، بۆیە وێنەی ئەم کارە بە کۆمەڵە هیچ بوارێك نییە بۆ قەدەغە و ئینکار کردنی بە هیچ جۆرێك ، چونکە ئیسلام ڕاوەستاوە لە سەر هاوکاری کردن ، بەڵام ئەو دیاردەیەی کە لە سەردەمی ئێســـتادا دیارە لایداوە لەم مەبەستە لە هاوکاری کردن لە سەر ئەنجامدانی کاری چاکە و لە خوا ترسان و نەکردنی کاری خراپە : چونکە **زۆرێك لە حـزبـایـەتـــی و دەمارگیری تێکەڵ بووە** ، تا ئەو ئاستەی کە حزبایەتی و دەمارگیری بووەتە شتێکی هەزم کراو و پەسەند و قەبوڵ کراو لای زۆرێك لە بانگەوازکاران وەکو یەکخستن و کۆکردنەوەی خەڵك بە ناوی حزبەوە !!! وە ئێمە دەزانین خوای گەورە و بە توانا **لە زۆرینەی ئایەتەکانی قورئاندا نەهی کردووە و ڕێی نەداوە بە حزبایەتی و دەمارگیری بۆ کۆمەڵێك کە ڕێکخستن و بەرنامەیەکی تایبەتی هەبێت** ، وە ئەگەر ئەم ڕێکخستن و بەرنامەیە ڕێك و بەرامبەر نەبێت لەگەڵ سووننەتدا [واتە بەرنامەکەی پێغەمبەر ﷺ] لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوا **حزبایەتی و داهێنانی حزب لەم ڕۆژگارەدا بووەتە فیرقەیەك** کە پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمانانی لێ ئاگادار کردووەتەوە بۆ ئەوەی دووری لێبگرن لە هەندێك لە فەرموودەکانیدا کە دادەنرێن بە ڕوون کردەوە و وردکەرەوەی نموونەی ئەم ووتەیەی خوای کارپەروەردگاری پایەبەرز کە فەرموویەتی : ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا ۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾ .

واتە : ئەی موسڵمانان ئێوە وەکو هاوبەش بڕیاردەرەکان مەبن ئەوانەی کە دینەکەیان پارچەپارچە کردووە و بوون بە چەند تاقم و حزبێکەوە ، وە هەموو حزبێکیش بە بەرنامە و بۆچوونی خۆی دڵخۆشە .

وە زۆرێتی ئەحزابە بەربڵاوەکان لە جیهانی ئیسلامیدا شاراوە نییە لە سەر هیچ موسڵمانێکی ئەم ڕۆژگارە ، وە **شاراوەش نییە کە هەموو حزبێك بەرنامە و ڕێکخستنی تایبەتی خۆیی هەیە** ، هەروەها ئەم ئەحزابانە دوورەپەرێزن و ڕقیان لە یەکترە بە پێچەوانەی ئەو مەبەستەی کە لە (یەکخستن و کۆمەڵگیری ئیسلامیدا) هەیە ، چونکە هەر حزبێك **بەرنامەی تایبەتی خۆیی** هەیە ، وە **سەرکردەی تایبەتی خۆیی** هەیە ، هەروەها **کۆمەڵ و پەیوەندیدارانی خۆیی** هەیە ، وە هەموو ئەم حزب و کۆمەڵانە هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیاندا یەك ناگرنەوە ، ئەمەش بێگومان گشتێتی

ئایەتەکـەی پێشـوو دەیگرێتـەوە : ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا ۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾ واتە : ئـەی موسڵمانان ئێوە وەکو هاوبەش بڕیاردەرەکـان مـەبن ئەوانەی کە دینەکەیان پارچەپارچە کردووە و بوون بە چەند تاقم و حزبێکەوە ، وە هەموو حزبێکیش بە بەرنامە و بۆچوونی خۆی دڵخۆشە ...

**تـێبـیـنـیـەکـی زۆر گـرنـگ** : لە بەر ئەوەی پرۆگرام و بەرنامە و ڕێبـازی ﴿**ٱلْأَحْزَاب**﴾ لـە لایەن خـواوە نـیـە ، بـەڵکو دەست کـرد و داهێنـراو و داڕێـژراوی سـەرکردە جاهیـل و نـەفام و بـێ عیلمەکانە و بە پـێی بەرژەوەنـدی حـزب و ئـارەزووی کـاکی سـەرکردە و دەروێشـەکانی‌یـەتی بۆیـە دەبیـنین هـەر حزبێـك بەرنامـە و پرۆگـرام و ڕێبـاز و درووشـم و ڕێکخسـتن و لایـەنگر و ئەنـدام و سەرکردەی تایبەتی خۆی هەیـە و جیـاوازە لـە بەرنامـە و پرۆگـرام و ڕێبـاز و درووشـم و ڕێکخسـتن و لایەنگر و ئەندام و سەرکردەی حزبەکانی تر ! ! !

وە هیچ حزبێك لەو حزبە ئیسلامی‌یانە بە بەرنامـە و ڕێکخسـتن و شـێوەی کـاری حزبـەکانی تـر ڕازی نابێت و پێی چاك نیـە ، چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەوا دەبێـت هـەموویان تـەنها یـەك بەرنامـە و پرۆگرام و ڕێباز و درووشم و ڕێکخستن و لایەنگر و ئەندام و سەرکردەیان هەبوایە ! خوای گەورە ئـەم ڕاستی‌یەمان بۆ باس دەکات و فەرموویەتی :

﴿كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾ [الروم] .

**دەبینین خوای دانا و زانا فەرموویـەتی** : ﴿بِمَا **لَدَيْهِمْ** فَرِحُونَ﴾ واتـە : بـەوەی **لای خۆیـان** دڵ خۆشـن .

**وە نەیفەرمووە** : ﴿بِمَا﴾ **لـدینا** ﴿فَرِحُونَ﴾ واتە : بەوەی **لای ئێمە** دڵ خۆش بن ! ! !

ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەیە : ئەو حزبانە بەرنامەکانیان لـە لایـەن خـواوە نـیـە ، بەڵـکو هــ گیرفانـی خۆیانە و دەست کرد و داهێنـراوە .

چونکە بەرنامەی خوا جیاوازی و ئیختیلاف و تەفریقەی تێـدا نـیـە ، وەك خـوای گـەورە خـۆی فەرموویـــەتی : ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَـٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾﴾ [النسـاء]

واتە : ئایا بۆ تێنافکرێن لە قورئان ، وە ئەگەر قورئان لە لایەن غەیری خواوە بهاتبایە ئەوا جیاوازی و ئیختیلافێکی زۆریان تێدا دەبینەیەوە .

جا ئەگەر براودێك بکەیت لە نێوان ئایەتەکەی سورەتی (الروم) و ئایەتەکەی سورەتی (النساء)دا ئەوا زۆر بە جوانی بۆت دەردەکەوێت بۆ چی خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ واتە : بەوەی **لای خۆیان** دڵ خۆشن .

ئەنجا دەشزانین بۆ خوای گەورە حزبایەتی حەرام کردووە چونکە بەرنامەکانیان هی خۆیانە نەك هی خوا بێت ، وە حزبایەتی سیفەتی کافر و بێباوەڕەکانە نەك ئیمانداران ، وە حزبایەتی یەك ڕیزی موسڵمانان پارچەپارچە دەکات و جیاوازی و ئیختیلاف و تەفریقە دەخاتە نێوانیانەوە و دەیانکاتە شوێن کەوتەی ڕێچکە پەرتەوازەکانی بانگەوازکارانی گومڕایەتی و شەیتان ، ئەنجا دەیانبات بەرەو گومڕایەتی و بە هیلاکداچوون و ڕۆیشتنە ناو ئاگری دۆزەخ لە سەرەئەنجامدا !!!

* هەروەها ئافرەتێك بە تەلەفون لە (جەزائیر)ەوە ئەم پرسیارەی کرد لە شێخ (ئەلبانی) ڕەحمەتی خوای لێبێت :

**پرسیار** / (هُناك جماعة من المسلمين لهم أمير قد أعطوهُ بيعةً بالسمع والطاعة ما زالت في طاعة الله عَزَّ وجل ، ولها نفس الأصول التي تقوم عليها جماعة الإخوان ولها الأمير ، ولهذا الأمير سُلطة مُطلقة على الأفراد ، ويُطبقون على بعضهم البعض أصل الولاء والبراء ، ولا يجوزُ لأحدٍ من الأفراد أنْ يقوم بأيِّ عملٍ إلاَّ يستأذن الاستئذان .

**فهل يجوز الانضمام إلى هذه الجماعة ؟ وما حكم هذه الجماعة شرعاً ؟**

واتە : لای ئێمە لە (جەزائیر)دا کۆمەڵە موسڵمانێك هەن ئەمیر و فەرمانڕەوایەکیان هەیە پەیمان بەیعەتیان پێداوە بەوەی گوێی بۆ بگرن و گوێڕایەڵی بکەن تا لە گوێڕایەڵی خوای گەورەدا بێت ، وە ئەم (جەماعەیە) هەمان ئەو بنمایانەیان هەیە کە کۆمەڵ و جەماعەتی ئیخوانی لەسەر بنیات نراوە ، وە ئەمیریان هەیە و ئەم ئەمیرەش دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر تاکەکاندا ، وە هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیاندا بنەمای (دۆستایەتی و دورەپەرێزی) بەسەر یەکتردا جێبەجێ دەکەن ، وە ڕەوا نییە و نابێت هیچ تاکێك هەڵبسێت بە هیچ کردارێك ئیللا دەبێت ڕێپێدان بخوازێت بۆ ئەنجام دانی .

ئایا دروستە بچیتە ریزی ئەم (جەماعەتە) و پەیوەندیان پێوە بکەیت ؟ وە ئایا حوکمی شەرعی ئەم (جەماعەتە) چییە ؟

**وەڵام** / (لا يجوزُ الانضمام إلى جماعةٍ يلتزمون مثل هذه الأحكام التي خصَّها الشارع الحكيم بالإمام الأعلى وهو الخليفة ، أمَّا أميرٌ يُبايَع هُنا وأميرٌ يُبايَعُ عندكم هُناك وهكذا ، ويشترطون ما ذكرت من الطاعة العَمياء ! فهذا ليسَ من الإسلامِ في شيء ، ولا يجوزُ الانضمام إليهم) [مُفرَّغ من إحدى أشرطة "سلسلة الهُدى والنور" رقم : (٣٣٨)].

واتە : دورست نییە پەیوەندی کردن بە (جەماعەتێك)ەوە کە پەیوەست بن بەم ئەحکامانەوە کەوا داڕێژەری شەرعی دانا تایبەتی کردوون بە (گەورە پێشەواوە) کە بریتییە لە (خەلیفە) ، بەڵام ئەمیرێك لێرەوە پەیمانی پێبدرێت و ئەمیرێکی تر لە لای ئێوەوە پەیمانی پێبدرێت و هەروەها بڕوات ! وە ئەو گوێڕایەڵییە کوێرانە بە مەرج دابنێن کە باست کرد ! **ئا ئەمە لە ئیسلامدا نییە لە هیچ شتێکدا** ، وە **دورستیش نییە پەیوەندیان پێوە بکرێت و بچیتە ناو ڕیزیانەوە** .

* **هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا سەبارەت بە بابەتی** (البيعة الحزبية المُبتدعة / **پەیمانی حزبایەتی داهێنراو**)**ەوە شێخ (ئەلبانی) دەربارەی (حزبییەکان) فەرموویەتی** : (وأيضاً ممَّا يفعلونهُ أنَّهم إذا رأوا فرداً من أفراد الحزب أخلَّ ببعض النظام الذي هُم وضعوهُ ! جمَّدوهُ !!! ثُمَّ بعد ذلك إمَّا أنْ يُعيدوهُ إليهم وإمَّا أنْ يفصلوهُ ! أيُّ شيءٍ هذا ؟!!!

هذا معناهُ أنَّهم وضعوا فعلاً كما يفعلُ المُقَنِّنون الذين يضعون من القوانين ما يُخالِفُ الشريعة بزعم أنَّ هذا من مصلحة الشعب ! وهكذا فعلَ **هؤلاء الحزبيون الإسلاميون** : فعلوا بأتباعهم ما يفعلهُ الحُكَّام بشعوبِهم ، يَسِنُّون لَهم من القوانين ما **لَمْ يُنَزِّلِ اللهُ بِهِ سُلطاناً** ، واللهُ المستعان) [الشريط رقم : (٨٩٤ / ب)] .

واتە : **هەروەها لەو کردارانەی کە حزبییەکان دەیکەن ئەگەر ببینن تاکێك لە تاکەکانی حزب کەم و کوڕییەکی نواند دەرحەق بە هەندێك لەو بەرنامەیەی کە خۆیان دایان ناوە ! ئەوا وشکی دەکەن و ڕایدەوەستێنن لە کار کردن لەگەڵیاندا ! ئەنجا دوای ئەوە یان دەیگێڕنەوە بۆ ناو خۆیان وە یان دەری دەکەنە دەرەوەی چوارچێوەی حزبەوە ! ئا ئەمە چییە ؟!!!**

واتە : (....شاراوە نیە لای هیچ موسڵمانێکی شارەزا لە قورئان و سوننە و ئەو بەرنامەیەی کە سەلەفی صاڵحی لەسەر بووە (خوایان لێ ڕازی بێت) کەوا حزبایەتی کردن و کۆبوونەوە لە چەند کۆمەڵێکی جیاواز لە بیروبۆچونیاندا یەکەم شت ، پاشان جیاواز لە بەرنامە و ڕێبازەکانیاندا **ئەمە لە ئیسلامدا نیە** ، بەڵکو خوای گەورە لە زیاتر لە چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆزدا ئەم شتەی قەدەغە کردووە ....) .

{پاشان باسی} فەرموودەکەی (ابن مسعود ﷺ) دەکات کە فەرموویەتی :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەستی خۆی هێڵکی بۆ کێشاین ، پاشان فەرمووی : ئەمە ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورەیە ، پاشان چەند هێڵکی تری کێشا بە لای ڕاست و چەپی هێڵە ڕاستەکەدا ، پاشان فەرمووی : ئەمە ڕێچکە جیاواز و پەرتەوازەکانن ، لەسەر هەر ڕچکەیەکیان شەیتانێکی لەسەرە بانگەوازی خەڵکی بۆ دەکات ، پاشان ئایەتەکەی خوێندەوە کە ئەمە واتاکەیەتی : (ئەمە ڕێگا ڕاستەکەی منە ئێوە شوێنی بکەون و بیگرنەبەر و دەستی پێوە بگرن ، وە

---

ئەمە واتاکەی ئەوەیە ئەوان کرادارێك دەکەن وەك کردەوەی یاسادارێژەرەکان ئەوانەی کەوا هەندێك یاسا دادەنێن کە پێچەوانەی شەریعەتە بە گومانی ئەوە کە ئەمە لە بەرژەوەندی گەلدایە !
هەروەها **ئەو حزبیە ئیسلامیانە وەك ئەوانیان کردووە** : ئەوەیان کردووە بە شوێن کەوتووەکانیان کە حوکم ڕانەکان کردوویانە بە گەلەکانیان ، **هەندێك یاسایان بۆ دادەڕێژن کە خوا هیچ بەڵگەیەکی لەسەر دانەبەزاندووە** ! خواش یارمەتیدەرە .

شـوێنی ئـەو ڕچـکە و ڕێبازانـەی تـر مەکـەون چـونکە پارچەپارچـەتان دەکـات و جیاوازی دەخاتە نێوانتانەوە و لە ڕێگا ڕاستەکەی من لاتان دەدات .

{پاشان شێخ لە واژەی ئەم فەرموودەیەدا فەرمووی } :

**(گومانی تێدا نـیە کە ئەم هێڵە کورتـانە خۆیان دەنـوێنن لـە حـزب و کۆمەڵە جۆراو جۆرە زۆرەکاندا) .**

بۆیە پێویستە لەسەر هەموو موسـڵمانێك بەڕاسـتی لـە (کۆمـەڵی ڕزگـار بـوو بێت ، وە ڕێگا ڕاسـتەکەی خـوای گـەورە بگرێتەبـەر ، وە بـە لای ڕاسـت و چـەپدا نەڕوات ، وە هیچ حزبێکـی سـەرکەوتوو و ڕزگـاربوو نـیـە جگـە لـە (حزبـی خـوا نـەبێت کـە قورئـان بۆمـانی بـاس کـردووە : ﴿أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٢٢﴾ [المجادلة] واتـە : ئاگـادار بـن بـە جـەخت لەسـەر کراویـیـەوە تـەنها حزبـی خـوا سەرکەوتوو و سەرفرازن .

کەواتە هەر حزبێك (حزبی خوا) نـەبێت ئـەوا لـە حزبـی شـەیتانە و لـە حزبـی خوای گەورە نیـیە ....

پاشان ڕەحمەتی خوای لـێبێت باسی ئەو (کۆمـەڵ و حزبانـە دەکـات کـە لـە یـەك وولاتـن و لەگـەڵ ئەمەشـدا هـەر حزبێـك بـە بەرنامـە و ئـیش و کـاری خـۆی دڵخۆشە...

پاشان لە کۆتای وەڵامەکەیدا فەرمووی :

(**ئەم حزبانە : باوەڕمان وانییە کە لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورە بن ،** بەڵکو یەکلای دەکەینەوە و بە دڵنیاییەوە دەڵێین : **کە لەسەر ئەو ڕێچکانەن کە لەسەر هەر ڕێچکەیەکیان شەیتانێك هەیە بانگەوازی بۆ دەکات** ...) .

**هەروەها** شێخی ئیسلام و زانا و فەرموودەناسی سەردەم ئیمامی (ئەلبانی) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت لە نێو کتێبە زۆر بە نرخەکەیدا "سلسلة الأحاديث الصحيحة" فەرموودەکەی (حُذيفة)ی بە تەواوی باس کردووە لە ژێر ئەم ناونیشانەدا :

## لا فِرَقَ ولا أحزابَ في الإسلام
## وإنّما جَماعةٌ وخليفة

عَنْ حُذَيْفَةَ بْنِ الْيَمَانِ (رضي الله عنه) قَالَ : ((كَانَ النَّاسُ يَسْأَلُونَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْخَيْرِ ، وَكُنْتُ أَسْأَلُهُ عَنِ الشَّرِّ ، مَخَافَةَ أَنْ يُدْرِكَنِي:

. فَقُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كُنَّا فِي جَاهِلِيَّةٍ وَشَرٍّ ، فَجَاءَنَا اللَّهُ بِهَذَا الْخَيْرِ [فَنَحْنُ فِيهِ] ، [وَجَاءَ بِكَ] ، فَهَلْ بَعْدَ هَذَا الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ [كَمَا كَانَ قَبْلَهُ] ؟

[. قَالَ : يَا حُذَيْفَةُ تَعَلَّمْ كِتَابَ اللَّهِ وَاتَّبِعْ مَا فِيهِ ، (ثَلَاثَ مَرَّاتٍ).

ـ قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ أَبَعْدَ هَذا الْخَيْرِ شَرٌّ ؟].

ـ قَالَ : نَعَمْ.

[ قُلْتُ : فَمَا الْعِصْمَةُ مِنْهُ ؟

ـ قَالَ : السَّيْفُ].

ـ قُلْتُ : وَهَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الشَّرِّ مِنْ خَيْرٍ ؟ (وفي طريقٍ : قُلْتُ : وَهَلْ بَعْدَ السَّيْفِ بَقِيَّةٌ ؟).

ـ قَالَ : نَعَمْ ، وَفِيهِ (وفي طريقٍ : تَكُونُ إِمَارَةٌ (وفي لفظٍ : جَمَاعَةٌ) عَلَى أَقْذَاءٍ ، وَهُدْنَةٌ عَلَى) دَخَنٌ.

ـ قُلْتُ : وَمَا دَخَنُهُ ؟

ـ قَالَ : قَوْمٌ (وفي طريقٍ أخرى : يَكُونُ بَعْدِي أَئِمَّةٌ) [يَسْتَنُّونَ بِغَيْرِ سُنَّتِي وَ] يَهْدُونَ بِغَيْرِ هَدْيِي ، تَعْرِفُ مِنْهُمْ وَتُنْكِرُ ، [وَسَيَقُومُ فِيهِمْ رِجَالٌ قُلُوبُهُمْ قُلُوبُ الشَّيَاطِينِ فِي جُثْمَانِ الْإِنْسِ].

(وفي أخرى : الْهُدْنَةُ عَلَى دَخَنٍ مَا هِيَ ؟

قال : لاَ تَرْجِعُ قُلُوبُ أَقْوَامٍ عَلَى الَّذِي كَانَتْ عَلَيْهِ).

ـ قُلْتُ : فَهَلْ بَعْدَ ذَلِكَ الْخَيْرِ مِنْ شَرٍّ ؟

ـ قَالَ : نَعَمْ ، [فِتْنَةٌ عَمْيَاءُ صَمَّاءُ عَلَيْهَا] **دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ** ، **مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فِيهَا .**[16]

ـ قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ صِفْهُمْ لَنَا ؟

ـ قَالَ : هُمْ مِنْ جِلْدَتِنَا ، وَيَتَكَلَّمُونَ بِأَلْسِنَتِنَا.

ـ قُلْتُ : [يَا رَسُولَ اللَّهِ] فَمَا تَأْمُرُنِي إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ ؟

ـ قَالَ : **تَلْزَمُ جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ وَإِمَامَهُمْ** ، [تَسْمَعُ وَتُطِيعُ لِلأَمِيرِ وَإِنْ ضُرِبَ ظَهْرُكَ وَأُخِذَ مَالُكَ ، فَاسْمَعْ وَأَطِعْ].

ـ قُلْتُ : **فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلاَ إِمَامٌ** ؟

ـ قَالَ : **فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا** ، وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ بِأَصْلِ شَجَرَةٍ ، حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ ، وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ.

(وفي طريقٍ : فَإِنْ تَمُتْ يَا حُذَيْفَةُ وَأَنْتَ عَاضٌّ عَلَى جِذْلٍ خَيْرٌ لَكَ مِنْ أَنْ تَتَّبِعَ أَحَدًا مِنْهُمْ").

---

(١٦) له ڕیوایەتێکی تری ئەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : " ثُمَّ تكونُ دُعاةُ ضلالة ..." [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٧٩١)] ، واتە : ئەنجا بانگەوازکارانی گومڕایەتی دێن ! ! ! بڕوانە پەراوێزی ژمارە : (١٩) .

(وفي أخرى : فَإِنْ رَأَيْتَ يَوْمَئِذٍ لِلَّهِ عَزَّ وَجَلَّ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً فَالْزَمْهُ وَإِنْ ضَرَبَ ظَهْرَكَ وَأَخَذَ مَالَكَ ، فَإِنْ لَمْ تَرَ خَلِيفَةً فَاهْرَبْ [فِي الأَرْضِ] حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ وَأَنْتَ عَاضٌّ عَلَى جِذْلِ شَجَرَةٍ).

ـ [قَالَ : قُلْتُ : ثُمَّ مَاذَا ؟

ـ قَالَ : " ثُمَّ يَخْرُجُ الدَّجَّالُ. "

ـ قَالَ : قُلْتُ : فِيمَ يَجِيءُ ؟

ـ قَالَ : " بِنَهَرٍ ـ أَوْ قَالَ : مَاءٍ ـ وَنَارٍ ، فَمَنْ دَخَلَ نَهْرَهُ حُطَّ أَجْرُهُ وَوَجَبَ وِزْرُهُ ، وَمَنْ دَخَلَ نَارَهُ وَجَبَ أَجْرُهُ وَحُطَّ وِزْرُهُ. "

ـ [قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ : فَمَا بَعْدَ الدَّجَّالُ ؟

ـ قَالَ : "عِيسَى بن مَرْيَم. "

ـ قَالَ : قُلْتُ : ثُمَّ مَاذَا ؟

ـ قَالَ : لَوْ أَنْتَجْتَ فَرَسَاً لَمْ تَرَكَبْ فَلُوَّهَا حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ))[١٧].

**واتە : خەڵكی پرسیاریان دەكرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی خێر و چاكە ، بەڵام من پرسیاری شەڕ و خراپەم لێی دەكرد لە ترسی ئەوەی نەوەك**

---

(١٧) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٧٣٩) (٦ / ٥٣٩ ـ ٥٤١) ، وانظر تخريج الحديث والكلام على فوائده وزياداته : (٥٤١ ـ ٥٤٦) .

پێم بگات ، بۆیە وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لە ناو نەفامی و شەڕ و خراپەدا بووین ئەنجا خوا ئەم خێرەی هێنا و ئێمەش تێیداین و تۆشی هێنا بۆمان ، ئایا دواى ئەم خێرە شەڕ و خراپە هەیە وەك چۆن لە پێشەوەیدا هەبوو ؟

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : ئەی (حُذيفة) فێری كتێبەكەی خوا ببە و شوێنی ئەوەش بكەوە كە تێیدایە (سێ جار) .

وتم : ئەی پێغەمبەری خوا ئایا دوای ئەم خێرە شەڕ و خراپە هەیە ؟

فەرمووی : بەڵێ .

وتم : چی دەتپارێزێت لێی ؟

فەرمووی : شمشێر .

وتم : وە ئایا دوای ئەو شەڕ و خراپەیە خێر و چاكە هەیە ، (لە ڕێگایەكی تردا هاتووە : وتم : ئایا دوای شمشێرەكە ئیسلام و خێر دەمێنێت) ؟

فەرمووی : بەڵێ ، بەلأم لە ناویدا (لە ڕێگایەكی تردا : فەرمانڕەوایەیەك دەبێت (لە لەفزێكی تردا : كۆبونەوەیەك دەبێت لە سەر خەڵتە و كپبوونەوەیەك لە سەر) ڕق و قین دەبێت .

وتم : ئەی خەڵتەكەی چیە ؟

فەرمووی : خەڵكانێك دەبێت (لە ڕێگایەكی تردا : دوای من پێشەوایانێك دەبێت) لە سەر بەرنامە و ئاكاری من ناڕۆن ، چاكە و خراپەشیان لێ‌دەبینیت ، [وە پیاوانێك لە ناویاندا ڕاست دەبێتەوە دڵەكانیان دڵی شەیتانەكانە لە ناو لەشی مرۆڤدا] .

(وە لە ڕێگایەكی تردا : وتم : كپبوونەوە لە سەر ڕق و قین و ناپاكی چی‌یە ؟

فەرمووی : دڵی خەڵكانێك ناگەڕێتەوە سەر ئەو حاڵەتەی كە پێشتر لە سەری بووە) .

وتم : ئایا دوای ئەو خێرە شەڕ هەیە ؟

فەرمووی : بەڵێ ، فیتنە و ئاشوبێكی كوێر و كەڕ دەبێت ، بە سەریەوەتی **بانگەوازكارانێك كە لە سەر دەرگاكانی دۆزەخ ڕاوەستاون ، هەركەسێك وەڵامیان بداتەوە ئەوا فڕێی دەدەنە ناویەوە .**

وتم : ئەی پێغەمبەری خوا وەسفیان بكە بۆمان ؟

فەرمووی : ئەوانە لە پێستی خۆماندان و بە زمانی خۆمان قسە دەكەن.

وتم : ئەی پێغەمبەری خوا بە چ شتێك فەرمانم پێ دەكەیت ئەگەر گەیشتین بەو سەردەمە ؟

فەرمووی : **پەیوەست ببە بە کۆمەڵی موسڵمانان و پێشـەواکەیانەوە** ، [گوێ گر بە و گوێ ڕایەڵی فەرمانبەرەکەت بکە ئەگەر دراش لە پشتت و پارە و ماڵەکەشت برا ، هەر گوێ گر و گوێ ڕایەڵ بە] .

وتم : **ئەی ئەگەر موسڵمانان نە کۆمەڵیان هەبوو نە پێشەوا** ؟

فەرمووی : **دوور بگرە لە هەموو ئەو فیرقانەی ئەو سەردەمە** ، ئەگەر بە قەپ گرتنشت بێت بە ڕەگی درەختێکدا تاوەکو مردن پێت دەگات تۆ هەر لە سەر ئەوە بە .

(وە لە ڕێگایەکی تردا) : ئەگەر تۆ بمریت ئەی (حُذيفة) وە تۆ قەپت گرتبێت لە دارێك **ئەوا باشترە بۆت لەوەی شوێنی هیچ یەکێك لەوانە بکەویت** .

(وە لە ڕێگایەکی تردا) : ئەگەر تۆ لەو ڕۆژەدا (خەلیفە)یەکی خوای گەورەت بینی لە زەویدا ئەوا پەیوەست ببە پێیەوە ئەگەر دەیشیدا لە پشتت و ماڵکەشتی دەبرد ، **وە ئەگەر ( خەلیفەت ) نەبینی ئەوا ڕابکە بە سەر زەویدا تاوەکو مردن پێت دەگات وە تۆ قەپت گرتووە بە ڕەگی دارێکەوە.**

وتم : ئەنجا چی دەبێت ؟

فەرمووی : ئەنجا دەججال دەردەچێت[١٨].

---

[١٨] **تێبینییەکی زۆر گرنگ :** دەججال لە ناو مۆڵگە و حەشارگە و مەعسکەراتی خەوارجەکانەوە دەردەچێت و هەموو ئەهلی بیدەع و هەوا و ئارەزوویش شوێنی دەکەون !

بەڵگەش لە سەر ئەو فەرموودەیەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە باسی (خوارج)دا فەرموویەتی : "يَخْرُجُ فِي أَعْرَاضِهِمْ الدَّجَّالُ" [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٤٥٥)] .

واتە : دەججال لە ناو سوپا گەورەکانی (خەوارج)ەوە دەردەچێت .

وە (محمد بن سيرين / ١١٠ هـ) فەرموویەتی : (لو خرجَ الدجَّالُ لرأيتَ أنَّهُ سيتبَعْهُ أهل الأهواء) [شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة رقم : (٢٣٥)].

واتە : ئەگەر دەججال دەرکەوت ئەوا دەبینیت ئەهلی هەوا و ئارەزوو شوێنی دەکەون .

ئەمەش لەبەر ئەوەیە چونکە دەججال شوبوهاتی زۆری پێیە ، وە لە بەر ئەوەی (ئەهلی بیدەع و حزبایەتی) (ئەهلی شوبوهات و هەوا و ئارەزوون) بۆیە هەموویان دەبن بە شوێنکەوتەی دەججال .

بەڵگەش لە سەر ئەمە : عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ : (ﷺ) : "مَنْ سَمِعَ مِنْكُمْ بِالدَّجَّالِ فَلْيَنْأَ عَنْهُ مَا اسْتَطَاعَ ، فَإِنَّ الرَّجُلَ يَأْتِيهِ وَهْوَ يَحْسِبُ أَنَّهُ مُؤْمِنٌ **فَمَا يَزَالُ بِهِ حَتَّى يَتْبَعَهُ لِمَا يَرَى مَعَهُ مِنَ الشُّبُهَاتِ**" [صحيح سنن أبي داود رقم : (٤٣١٩) وغيره ، واقرأ تعليقاً مفيداً لابن بَطة العُكبُري على هذا الحديث في كتابه :" الإبانة عن أصول الديانة" : (٢ / ٤٤٨) ] .

واتە : هەر کەسێك لە ئێوە دەرچوونی دەججالی بیست ئەوا با تا لە توانایدا هەیە لێی دوور بکەوێتەوە ، چونکە پیاوی وا هەیە دەڕوات بۆ لای دەججال و خۆشی بە ئیماندار دەژمێرێت بەڵام دەججال بەردەوام هەوڵی لەگەڵدا دەدات تاوەکو شوێنی دەکەوێت لەبەر ئەو شوبهانەی کە دەبینێت لە دەججالەوە .

بەڵام بە پێچەوانەشەوە : ئەوانەی کە دژ بە دەججال و شوێنکەوتوانی جیهاد دەکەن و دەجەنگن لە پێناوی خوادا بریتین لە (**الطائفة المنصورة والفرقة الناجية والجماعة**

**الظـاهرة)** کـە بـەردەوام بەرامبـەر (ئـەهلی شـوبهات) وەسـتاون و بەرپەرچيان دەدەنـەوە و شوبهەکانيان هەڵدەوەشێننەوە تاوەکو دواين کەسيان لەگەڵ دەججالدا دەجەنگن و جيهادی لەگەڵدا دەکەن وەك لەم فەرموودەيەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموويەتی : "لاَ تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى الْحَقِّ ، ظَاهِرِينَ عَلَى مَنْ نَاوَأَهُمْ ، **حَتَّى يُقَاتِلَ آخِـرُهُمُ الْمَسِيحَ الـدَّجَّالَ**" [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٩٥٩)] .

**واتە : بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم دەجەنگن لە سەر حەق ، سەرکەوتون بە سەر ئەوانەی کە دژايەتيان دەکەن ، هەتاوەکو دواين ترين کەسيان دەجەنگێت لەگەڵ مەسيحی دەججالدا .**

* **فـائـدة :** عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ : ((يَنْشَأُ نَشْءٌ يَقْرَؤُونَ الْقُرْآنَ لاَ يُجَاوِزُ تَرَاقِيَهُمْ ، كُلَّمَا خَرَجَ قَرْنٌ قُطِعَ ، **حَتَّى يَخْرُجَ فِـي أَعْرَاضِـهِمْ الـدَّجَّالُ**)) [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٤٥٥) (باب : **استمرار خـروج الـخوارج**)] ، وقال الإمام الألباني : (قوله : "أَعْرَاضِهِمْ" : جَمْع عَرْض بِفَتْحِ فَسُكُون بِمَعْنَى الْجَيْش الْعَظِيم) [السلسلة : (٥ / ٥٨٢)] .

وقال : (وله شاهد من حديث عبد الله بن عمرو مرفوعاً بلفظ : ((سَيَخْرُجُ أُنَاسٌ مِنْ أُمَّتِي مِنْ قِبَلِ الْمَشْرِقِ يَقْرَؤُونَ الْقُرْآنَ لاَ يُجَاوِزُ تَرَاقِيَهُمْ ، كُلَّمَا خَرَجَ مِنْهُمْ قَرْنٌ قُطِعَ ، كُلَّمَا خَرَجَ مِنْهُمْ قَرْنٌ قُطِعَ . حَتَّى عَدَّهَا زِيَادَةً عَلَى عَشْرِ مَرَّاتٍ . [وفي رواية : عِشْرِينَ مَرَّةً] ، كُلَّمَا خَرَجَ مِنْهُمْ قَرْنٌ قُطِعَ **حَتَّـى يَخْـرُجَ الـدَّجَّالُ فِـي بَقِيَّـتِهِمْ**)) [أخرجه أحمد رقم : (٦٨٧١) وانظر : السلسلة : (٥ / ٥٨٣)] .

(وقوله : "كُلَّمَا خَرَجَ قَـرْنٌ قُطِـعَ ... الـخ" أي أهلك ودمر ... فالـمراد منه والله أعلم : أنَّ أهل الحق يقاتلونهم ويقطعون دابرهم أكثر من عشرين مرة في كل قرن ، ومع ذلك يبقى منهم فرقة حتى يَخرج في عِراضهم ومواجهتهم الدجال ، الحاصل **أنَّ أهل الأهواء وإن قاتلهم أهل الحق في قرن واحد أكثر من عشرين مرة لا يتركون أهواءهم**) [شرح سنن ابن ماجه للسيوطي : (١٦)] .

والدليل على أنَّ أواخر الطائفة المنصورة والفرقة الناجية يقاتلون الدجال وأتباعه من أهل الأهواء والبدع والشبهات هو قوله (ﷺ) في إحدى روايات حديث (الطائفة المنصورة) : ((لاَ تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ

وتم : ئەی چی دێنێت و چی پێیە ؟

فەرمووی : ڕووبار ـ یان فەرمووی : ئاو ـ و ئاگر دێنێت ، جا هەر کەسێك بچێتە ناو ڕووبارەکەیەوە ئەوا پاداشتەکانی پوچەڵ دەبێتەوە و تاوانی خۆی مسۆگر دەکات ، وە هەر کەسێکیش بچێتە ناو ئاگرەکەیەوە ئەوا پاداشتی خۆی مسۆگر دەکات و تاوانەکانی هەڵدەوەشێتەوە .

وتم : ئەی پێغەمبەری خوا باشە دوای دەجال چی دێت ؟

فەرمووی : (عیسی بن مریم) .

وتم : ئەنجا چی ڕوو دەدات ؟

فەرمووی : ئەگەر ماینەکەت بزێت ئەوا ناگەیتە سواربوونی بەچکەکەی و قیامەت هەڵدەسێت .

وە شێخ (ئەلبانی) دوای ئەم فەرموودەیەی (حُذيفة) فەرموویەتی :

---

عَلَى الْحَقِّ ، ظَاهِرِينَ عَلَى مَنْ نَاوَأَهُمْ ، **حَتَّى يُقَاتِلَ آخِرُهُمُ الْمَسِيحَ الدَّجَّالَ**)) [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٩٥٩)] .

وقائدُ الطائفة المنصورة يومئذٍ هو المهدي مع عيسى بن مريم (عليه السلام) الذي يقتل الدجال كما جاء في روايةٍ أخرى : ((لاَ تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى الْحَقِّ ، ظَاهِرِينَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ، قَالَ : فَيَنْزِلُ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ فَيَقُولُ أَمِيرُهُمْ [أي المهدي] : تَعَالَ صَلِّ لَنَا ، فَيَقُولُ : لاَ إِنَّ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ أُمَرَاءُ ، تَكْرِمَةَ اللَّهِ هَذِهِ الأُمَّةَ)) [صحيح مسلم رقم : (١٥٦)] .

قلتُ : هذا حديثٌ عظيمُ الشأنِ من أعلامِ نبوتهِ ونصحهِ لأمتهِ (ﷺ) ، **ما أحوجَ المسلمينَ إليهِ للخلاصِ من الفُرقةِ والحزبيةِ** التي فرَّقَتْ جمعَهم وشتَّتَتْ شملَهم وأذهبَتْ شوكتَهم ، فكان ذلك من أسبابِ تمكُّنِ العدوِ منهم ، مِصداقَ قولهِ تباركَ وتعالى : ﴿وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡ ﴿٤٦﴾﴾ [الأنفال].

وقد جاء مُطولاً ومُختصراً من طُرُقٍ ، جمعْتُ هُنا فوائدَها وضممتُ إليهِ زوائدَها في أماكنِها المناسبة للسياق ، وهو للإمام البخاري في "كتاب الفتن")[١٩].

---

(١٩) سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٦ / ٥٤١) .

* **فائدة :** بوَّب الإمام البخاري رحمهُ الله لهذا الحديث بقولِهِ : **(بابُ كيفَ الأمرُ إذا لمْ تكنْ جماعة)** .

قال الحافظ ابن حجر مُوضحاً مراد البخاري :

(والمعنى **ما الذي يفعل المسلم في حال الاختلاف من قَبلِ أنْ يقع الإجماع على خليفة**) ["فتح الباري شرح صحيح البخاري" : (١٣ / ٤٥)] .

=

* **غريب الحديث :**

ـ المراد بالشرِّ الذي وقع بعد مجيءِ الإسلام : ردةُ مَنْ ارتدَّ من العرب وامتناع مَنْ امتنع عن أداء الزكاة في خلافة (أبو بكر الصديق ﷺ).

ـ السيف : أي تحصل العصمةُ باستعمال السيف مع الخليفة الراشد ضد المرتدين ومانعي الزكاة .

ـ " دعاةٌ " : أي إلى غير الحق ، وقد جاء في روايةٍ أخرى : "دعاةُ ضلالةٍ " ، وقد قال اللهُ تعالى : ﴿فَمَاذَا بَعۡدَ ٱلۡحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُ ﴿٣٢﴾﴾ [يونس] .

ـ "عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ" : قال الحافظ : (أَطْلَقَ عَلَيْهِمْ ذَلِكَ بِاعْتِبَارِ مَا يَئُولُ إِلَيْهِ حَالُهُمْ) [الفتح : (١٣ / ٤٦)]

، قلتُ : وذلك لأنَّهم " دعاةُ ضلالةٍ " وقد قال النبي (ﷺ) : " وكُلَّ ضلالةٍ في النار" ، وقال الحافظ أيضاً :

(وَالْمُرَادُ بِالدُّعَاةِ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ : **مَنْ قَامَ فِي طَلَبِ الْمُلْكِ مِنَ الْخَوَارِجِ وَغَيْرِهِمْ**) [الفتح : (١٣ / ٤٦] ، قلتُ : ما أشبهُ اليوم بالبارحة فدعاةُ الحزبية والخروج والتكفير من الإخوانيين والسروريين والقطبيين وغيرهم في هذا العصر أقاموا الدنيا وأقعدوها بزعم مواجهة شرك القصور وإقامة الدولة والوصول إلى السلطة .

ومصداق هذا التفسير جاء في (حديث الفرق) : "كُلُّها في النار إلاَّ واحدة ، قالوا من هي يا رسول الله ؟ قال : الجماعة" ، فـ(الفرقُ الضالَّة وعلى رأسهم دعاةُ الضلالة) كلُّهم متوعدونَ بالنار بخلاف (الجماعة الناجية وعلى رأسهم دعاة الْهداية وهم أهل العلم) ، وقد فسَّر الإمام البخاري والترمذي وغير واحدٍ من السلف "الجماعة" بـ(أهل العلم والحديث والفقه) وقال الإمام الطبري : (وقال قومٌ من العلماء : المراد بهم أهل العلم لأنَّ اللهَ جعلهم حُجَّةً على الخلق والناسُ تَبَعٌ لهم في أمر الدين) [الفتح : (١٣ / ٤٧)] ، وانظر ص : (١٥٤ - ١٥٦) من هذا الكتاب .

فأهلُ العلم : دعاةٌ إلى الحق وهُم (دعاةُ هِدايةٍ) على أبواب الجنَّة ، فمَنْ رجعَ إليهم وسلك طريقهم فيؤولُ حالهُ إلى الجنَّة وقد قال النبي (ﷺ) : "مَنْ سلكَ طريقاً يلتمسُ فيهِ علماً سهَّلَ اللهُ لهُ بِهِ طريقاً إلى الجنَّة" [صحيح سنن ابن ماجه رقم : (٢٢٣) وصحيح الترغيب والترهيب رقم : (٦٩)] ، وانظر " مُلحق هذا الكتاب " ص : (٢٠٠) وما بعدها .

- قوله : "وأنت **عاضٌ** على جِذْلٍ" : الجِذْل : عودٌ يُنصب لتحتك بِهِ الإبل .

قلتُ : وهذا الأمر بـ(**عَضّ** جِذْلِ شجرةٍ) ليس ظاهرهُ المراد ، وإنَّما معناهُ : الثباتُ والصبر على الحق واتباع سبيل المؤمنين والتزام سنة النبي (ﷺ) وسنة خلفائهِ الراشدين واجتناب البدع ومُحدثات الأمور وسؤال دعاة الهداية وسلوك الصراط المستقيم ... وكُلُّ ذلك مع اعتزال فِرَقِ الضلالة وأحزاب الفُرقة التي انحرفتْ عن الخط المستقيم وسلكتْ سُبُلَ الشيطان واتبعتْ دعاةَ الضلالة .

والدليل على هذا : هو قول النبي (ﷺ) في حديث العرباض بن سارية : "فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين **عَضُّوا** عليها بالنواجذ ، وإياكم ومُحدثات الأمور ، فإنَّ كلَّ مُحدثةٍ بدعة ، [وكلَّ بدعةٍ ضلالة] وكُلَّ ضلالةٍ في النار" .

ففي حديث حُذيفة أمرهُ النبي (ﷺ) أنْ يَعَضَّ على أصل شجرةٍ عند ظهور الاختلاف مُعتزلاً فِرَقَ الضلالة وأحزاب الفُرقة .

واتــە : دەڵـێم : ئەمــە فەرموودەیــەکی پلەوپایــە گەورەیــە و یەکێکــە لــە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر (ﷺ) و ئامۆژگارییەکیشە بۆ ئەممەتەکەی .

**ئاخۆ موسڵمانان چەندێك پێویستیان بـەم فەرموودەیـە هەیـە بـۆ ڕزگـار بوونیـان لـە پارچە پارچـەگەرێتی و حزبایـەتی** کـەوا یـەك ڕیـزی موسـڵمانانی پارچەپارچـە کـردووە و شـیرازەیانی پەرتـەوازە کـردووە و توانـا و هێزیـانی نەهێشـتوە ، وە ئەمـەش بۆتـە هۆیـەك لـە هۆکارەکـانی زاڵ بـوونی دوژمنـان بـە سەریانەوە و ڕاستێتی ئەم فەرموودەیەی خـوای کـار پـڕ بەرەکـەت و پایـە بـەرزی

---

وفي حديث العرباض أمرَهُ النبي (ﷺ) وغيرَهُ أنْ يَعَضّوا بالنواجذ على السنة النبوية بفهم سادات السلف الصالح عند ظهور الاختلاف مُبتعداً عن المُحدثات والبدع لأنّها ضلالة .

فإذا جمعنا بين الحديثين نستنتجُ أصلاً من أصول المنهج السلفي وهو : **التـزامُ السنـة النبوية بفهم السلف الصالـح عند غياب جـماعة الـمسلمين ذات الإمـام الواحـد** .. **عنـدما يظهر الاخـتلاف ودعاة الضلالة وفِرَق الـهلاك** .

فالواجب على مَنْ يُرِيدُ النجاةَ لنفسهِ حينئذٍ :

أنْ يَمُدَّ يدَهُ إلى الجماعة الناجية والطائفة المنصورة الظاهرة التي اتبعت الصراط المستقيم وأحاطتْ المحجة البيضاء التي لا يزيغُ ولا ينحرفُ عنها إلاَّ ضالٌّ هالك .

هذه الفرقة الناجية والطائفة المنصورة والجماعة الظاهرة التي لا تزالُ قائمةٌ بأمر الله : ظاهرةٌ على الحق حتَّى يُقاتِلَ آخرُهم الدجالَ وأتباعَهُ من أهل الأهواء .

وللوقوف على مصادر هذه الفوائد انظر : "فتح الباري" : (١٣/ ٤٥ ـ ٤٧) و "سلسلة الأحاديث الصحيحة" : (٦ / ٥٤٥ ـ ٥٤٦) و "لماذا اخترتُ المنهج السلفي" للشيخ سليم الهلالي ص : (١٣ـ٢٨) .

جێبەجێ بووە : ﴿وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡ ﴿٤٦﴾﴾ [الأنفال] واتە : ناکۆك و جیاوازکار مەبن چونکە هەرەس دێنن و دەڕوخێن و هێز و تواناتان دەڕوات ...

ئەنجا شێخ (ئەلبانی) لە لێکدانەوەی فەرموودەکەدا وتە بەنرخەکەی ئیمامی (الطبري / ٢٢٤ ـ ٣١٠ هـ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی :

(وفي الحديث : أنَّهُ متى لم يكن للناس إمامٌ **فافترق الناس أحزاباً ، فلا يُتبع أحداً في الفُرقة ويُعتزَل الجميع** إنْ استطاعَ ذلك ، خشيةً من الوقوع في الشرّ.)...

واتە : ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە کە :

هەر کاتێك **خەڵکی پێشەوایان نەبوو** ، وە **دابەش بوو بوون بۆ چەند حزبێك** ، ئەوا **نابێت لەم پارچە پارچەگەرێتییەدا شوێنی هیچ کەسیك بکەوێت** بەڵکو ئەگەر توانرا **دەبێت** خۆت **لە هەموویان بە دوور بگریت** ، لە ترسی **کەوتنە ناو شەڕ و خراپەوە** ....

**پرسیاری دووەم** / وقد سُئِلَ الشيخ الألباني رحمهُ الله عن حديث حُذيفة (رضي الله عنه) هذا : (هل ينطبق هذا الحديث على واقعنا المعاصر) ؟

واتە : پرسیارکرا لە شێخ (ئەلبانی) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەربارەی فەرموودەکەی (حُذيفة) خوای لێ ڕازی بێت ئایا جێبەجێ دەبێت بە سەر ڕۆژگاری ئەم سەردەمەدا ؟

وەڵام / شێخ (ئەلبانی) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر گرنگەدا فەرموویەتی :

(**نعم ، لا شَكَّ أنَّ هذا الحديث ينطبق تمام الانطباق على كُلِّ فِرقةٍ وجماعةٍ أو حزبٍ** تتكتَّل بعضها على بعضٍ ولا تتعامل مع الجماعات الإسلامية الأخرى على ما أمر اللهُ عزَّ وجل بهِ من الإخوة الإسلامية الصادقة وبخاصة إذا ما اقترن **بهذه الجماعات أو هذه الفِرَق** مُبايعات يُبايَع لكُلِّ طائفةٍ منها أميرٌ يُطاعُ كما يُطاع الإمام الأعظم الذي يَجِبُ أنْ يُبايَع من جماهير المسلمين ...

**الآن هذه الأحزاب وهذه الجماعات** تَسَلَقَتْ وأخذَتْ مرتبة الإمام الأعظم الذي يُبايَع من كُلِّ المسلمين ! ومن هُنا تزدادُ الفُرقة ويزداد الخِلاف بين المسلمين ، لأنَّ أميرَ هذه الجماعة يأمر بخِلاف ما يأمر به أمير تلك الجماعة ! وهكذا **تزدادُ الفُرقة بين المسلمين بسبب ما يُسمونَهُ اليوم التنظيم** وبسبب ما يُسمونهُ بالتأمير المؤقت ولكن يُرتبونَ عليهِ الأحكام المتعلقة بالأمير الذي هو الإمام .

وأنا أضربُ لكم مثلاً يُبيِّنُ لكم الأثر السيء الذي يَزيدُ الخِلافَ خِلافاً والفُرقةَ فُرقةً : هُنا في الأردن يوجد ـ كما تعلمون ـ جماعة **الإخوان المسلمين** : فأصدروا قراراً بمُقاطعة الألباني ومُقاطعة دروسهِ هُنا ، وفعلاً كُنَّا نرى أثر هذه المُقاطعة حينما يَمُرُّ أحدنا بمَنْ كان إذا مَرَّ بِهِ أخٌ من **الإخوان المسلمين** بادرَهُ بالسلام ، أمَّا بعد القرار فيَزوَرُّ عنهُ وينحرفُ عنهُ ويعرضُ عنهُ ! لماذا ؟

لأنَّ القيادة اتخذتْ هذا القرار فيَجِبُ إطاعتها ولو ليس هُناك سبب !

كُلُّ السبب هو : أنَّ الألباني **يدعو إلى الكتاب والسنة وعلى منهج السلف الصالح** ، **وهذه الدعوة بلا شك تؤثِّرُ على بعض أفراد الجماعة** ، وفعلاً هذا الشيء وقعَ ، وأنذروا بعضهم وبعد ذلك **جَمَّدوهم ثُمَّ فصَّلوهم** ! لماذا ؟

لأنَّهم طلبوا منهم أنْ لا يحضروا دروس الألباني ، قالوا : يا جماعة هذا الطلب أمرٌ عجيبٌ جداً ! **الألباني** أولاً **لا يُكَتِّلُ حِزباً حتَّى يُضارَّ بحزبكم إنَّما هو يدعو إلى اتباع الكتاب والسُّنَّة** ، وثانياً نحنُ نستفيدُ من دروسهِ ما لا نستفيدُ في مُحاضراتكم ! فلماذا تأمروننا بأنْ لا نحضرَ جلسات هذا الرجل ؟!

قالوا : وِلائان لا يُمكن : إمَّا الولاءُ يكونُ لنا أو للشيخ ... سبحانَ الله !! ولذلك فأنذروهم ستة أشهر : إمَّا معنا وإمَّا مع الشيخ !!!

قالوا : لا نرى نحنُ مُعارضةً بين أنْ نكون معكم كـ(**إخوان مسلمين**) وبين أنْ نستفيد من دروس الشيخ ، قالوا : لا ، بعد ستة أشهر دعوهم [وقالوا لهم] : أيُّ شَيءٍ تَعيَّنَ لكم ؟ قالوا : واللهِ نَحنُ الفائدة التي نستفيدُها من دروس الشيخ ما استفدناها كل السنين التي انتمينا إليكم ! ففصلوهُم !!!

هذا أثرٌ مِنْ آثار **هذه الفِرَق التي أمر النبي** (ﷺ) **باعتزالها كُلِّها** .

ولذلك **فضَرَرُ هذا التكَتُّل الحزبي** لو لَمْ نلمسْهُ لَمْسَ اليَد **لكَفَى دليلاً لمُخالفتها للشرع مثل هذا الحديث ومثل الآية الكريمة** : ﴿وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾ ...

لهذا فالحديث **حديثُ حُذيفة هذا** ـ المُتفق على صحتهِ ـ **يَنطبِقُ تَماماً على كُلِّ الأحزاب** التي تتقوقع ـ هذه عبارةٌ مُناسبة لهؤلاء ـ يتكتلون بعضهم على بعض وكأنَّهم هُم المسلمون ولا شيءَ آخر !

لذلك نحنُ نقول : هذا الواقع ـ والواقع يشهد ـ لهذه الحقيقة التي نقولها بكُلِّ صراحة نقول :

**الدعوة الإسلامية الصحيحة ـ وليستْ هي إلاَّ الدعوة السلفية** ـ تتسعُ لِكُلِّ أفراد المسلمين وتسعُهم ولا عكس .

**ولا يوجَدُ هُناك جماعة لا حزب التحرير ولا جماعة الإخوان المسلمين ولا جماعة التبليغ** تتسعُ لِكُلِّ أفراد المسلمين .

ذلكَ **لأنَّ منهجُنا** منهج الكتاب والسنة وعلى منهج السلف ال□الح .

ولا يُمكن لمُسلمٍ أنْ يتجَرَّدَ عن أنْ يتبع الكتاب والسنة ، لكن هُنا الحجَّة الثالثة والأخيرة **(وعلى منهج السلف الصالح)** هُنا يظهرُ الفَرق بين كُلُّ المسلمين الذين يَدَّعون أنَّهم على الكتاب والسنة ! لكنَّهم لا يلتقونَ معنا **على منهج السلف الصالح** [٢٠].

---

[٢٠] **سودێك : شێخ (ئەلبانی) لە شوێنێكی تردا فەرموویەتی** : (نحنُ نُفَرِّقُ بين مَنْ ينتمي إلى الكتاب والسنة فقط وبين مَنْ ينتمي إلى الكتاب والسنة **وعلى منهج السلف الصالح** ، وهذا أمرٌ ضروريٌّ جداً ...

لا بُدَّ أنْ تكونَ على بيِّنةٍ من هذه الفارقة بين مَنْ يدعو إلى الكتاب والسنة فقط وبين مَنْ يدعو إلى الكتاب والسنة **وعلى منهج السلف الصالح** ...) [مُفَرَّغ من الشريط رقم : (٦٦٠ / ١) من أشرطة "سلسلة الهُدى والنور"] .

واتە : ئێمە جیاوازی دەکەین لە نێوان کەسێك کە خۆی بداتە پاڵ (قورئان و سوننەت) بە تەنها و لە نێوان کەسێکی تر کە خۆی بداتە پاڵ (قورئان و سوننەت **لە سەر بەرنامەی سەلەفی صالح**) ، وە ئەمەش کارێکی زۆر پێویست و زەرورە .

زۆر پێویستە چاو ڕۆشن و ڕووناکبیر بیت بەم جیاکەرەوەیە لە نێوان کەسێك کە بانگەواز بکات بۆ (قورئان و سوننەت) بە تەنها و لە نێوان کەسێکی تر کە بانگەواز بکات بۆ (قورئان و سوننەت **لە سەر بەرنامەی سەلەفی صالح**) .

وە (علي الحلبي) لە ژێر ئەم ناونیشانەدا (الفيصل / **جیاکەرەوە**) ئەم فەرموودەیەی باس کردووە :

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ : سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : أَيُّ النَّاسِ خَيْرٌ ؟

فَقَالَ : ((أَنَا وَالَّذِينَ مَعِي ، ثُمَّ الَّذِينَ عَلَى الأَثَرِ ، ثُمَّ الَّذِينَ عَلَى الأَثَرِ)) ، ثُمَّ كَأَنَّهُ رَفَضَ مَنْ بَقِيَ [أخرجهُ أحمد : (٢ / ٢٩٧ و ٣٤٠) وأبو نُعيم في "الإيمامة" رقم : (٣) ، وإسنادهُ حسنٌ ، والحديث أصلهُ في "الصحيحين" عن عدة من الصحابة ...] .

واتە : پرسیارکرا لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئایا باشترینی خەڵك کێیە ؟

پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : من و ئەوانەی کە لەگەڵ مندان [واتە : صەحابە] ، ئەنجا ئەوانەی کە لە سەر سوننەت و بەرنامەکەی منن ، ئەنجا ئەوانەش کە لە سەر سوننەت و بەرنامەکەی منن .

(أبو هريرة رضي الله عنه) فەرمووی : ئەنجا کەسانی تری جگە لەمانی ڕەتکردەوە .

ئەنجا (علي الحلبي) لە شیکردنەوەی فەرموودەکەدا فەرموویەتی : (والفيصلُ في صَوابِ فهم الكتاب والسنة هو تطبيق الصحابة ومن كان على الأثر بعدهم ، ثُمَّ من كان بعد أُولاءِ على أثرهم أيضاً ، فهمُ الخيرُ كُلُّ الخير ، وسِواهم مرفوضٌ ، ليسَ فيهم خَيرٌ قَطُّ .

فمَنْ ادَّعى أنَّهُ على الكتاب والسنة دون هذا الفيصل فهو لنفسهِ مُخادِعٌ دونَ شَكٍّ أو رَيب) [الأربعون حديثاً في الدعوة والدعاة ص : (٢٢ - ٢٣)] .

واتە : **جیاکەرەوە بۆ ڕاستێتی تێگەیشتن لە قورئان و سوننەت** بریتییە لە پەیڕەوی صەحابەکان و ئەوانەی دوای ئەوانیش کە لە سەر سوننەت و بەرنامەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بوون ،

ولذلك أنا أُدَنـدِنُ دائماً وأبداً على هذه الحقيقة وهي : لا يكفي أنْ تكون دعوةُ الدعاة الإسلاميين حَقاً اليوم لا ينبغي أنْ تكون دعوتهم محصورة بـ(الكتاب والسنة) فقط ، لا بُدَّ أنْ يضموا إلى دعوتهم **(وعلى منهج السلف الصالح)**[٢١] ...

فأنا أردتُ أنْ أقول : **أنَّ الأحزاب القائمة اليوم هي تقوم على مُخالفة الشرع في كثير من الأحكام منها حديث حُذيفة حيث قال** : ((فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا ، وَلَوْ أَنْ تَعَضَّ عَلَى جِذْلِ شَجَرَةٍ ، حَتَّى يُدْرِكَكَ الْمَوْتُ ، وَأَنْتَ عَلَى ذَلِكَ)) .

لكنْ لا بُدَّ من لفت النظر وهو يتعلَّقُ بما ذكرتهُ آنفاً :

---

ئەنجا ئەوانەی دوای ئەوانیش کەوا لە سەر سوننەت و بەرنامەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بوون ، ئا ئەوانە چاك بوون و هەموو چاکەیەکیان تێدا بوو ، وە خەڵکانی تری جگە لەوان ڕەتکراوەن و هیچ چاکەیەکیان تێدا نییە .

جا هەر کەسێك بانگەشەی ئەوە بکات کەوا لە سەر قورئان و سوننەتە بە بێ ئەم جیاکەرەوەیە ئەوا ئەو کەسە خۆی دەخەڵەتێنێت بە بێ هیچ گومانێك .

[٢١] **سودێك** : وە هەروەها شێخ (الألباني) لە شوێنێکی تردا فەرموویەتی : (... ليضم المسلم الناصح لنفسهِ في عقيدتهِ بأنهُ لا بُدَّ من الرجوع إلى **(سبيل المؤمنين)** بالإضافة إلى (الكتاب والسنة) ، بدلالة **(حديث الفِرَق)** و **(حديث العرباض بن سارية)** ، هذه حقيقةٌ مع الأسف الشديد **يغفلُ عنها كُلُّ الأحزاب** الإسلامية الـمُعاصرة **كشأن من سبقها من الفِرَق الضالة** ...) [مُفَرَّغ من الشريط رقم : (٧٤٠ / ١) من أشرطة "سلسلة الهُدى والنور"] ، وە بڕوانە لاپەڕە (٣٥) .

واتە : با موسڵمانی ئامۆژگاری کار بۆ خۆی ئەوە یەك بخات لە بیروباوەڕەکەیدا کەوا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ (ڕێگا و ڕێبازی ئیمانداران) سەرەڕای (قورئان و سوننەت) بە بەڵگەی (حديث الفِرَق) و (حديث العرباض بن سارية) ، ئەمە ڕاستییەکە بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەموو **ئەحزابە ئیسلامییە هاوچەرخەکان** لێی بێئاگان وەکو **فیرقە گومڕاکانی پێش خۆیان** ...) .

**أنَّ الدعوة السلفية تَجمَعُ الأمَّةَ ، وأي دعوةٍ أخرى تُفرِّقُ الأمَّةَ** ، ربُّنا عزَّ وجل يقولُ في القرآن الكريم : ﴿وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ١١٩﴾ [التوبة] ، **لا يكونُ صادقاً أبداً مَنْ يُفرِّقُ بين الكتاب والسنة** من جهة .. **وبين السلف الصالح** من جهةٍ أخرى ...

فنجدُ في القرآن مثل قولِهِ تبارك وتعالى :

﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ **وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ** نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ١١٥﴾ [النساء] ، لا شَكَّ ولا ريبَ أنَّ اللهَ عزَّ وجل حينما ذكر (**سَبِيلَ الْمُؤْمِنِينَ**) في الآية [ذكرَهُ] لحكمةٍ وفائدَةٍ بالغةٍ وعظيمة جداً لأنَّ كلامَ اللهِ عزَّ وجل يتعالَى ويترفَّعُ عن العَبَث ،كان من الْمُمكن أنْ تكون الآية : ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ (...) نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ ...﴾ لكنَّهُ زادَ فقال : ﴿وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ **سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ**﴾ لماذا ؟

ليؤكِّدَ أنَّ هُناك واجباً آخر وهو أنَّنا في اتباعنا للكتاب والسنَّة **يَجِبُ أنْ يكونَ هذا الاتباع على ما كان عليهِ المسلمون الأولون** هذا هو المقصود : ﴿وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ **سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ**﴾ هُم المسلمون الأولون وهُم أول ما **يشمَلُ أصحابُ الرسول** (عليه السلام) **ثُم الذين يلونَهم ثمَّ الذين يلونَهم** .

إذَن عندنا (كتابُ اللهِ وسُنَّةُ رسولهِ ﷺ ) وعندنا (**سَبِيلُ الْمُؤْمِنِينَ**) .

**الآن الطوائف .. الأحزاب فضلاً عن المذاهب القديمة والجديدة** لا تُلْفِتُ ولا تَلْتَفِتُ مُطلقاً إلى (اتباع **سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ**)[٢٢] الذي **تأيَّد ببعض الأحاديث** . وأنا أشيرُ إليها لأنَّها معروفة لديكم . أولاً :

**حديث الفِرَق الثلاث والسبعين** حيث قال [رسول الله (ﷺ)] : " **كُلُّهَا فِي النَّارِ إِلاَّ وَاحِدَةً** ، قَالُوا : مَنْ هِيَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : هِيَ الَّتِي عَلَى **مَا أَنَا عَلَيْهِ وَأَصْحَابِي**" ، نَجد هُنا قوله ﷺ : (**وأَصْحَابِي**) على نَمَط قولِهِ تعالى : ﴿**سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ**﴾ تَماماً .

إذَن لا يجوزُ لمسلمٍ اليوم أنْ يقول : أنا أفهمُ من الكتاب والسنة كذا ! ثُمَّ لا يَلْتَفِتُ إلى **مَا كَانَ عَلَيْهِ سَلَفُنَا الصَّالِحُ** .

يُضافُ إلى هذا الحديث : حديث العرباض بن سارية : " فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي **وسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِيْنِ** ..." إلى آخرهِ ، إذن هُناك سُنَّتانِ : سنة الرسول (عليه السلام) **وسُنَّةُ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِيْنِ** (رضي الله عنهم) .

فلا بُدَّ إذَن بالنسبة لأمثالنا نحنُ المتأخرين بعد هذه القرون الطويلة : أنْ نَرجِعَ إلى (الكتاب والسنة و**سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ**)[٢٢].

**هُنا يَظهَرُ الاختلاف بيننا وبين الجماعات الأخرى القائمة اليوم** ، **أمَّا الخوارج .. أمَّا المُعتزلة .. أمَّا الروافض فهؤلاء قد خالفوا** (سَبِيلَ الْمُؤْمِنِينَ) **وهُم في قُرْبٍ منهم فيما كانوا عليه في السابق** ، لكن نحنُ

---

[٢٢] وقال الشيخ الألباني في مكانٍ آخر : (... ليضم المسلم الناصح لنفسهِ في عقيدتهِ بأنهُ لا بُدَّ من الرجوع إلى (**سَبِيلِ الْمُؤْمِنِيْن**) بالإضافة إلى (الكتاب والسنة) ، بدلالة (**حديث الفِرَق**) و (**حديث العرباض بن سارية**) ، هذه حقيقةٌ مع الأسف الشديد **يغفلُ عنها كُلُّ الأحزاب الإسلامية المُعاصرة كشأن من سبقها من الفِرَق الضالة** ...) [مُفَرَّغ من الشريط رقم : (٧٤٠ / ١) من أشرطة "سلسلة الهُدى والنور"] .

اليوم علينا كما قيل : " مَنْ رأى العبرةَ بغيرهِ فلْيعتبِرْ " لماذا كانت هذه الفِرَق قديماً ؟! لأنَّهم اتبعوا أهوائهم ولمْ يلتزموا هذا المنهج الذي هو اتباعُ (**الكتاب والسنة وعلى مَنْهَجِ السَّلَفِ الصَّالِحِ**) ...)[٢٣] ا.هـ .

واته : بەڵێ ، **گومانی تێدا نییە ئەم فەرموودەیەی** (حُذيفة) **جێبەجێ دەبێت** ـ جێبەجێ بوونێکی تەواو ـ **بەر سەر ئەم هەموو فیرقە و کۆمەڵ و حزبانە** کە هەر یەکێکیان بۆ خۆی تاکەکانی کۆدەبنەوە لەگەڵ یەکتردا و هەڵسوکەوت و کار ناکەن لەگەڵ کۆمەڵ و جەماعاتە ئیسلامییەکانی تردا بە پێی ئەوەی کە خوای گەورە فەرمانی پێکردووە لە برایەتییەکی موسڵمانانەی ڕاست گۆیانە ، وە بە تایبەت ئەگەر **ئەم جەماعاتانە یان ئەم فیرقانە** لەگەڵ ئەمەشدا (پەیمان و بەیعەت) هەبێت لە ناویاندا بە شێوەیەك هەموو کۆمەڵێك پەیمان و بەیعەت بدەن بە ئەمیرێك کە گوێڕایەڵی بۆ بکرێت هەر وەك چۆن گوێڕایەڵی دەکرێت بۆ (پێشەوای گەورە) کە پێویستە پەیمان و بەیعەتی پێبدرێت لە لایەن هەموو موسڵمانانەوە ...

**ئێستا ئەم ئەحزابانە و ئەم جەماعاتانە** خۆیان هەڵواسیوەو پلەوپایەی (پێشەوای گەورە)یان بۆ خۆیان داناوە کە پەیمان و بەیعەتی پێ دەدرێت لە لایەن هەموو موسڵمانانەوە ، **لێرەوە پارچەگەرێتی و جیاوازی و ناکۆکی نێوان موسڵمانان زیاتر پەرە دەسێنێت** ، چونکە ئەمیر و فەرمانبەری ئەم کۆمەڵە فەرمان بە شتێك دەکات کە پێچەوانەی فەرمانی ئەمیری ئەو کۆمەڵەکەی ترە ... هەروەها

---

(٢٣) مُفَرَّغ من الشريط رقم : (٦٩٩ / ١) من أشرطة "سلسلة الهُدى والنور"] .

**بەم شێوەیە پارچە پارچە بوون لە نێوان موسڵماناندا زیاتر پەرەدەسێنێت** بە هۆی ئەو شتەوە کە لەم ڕۆژگارەدا پێی دەڵێن (**تەنظیم و ڕێکخستن**) وە بە هۆی ئەو شتەوە کە پێی دەڵێن (ئەمیری کاتی) بەڵام ئەو ئەحکامانەی بە سەردا دەسەپێنن کە پەیوەستە بە ئەو ئەمیرەوە کە پێشەوا و خەلیفەیە .

وە لێرەدا من نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە کە بۆتانی ڕوون بکاتەوە ئەو شوێنەوارە خراپەی کەوا جیاوازی و پارچەپارچە بوونکە زیاتر پەرە پێ بدات :

لێرەدا لە (ئەردەن) وەك دەزانن (جەماعەتی **الإخوان المسلمين**) هەیە ، (**جەماعەتی ئیخوان**) بڕیارێکیان دەرکرد بە دابڕانی تاکەکانی **ئیخوان** لە (ئەلبانی) و دابڕانی دەرسەکانی (ئەلبانی) لێرەدا ، وە بە کردەوەیی ئێمە شوێنەواری ئەم دابڕانەمان دەبینی کاتێك کە یەکێك لە ئێمە بیدایەت بە لای برایەك لە (**برایانی موسڵمان**) ئەوا دەست بەجێ سلامی لێدەکرد بەڵام دوای بڕیارەکە خۆی مۆن دەکرد و ڕووی وەردەگێرا و پشتی لێ دەکرد ، ئەمە لە بەر چی ؟

چونکە سەرکردایەتی بڕیاری داوە بۆیە واجب و پێویستە گوێڕایەڵی بۆ بکرێت ، ئەگەر چی لێرەدا **هیچ هۆکارێکیش** نەبێت ، **هەموو هۆکارێك** تەنها ئەوە بوو چونکە (ئەلبانی) بانگەواز دەکات بۆ لای (**قورئان و سوننەت بە پێی بەرنامەی سەلەفی صالح**) .. وە ئەم بانگەوازەش بێ گومان کاریگەر دەبێت بۆ سەر **هەندێك** لە تاکەکانی کۆمەڵی **ئیخوان** ، وە بە کردەوەیی ئەم شتە ڕووی دا .

بۆیە ووریا و ئاگادار کرانەوە .. هەندێکیان ئاگادار کردەوە : پاشان دوای ئەوە (**وەستێنران و پەکخران لە کاری ڕێخستن**) ئەنجا دوای ئەوە (**دەرکرانە دەرەووەی حزب**) لە بەر چی ؟!

چونکە **ئیخوان** داوایان لێیان کرد کە ئامادەی دەرسەکانی (ئەلبانی) نەبن ، وتیان : ئەی جەماعەت ئەم داواکاری‌یە کارێکی زۆر سەرسوڕ هێنەر و سەیرە ! (ئەلبانی) یەکم شت : **حزبێك پێك ناهێنێت و خەڵکی بۆ کۆبکاتەوە** تاوەکو زەرەر و زیانی هەبێت بۆ حزبەکەی ئێوە ! بەڵکو **تەنها بانگەواز دەکات بۆ لای ( قورئان و سوننەت )** ، وە دووەم شت : ئێمە سودمەند دەبین بە دەرسەکانی و ئەوەندە سودیان لێ دەبینین کە لە (وتار و موحازەرەکانی) ئێوەدا نایبینین ! باشە ئیتر بۆ چی فەرمانمان پێ دەکەن بە ئامادەنەبوونی دانیشتنەکانی ئەم پیاوە ؟! ئەوانیش وتیان : دوو لایەنگیری و دوو دۆستایەتی کردن نابێت یان دەبێت دۆستایەتی و لایەنگیریتان بۆ ئێمەی **ئیخوان** ببێت وە یان بۆ شێخ (ئەلبانی) ببێت ... سُبْحَانَ اللهُ !!!

لە بەر ئەمە ووریا و ئاگادار کرانەوە و مۆڵەتی شەش مانگیان پێیاندا : یان دەبێت لەگەڵ ئێمەدا بن وە یان گەڵ شێخ (ئەلبانی)دا بن ! وتیان : ئێمە نابینین هیچ ناهەمواری و نەگونجانێك هەبێت لە نێوان ئەوەی کە لەگەڵ ئێوەدا ببین وەك (**برایانی موسڵمان**) و ئەوەی کە سودببینین لە دەرسەکانی شێخ ، وتیان : نابێت ، بۆیە دوای شەش مانگ بانگ کران و پێیان وترا : چ شتێکتان بۆ دیاری بووە و بڕیارتان بە چی‌یە ؟ وتیان : (وەڵاهی) ئێمە ئەو سودەی کە لە دەرسەکانی

شێخدا بینیومانە ئەوەندە سودمان نەبینیوە بە درێژای ئەو هەموو ساڵەی کە پەیوەندیمان پێتانەوە کردبوو ، **بۆیە دەرکرانە دەرەوەی بازنەی حزب !**

**ئەمە شوێنەوارێکە لە شوێنەوارەکانی ئەم فیرقە و کۆمەڵە پارچە پارچە بووانە** کە پێغەمبەر (ﷺ) **فەرمانی کردووە بە دوور گرتن لە هەموویان** ، لە بەر ئەمە زەرەر و زیانی **ئەم ڕێکخستن و کۆمەڵگیریە حزبیە** ئەگەر بە دەستیش هەستی پێ نەکەین .. ئەوا پێچەوانەیەتی کردنی بۆ شەرع تەنها بەڵگەیەتی نموونەی ئەم فەرموودەیەی (حُذیفة) و نموونەی ئەم ئایەتە پیرۆزەی بەسە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾ [الروم] ...

لە بەر ئەمە **ئەم فەرموودەیە** : **فەرموودەکەی (حُذیفة)** ـ کە فەرموودەناسان یەك دەنگن لە سەر ئەوەی کە صەحیحە ـ **جێبەجێ دەبێت** ـ جێبەجێ بوونێکی تەواو ـ **بەرسەر هەموو حزبەکاندا** کە (ئەم لاو ئەو لا دەکەن) ـ ئەمە دەستەواژەیەکی گونجاوە بۆ ئەوان ـ و هەندێکیان بە دەوری هەندێکی تریاندا خۆیان ڕێك دەخەن و کۆمەڵگیری دەکەن .. وەکو بڵێیەی تەنها ئەوان موسڵمانن و هیچی تر نییە لە ئارادا !

لە بەر ئەمە ئێمە دەڵێین : ئەمە ڕووی داوە ـ واقعیش شاهیدە ـ بۆ ئەم ڕاستیە کە ئێمە دەیڵێین بە هەموو ڕاشکاوی و صەراحەتێکەوە دەڵێین :

**بانگەوازی ئیسلامی ڕاست ـ کە هیچ بانگەوازێکی تر نییە تەنها بانگەوازی سەلەفیەت نەبێت** ـ جێی هەموو تاکەکانی موسڵمانان دەکاتەوە و فراوانیشە

بۆیان بە بێ پێچەوانە ، وە هیچ کۆمەڵ و جەماعەتێك لێرەدا نییە : **نە** ( **حزب التحرير / حزبی ڕزگاری** ) و **نە** ( **جماعة الإخوان / کۆمەڵی ئیخوان** ) و **نە** ( **جماعة التبليغ / کۆمەڵی تەبلیغ** ) جێی هەموو تاکێك لە تاکەکانی موسڵمانان بکاتەوە !

ئەمەش لە بەر ئەوەیە **بەرنامەکەی ئێمە** بریتییە لە بەرنامەی : (**قورئان و سوننەت بە پێی بەرنامەی سەلەفی صالح**) ، وە بۆ هیچ موسڵمانێك نییە دوورە پەرێز بێت لە شوێن کەوتنی (قورئان و سوننەت) ، بەڵام لێرەدا بەڵگەی سێیەم و کۆتای هەیە : (**بە پێی بەرنامەی سەلەفی صالح**) ، ئا لێرەدا دەردەکەوێت **جیاوازی نێوان هەموو ئەو موسڵمانانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەوان لە سەر** ( **قورئان و سوننەت** )ن .. **بەڵام لەگەڵ ئێمەدا یەك ناگرنەوە لە سەر** ( **بەرنامەی سەلەفی صالح** ) .

بۆیە من هەمیشە بەردەوام ڕادەوەستم لە سەر ئەم ڕاستییە کە بریتییە لەوەی : بانگەوازی بانگەوازکارە ئیسلامییە ڕاستەکانی ئەمڕۆ بەس نییە و نابێت بانگەوازەکەیان کورتهەڵچنن لە (قورئان و سوننەت)دا بە تەنها ، بەڵکو پێویستە (**بە پێی بەرنامەی سەلەفی صالح**)یش بخەنە پاڵ بانگەوازەکەیان ...

من دەمەوێت بڵێم : **ئەم حزبانەی کەوا ئەمڕۆ پێکهێنراون** هەموویان **بنیات نراون و ڕاوەستاون لە سەر پێچەوانە کردنی شەرع** لە زۆرینەی ئەحکامەکاندا لەوانە :

فەرموودەکەی (حُذیفة) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تێیدا فەرموویەتی : **دوور بگرە لە هەموو فیرقە و حزبەکان** ئەگەر قەپیشت گرتووە لە ڕەگی دارێك تاوەکو مردن پێت دەگات هەر وا لە سەر ئەوە بە .

بەڵام پێویستە تێبینییەك بكرێت ـ كە پەیوەستە بەوەوە كە لە پێشدا باسم كرد ـ كەوا : (**بانگەوازی سەلەفییەت**) : **هەموو ئوممەتی ئیسلام یەك دەخات و كۆی دەكاتەوە و جگە لەم بانگەوازە پیرۆزەش نەبێت هەموو بانگەوازێكی تر ئوممەتی ئیسلام پارچەپارچە و پەرتەوازە دەكات** ...

پەروەردگاری گەورە و باڵادەستمان لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی :

﴿وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١١٩﴾﴾ [التوبة] واتە : لەگەڵ ڕاستگۆیاندا بن ، وە **ئەو كەسە بە هیچ شێوەیەك ڕاستگۆ نىیە كە جیاوازی دەكات لە نێوان** (قورئان سوننەت) لە لایەكەوە لەگەڵ (**بەرنامەی سەلەفی صالح**) لە لایەكی ترەوە ...

بۆیە لە قورئاندا دبینین نموونەی ئەم فەرموودەیەی خوای كار پڕ بەرەكەت و پایە بەرز كە فەرموویەتی :

﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ **وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ** نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾﴾ [النساء] .

واتە : هەر كەسێك سەرپێچی پێغەمبەر (ﷺ) بكات و پشتی لێهەڵكات لە پاش ئەوەی ڕێگای ڕاستی هیدایەتی بۆ ڕوون بوبێتەوە ، **وە شوێنی ڕێگا و بەرنامەی جگە لە باوەڕداران** ( **پێشینە چاكەكان** ) بكەوێت ئەوا ئێمە لە دونیادا ڕووی وەردەگێڕین بۆ لای ئەوەی كە ئەو ڕووی لێكردووە و لە قیامەتیشدا دەیخەینە ناو دۆزەخەوە كە خراپترین سەرەنجامە بۆیان .

هیچ گومانی تێدا نییە كەوا خوای گەورە كاتێك باسی (**سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ** / ڕێگای باوەڕدان)ی كردووە لە ئایەتەكەدا لە بەر حیكمەت و سودێكی چڕوپڕ و

زۆر گەورەیە ، چونکە کەلامی خوای گەورە بەرز و بڵندە لە گاڵتەجاڕی ، لەوانەیە مومکین بوایە ئایەتەکە بەم شێوازە ببوایە : ﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ [ ... ] نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ﴾ بەڵام ئەمەشی زیاد کردووە و فەرموویەتی : **[وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ]** لەبەر چی ؟

بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کەوا لێرەدا واجبێکی تر هەیە ئەویش بریتییە لەوەی کە **دەبێت : لە شوێن کەوتنماندا بۆ** (قورئان و سوننەت) **واجب و پێویستە ئەم شوێن کەوتنەمان بە پێی ئەو بەرنامەیە بێت کەوا** ( **موسڵمانە سەرەتا پێشینەکانی** ) **لە سەر بووە** .. ئا ئەمەیە مەبەست .

﴿ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ **ڕێگا** و بەرنامەی **باوەڕداران** کە بریتین لە (موسڵمانە سەرەتا پێشینەکان) کەوا یەکەم شت **صەحابە و هاوەڵەکانی پێغەمبەر** (عليه السلام) **دەگرێتەوە ئە نجا ئەوانەی کە بە دوای ئەواندا هاتن ئە نجا ئەوانەش کە بە دوای ئەماندا هاتن** .

کەواتە ئێمە (کتێبەکەی خوا و سوننەتەکەی پێغەمبەر (عليه السلام) و **ڕێگا و بەرنامەی باوەڕداران**)مان هەیە .

**ئێستا کۆمەڵ و ئەحزابەکان** چ جای مەزهەبە کۆن و تازەکان **بە هیچ شێوەیەك ڕوویان وەر ناگێڕن و کۆنابنەوە** بە لای شوێن کەوتنی (**سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ** / ڕێگای باوەڕدان)دا کەوا پشت گیری کراوە بە هەندێك فەرموودەی تر کە من لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکەم چونکە زانراون لای ئێوە :

یەکەمینیان : بریتیيە لە (**فەرمووەی حەفتاوسێ فیرقەکە**) کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : " هەموویان لە ناو ئاگردان تەنها یەك دانەیان نەبێت ، وتیان : کێن ئەوانە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : ئەوانەن کە لە سەر ئەو بەرنامەیەن کەوا من و **صەحابەکان**می لە سەر بووە" .

لێرەدا دەبینین " **وأصحابي/ صەحابەکان**ی " لە سەر شێوەی ﴿**سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ / ڕێگای باوەڕدان**﴾ـە بە تەواوی .

کەواتە دروست نیيە بۆ هیچ موسڵمانێك لەم ڕۆژگارەدا بڵێت : من لە (قورئان و سوننەت) ئەو شتە تێدەگەم ئەنجا ڕووی وەرەگێڕێت بەرەو لای (**ئەو بەرنامەیەی کە سەلەفی صالح**)مانی لە سەر بووە .

فەرموودەکەی (العرباض بن سارية)ش دەدەینە پاڵ ئەم فەرموودەیە :

"فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي **وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِيْن** ..." .

واتە : دەست بگرن بە سوننەتەکەی من و **سوننەتی جێنیشینە هیدایەت دراوەکانمەوە** ...

کەواتە لێرەدا دوو سوننەت هەیە : سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) ، وە **سوننەتی جێنیشینە هیدایەتدراوەکانی** (رضي الله عنهم) .

بۆیە پێویستە بە نیسبەت کەسانێکی وەکو ئێمە کە دوای ئەم هەموو سەدە دوور و درێژە هاتوین کەوا :

بگەڕێینەوە بۆ لای (**قورئان و سوننەت**) و (**ڕێگای بڕواداران**) .

ئا لێرەدا دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت : جیاوازی نێوان ئێمە و نێوان (**حزب و جەماعاتە**) **پێکهێنراوەکانی تری ئەم ڕۆژگارە** ، بەڵام (**خەوارج**) بەڵام (**موعتەزیلە**) بەڵام (**شیعە**) ئەمانە هەموویان پێچەوانەی (**ڕێگای بڕواداران**)یان کردووە کاتێك ئەوان نزیك بوون لە (**بڕواداره سەرەتا پێشینەکان**) هەر لە سەرەتاوە .

بەڵام ئێمە لەم ڕۆژگارەدا ئەوەمان لە سەرە وەك وتراوە : (هەر کەسێك پەندێك ببینێت بە جگە لە خۆیەوە ئەوا با پەند وەربگرێت) ، **لە بەر چی ئەم هەموو فیرقە و کۆمەڵانە لە کۆندا سەریان هەڵدا ؟**

**چونکە هەموویان شوێنی هەوا و ئارەزووەکانیان کەوتن و پەیوەست** نەبوون بەم بەرنامەیەوە کەوا بریتییە لە شوێن کەوتنی :

**(قورئان و سوننەت : بە پێی بەرنامەی سەلەفی صالح) ...**

**٣ ـ فتوى الشيخ الفقيه الأصولي العلاَّمَة ابن العثيمين** ( ١٣٤٧ ـ ١٤٢١ **هـ** ) **رحمهُ الله :**

وە پرسیارکرا لە زانای دەریاوان لە بواری دانان و داڕشتنی بنچینە و بنەما بیروباوەڕی و فقهییەکان لەم سەردەمەدا ، پاشماوەی سەلەف ، زانای کردەوەکار ، چیای بڵند و دامەزراو ، زانای بانگەوازکار ، پێشەوای ئەهلی سوننە و سەلەفییەکان لە سەدەی چواردەیەمی کۆچیدا : شێخ (محمد بن صالح العثيمين) ڕەحمەتی خوای لێبێت :

**پرسـيار** / هل هناك نصوص في كتاب الله وسنة نبيه (ﷺ) فيهما إباحةُ **تعـدد الـجماعات الإسلامية** ؟

واتە : ئایا هـیچ دەق و بەڵگەیـەك لـە قورئـان و سـوننەتی پێغەمبـەردا (ﷺ) هەیە کە حەڵاڵێتـی بوونی چەند کۆمەڵ و حزبێکی ئیسـلامی تێـدا هاتبێـت و ڕێگـە بە فرە حزبی بدەن لە ئیسلامدا ؟

**وەڵام** / شێخ (ابن العثيمين) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمووی :

(**ليس في الكتاب ولا في السنة ما يُبيح تعدد الجماعات والأحزاب** ، بل في الكتاب والسنة ما يَذم ذلك ، قال تعالى : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿١٥٩﴾ ﴾ [الأنعام] ، وقال تعالى : ﴿ كُلُّ حِزۡبِۭ بِمَا لَدَيۡهِمۡ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ [الروم].

**ولا شكَّ أنَّ هـذه الأحـزاب تُنافي ما أمر اللهُ به** ، بل ما حَثَّ اللهُ عليهِ في قوله : ﴿ وَإِنَّ هَٰذِهِۦٓ أُمَّتُكُمۡ أُمَّةٗ وَٰحِدَةٗ وَأَنَا۠ رَبُّكُمۡ فَٱتَّقُونِ ﴿٥٢﴾ ﴾ [المؤمنون].

وقول بعضهم [أي الحزبيين] أنهُ لا يُمكن للدعوة أنْ تقوى وتنتشر إلاَّ إذا كانت تحت حزبٍ ؟!!!

نقول : إنَّ هذا الكلام غيرُ صحيحٍ ، بلْ إنَّ الدعوة تقوى وتنتشر كُلَّما كان الإنسانُ أشدُّ تمسكاً بكتابِ الله وسُنَّةِ رسول الله (ﷺ) ، وأكثر اتباعاً لآثار النبي (ﷺ) وخلفائهِ الراشدين)[٢٤].

واتە : **نە لە قورئاندا و نە لە سوننەتیشدا** هیچ دەق و بەڵگەیەك نییە **کەوا حەلاڵێتی بوونی چەند کۆمەڵ و حزبێکی تێدا هاتبێت** ، بەڵکو لە قورئان و سوننەتدا بەڵگە لە سەر زەمکردنی ئەمەدا هاتووە ، خوای پایە بەرز فەرموویەتی : (ئەوانەی کە دین و ئایینەکەی خۆیانیان پارچەپارچە کردووە و بوون بە کۆمەڵ کۆمەڵ و حزب حزب : ئەی پێغەمبەر تۆ بێبەریت لەوان و لە هیچ شتێکدا لەوان نیت ، ئەوان حاڵ و کاریان بۆ لای خوایە و ئەنجا خوا هەواڵیان پێدەدا و ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی کە دەیان کرد) ، وە فەرموویەتی : (هەموو حزبێك بەوەی لای خۆی دڵخۆشە) .

وە **گومانی تێدا نییە کەوا ئەم حزبانە پێچەوانەی ئەوەیە کە خوا فەرمانی پێکردووە** ، بەڵکو پێچەوانەی ئەوەیە کە خوا هانی موسڵمانانی بۆ داوە لەم ئایەتەدا کە فەرموویەتی : (ئەم ئوممەتەی ئێوە تەنها یەك ئوممەتە و من پەروەردگارتانم بۆیە تەنها لە من بترسن و خۆتان بپارێزن لە سەرپێچی فەرمانەکانم) .

---

[٢٤] الصحوة الإسلامية ضوابط وتوجيهات للشيخ ابن العثيمين نفسهُ رحمه الله ص : (١٥٥) .

وە قسەی هەندێکیان [واتە : حزبی‌یەکان] کە دەڵێن : ناتوانرێت بانگەوازی ئیسلام بە هێز بکرێت و بڵاوبکرێتەوە ئیللا مەگەر لە ژێر حزبێکدا نەبێت ؟[25]!!!

لە وەڵامیدا دەڵێین : بێگومان **ئەم قسەیە ڕاست نی‌یە** ، بەڵکو بانگەوازی ئیسلام بە هێز دەبێت و بڵاودەبێتەوە چەندێك مرۆڤ زیاتر و توونـدتر دەست گر بێت بە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) ، وە زۆرتر شوێن کەوتەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و جێنیشینە هۆشمەند و تێگەیشتو و بیر ڕۆشنەکانی بێت [٢٦].

---

[٢٥] ئەمە گومانی زۆربەی حزبی‌یەکانە !!! دە فەرموو وەڵامەکەی وەربگرە لە زانایەکی بانگەوازکار ڕەحمەتی خوای لێبێت .

[٢٦] وە ئەمەش جێبەجێ دەبێت بە سەر سەلەفی‌یەکان و بانگەوازی سەلەفی‌یەتی پیرۆزدا ، بەڵام ئایا حزبی‌یەکان ڕازی دەبن بەم وەڵامە لەم پێشەوا بانگەوازکارە ؟! وا گومان دەبەم نەخێر !!! ، وە بەڵگەی شێخ (ابن العثيمين ) بریتی‌یە لە (حديث العرباض) و (حديث حذيفة) و (حديث الفِرَق) .

**سوودێك :** پرسیارکرا لە شێخ (صالح الفوزان) :

يرى البعض أنَّ قيام الجماعات لازمٌ للقيام بالدعوة إلى الله خصوصاً في المجتمعات التي لا تكون شوكة الدين فيها ظاهرة ؟

واتە : هەندێك وا دەبینن کە دروست بوونی کۆمەڵ و ئەحزابەکان پێویستە بۆ هەستان بە بانگەواز کردن بۆ لای خوا بە تایبەت لە نێوان ئەو کۆمەڵگایانەدا کە هێز و توانای دین داری تێیدا ئاشکرا و زاڵ نی‌یە .

**وەڵام** / شێخ (صالح الفوزان)یش لە وەڵامدا فەرمووی :

(الدعوة إلى الله مطلوبة وواجبة قال الله تعالى : ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِ ﴿١٢٥﴾ ﴾ [النحل] ، ولكن ليس من منهج الدعوة أنْ يتفرَّق المسلمون ، وأنْ تكون كل طائفةٍ منهم تزعمُ لنفسها أنَّها على الحق وأنَّ غيرها ليس على الحق كما هو الواقع في هذه الجماعات اليوم .

فالواجب على المسلم الذي عندهُ علمٌ وقدرة أنْ يدعو إلى اللهِ على بصيرة ، ويتعاون مع الآخرين من غير أنْ تكون كل جماعة لها منهجٌ مُختصٌ بها يُخالف الجماعة الأخرى ، بل الواجب أنْ يكون المنهج واحداً عند المسلمين وأنْ يتعاونوا جميعاً ويتشاوروا فيما بينهم ، **ولا حاجةَ إلى إيجاد جماعات ومناهج متفرقة ومتشتتة** ، لأنَّ هذا يقضي على وحدة المسلمين وعلى كلمة المسلمين ، ويُسببُ النزاعَ والخصامَ بين الناس كما هو الواقع اليوم بين تلك الجماعات التي على الساحة في البلاد الإسلامية وغيرها .

**فليسَ من ضروريات الدعوة تكوينَ جماعة** ، وإنَّما من ضروريات الدعوة أنَّ من عندهُ علمٌ ومن عندهُ حِكمة وعندهُ معرفة أنْ يدعوَ إلى الله عَزَّ وجل ولو كان واحداً ، **والدعاة إلى الله يجب أنْ يكون منهجهم واحداً على الحق** ولو تفرقوا في مجالات عملهم في مُختلف البلدان) .

واتە : بانگەوازکردن بۆ لای خوای پەروەردگار کارێکی پێویستە و واجبە وەك خوای پایەبەرز فەرموویەتی : بانگەواز بکە بۆ لای ڕێگا و ڕێبازی پەروەردگارت بە (زانست و دانایی) وە بە ئامۆژگاری چاك ، بەڵام ئەوە لە بەرنامەی بانگەوازدا نییە کە موسڵمانان پارچەپارچە ببن ، وە هەر کۆمەڵ و گروپێك لە موسڵمانان بڕیاری ئەوە بۆ خۆی بدات کەوا ئەوان لەسەر حەق و ڕاستین و جگە لەوانیش لەسەر حەق نین ، وەك چۆن ئەمە ڕووی داوە و بۆتە واقعی ئەم هەموو کۆمەڵانەی ئەم ڕۆژگارە .

بۆیە پێویستە لەسەر ئەو موسڵمانەی کە زانیاری و توانای هەیە کەوا بانگەواز بکات بۆ لای خوا لەسەر زانست و چاو ڕۆشنی ، وە هاوکاری بکات لەگەڵ کەسانی تردا بە بێ ئەوەی هەر کۆمەڵێك بەرنامە و ڕێبازێکی تایبەتی هەبێت کە پێچەوانەی ئەو کۆمەڵەکەی تر بێت ، بەڵکو واجب و پێویستە کە موسڵمانان تەنها یەك بەرنامەیان هەبێت و هەموویان هاوکاری یەکتر بکەن و پرس و ڕا بە یەکتر بکەن لە نێوانی خۆیاندا .

**وە هیچ پێویست ناکات چەندین (کۆمەڵ و گروپ و حزب) و چەند بەرنامەیەکی پارچە پارچە و جیاواز و بەربلاو دابهێنرێت و دروست بکرێت** ، چونکە ئەم کارە دەبێتە هۆی فەوتان و لەناوچوونی

یەك ڕیزی و یەك پارچەیی و یەك دەنگی موسڵمانان ، وە دەبێتە هۆی ناکۆکی و دەمە دەم و دەمەقاڵەی نێوان خەڵك وەك چۆن دەبینین ئەمە واقعە و ڕووی داوە لە نێوان ئەو (کۆمەڵانەی) کە لەسەر گۆڕەپانی وولاتە ئیسلامیەکان و جگە لەوانیش کار دەکەن ، جا بۆیە **دروست کردنی (کۆمەڵ) و (حزب) لە زەروریات و پێداویستیەکانی بانگەواز کردن نییە** ، بەڵکو لە پێداویستی و داخوازی و زەروریاتەکانی بانگەواز ئەوەیە کە هەر کەسێك علم و زانست و دانایی و زانیاری هەیە دەبێت بانگەواز بکات بۆ لای خوای گەورە و بە دەسەڵات ئەگەر چی خۆشی بە تەنها بێت ، وە بانگەوازکاران بۆ لای خوا واجب و پێویستە لەسەریان کە یەك بەرنامەیان هەبێت و لەسەر حەق بن ئەگەر چی لە بواری کارەکانیاندا جیاواز بن لە چەندین وولاتی جیاوازدا .

وە شێخ (ابن باز) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت فەرموویەتی : (الحكمةُ : أنْ نعملَ بما كان عليه السلف الصالح من سلوك الطريق الصحيح في أنفسنا أولاً ثُمَّ في إصلاح غيرنا وفي هذا كفاية في رَدِّ الأعداء ، والعمل مع الفِرَق الأخرى الضالّة التي تنتسبُ إلى الإسلام قد لا يزيدُ الأعداء إلاَّ شِدَّةً ... فيحصل لنا الضرر بهذا الاجتماع المشتمل على البدَع والسنة ، **لكننا نُجانب هذا كله ُ وندعو من طريق واحد وهو طريق السلف الصالح** ، **وفي ذلك كفاية** ، وما هذا الفكر الذي يقول : نجتمعُ كلُّنا من أهل السنة وأهل البدع في مُقابلة الأعداء ما هذا النظر إلاَّ كنظر من يقول هاتِ الأحاديث الضعيفة واجمعها في الترغيب من أجل أنْ يرغب الناس في الطاعة وأنْ يرهبوا من المعصية وهذا خطأ ، ولهذا لا نرى إيراد الأحاديث الضعيفة لا في الترغيب ولا في الترهيب لا نرى إيراد هذا إطلاقاً إلاَّ مقرونةً ببيان الضعف ، لأنَّ في الأحاديث الصحيحة كفاية كذلك في طريق السلف الصالح الخالص من شوائب البدع كفاية) .

واتە : دانایی و حیکمەت لەوەدایە ئێمە کردار بەو بەرنامەیە بکەین کە **(سەلەفی صالح)**ی لەسەر بووە لە گرتنەبەری (ڕێگای ڕاست) بۆ خۆمان یەکەم شت ئەنجا بۆ چاکسازی کردنی جگە لە خۆمان و ئەمەش بەسە بۆ وەڵامدانەوەی دووژمنان ، وە کار کردن لەگەڵ (فیرقە و گروپە گومڕاکانی) تردا کە خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام ئەوا زۆر جارێك دووژمنانی زیاتر توند و تیژتر کردووە بەرامبەر بە موسڵمانان * ، وە ئەم کۆبوونەوەیە کە بیدعە و سوننەتی گرتووەتەخۆی زەرەر و زیانمان بۆ دێنێتەکایەوە ، بەڵام ئێمە خۆمان دوور دەخەینەوە لەمە هەمووی و تەنها لە یەك ڕێگاوە بانگەواز دەکەین کە ئەویش **(ڕێگای سەلەفی صالح)**ە و ئەمەش بەسە ، وە ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت :

ئێمـە هـەموومان بـە ئـەهلی سـوننە و ئـەهلی بیدەعـەوە کۆدەبینـەوە بەرامبـەر بـە دووژمنـان : ئـەم بۆچوونە هیچ نییە ئیللا وەك بۆچوونی ئەوانە نەبێت کە دەڵێن فەرموودە لاواز و (ضعیف)ــەکان کە هاندەرن بۆ چاکە کردن بێنە و کۆیان بکەرەوە لە پێناو ئەوەی هانی خـەڵك بـدەیت بـۆ گوێڕایـەڵی و بیان ترسێنیتیش لە سەرپێچی و خراپەکاری وە ئەمەش هەڵەیە ، لە بەر ئەمە بۆچوونمان وایە نابێت فەرموودە لاواز و (ضعیف)ـەکان بـهێنرێتەوە و بکرێنـە بەڵگـە نـە لـە بـواری هانـدان و نـە لـە بـواری ترساندنیشدا ، بۆچوونمان وایە ئەمە بە هیچ شێوەیەك نابێـت ئـیللا لەگـەڵ ڕوون کردنـەوەی لاوازی و (ضعیف)ـێتـی فەرموودەکە نەبێت ، چونکە فەرموودە (صەحیح)ـەکان بەسن ، هـەروەها (**ڕێـــگـای سەلەفــی صالـّـح**)ـیش کە پاك و بێگەردە لە پۆخڵەواتی بیدعە بەسە .

* ئەوەی بە چاوێکی دادپەروەریانە و ئینصافەوە لەم ڕۆژگارەدا بروانێتە حاڵی موسـڵمانان بـە گشتی و (ئیسلامییەکانیش) بە تایبتی ئەم ڕاستییە دەبینێت و دانی پێدا دەنێت ! چونکە (کـردار و ڕەفتارە حەماسی و عاطفییەکانی زۆرێك لە ئیسلامییە هـەرزەکار و هەڵچووەکان و حزبایـەتی کـردن بـە نـاوی ئیسـلامەوە و زینـدوو کردنـەوەی بیروبـاوەڕ و هەڵوێسـتە لار و گەندەڵـەکانی موعتەزیلـە و خەوارجەکان) دووژمنانی ئیسلامی زیاتر توند و تیژتر کـرد بەرامبـەر بـە موسـڵمانان بـە گشـتی نـەك بەرامبەر بەو (پێڕ و گروپ و دەستە و کۆمەڵ و فیرقە ئیسلامییە حزبییانە) بە تەنها !!!

بۆیە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانان بەرائەتی خۆیان دەرببڕن لە هەموو ئەو (پێڕ و گروپ و دەستە و کۆمەڵ و فیرقە ئیسلامییە حزبییانەی) کە لەم ڕۆژگارەدا بوونەتە مایەی کۆسپ و تەگـەرە و ئاژاوە و ناڕەحەتی بۆ هـەموو موسـڵمانانی دونیـا و دەبێـت بەڕاسـتی بگەڕێنـەوە بـۆ پـەیڕەوکردنی ئاینی ئیسلامی پاك و بێگەرد و تەنها شوێنی (ڕێـگای سەلەفــی صالّــح) بکـەون کـە مایـەی ئـارامی و ئیسراحەت و خواپەرستییە .

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە گوڕەپان بۆ دووژمنانی دینـی خـوای پـەروەردگار چـۆڵ بکرێـت بـۆ ئەوەی بە ویستی خۆیان کوفر و گەندەڵی و خراپەکاری بە سەر زەویدا بڵاوبکەنەوە ! نـەخێر ، بـەڵام دەبێت ڕێگری لـێبکرێت و بەرپەرچ بدرێتەوە بە پێی (قورئان و سوننەت بـە تێگەیشـتنی سەلەفــی صالّح) وەك چۆن (سەلەفـی صالّح)ی ئەم ئوممەتە و شوێن کەوتوانیان بە چاکە لە زانایان و ئـەهلی عیلم ڕووبەڕووی پلان و مەترسییەکانی دووژمانان بوونەتەوە لـە هـەموو سـەردەمێکدا ، وە باشـترین

وە هەروەها فەرموویەتی : (**تعددُ الجماعات** : ظاهرة مَرَضية ، وليس **ظاهرة صحيّة** ، والذي أرى أنْ تكون الأمة الإسلامية حِزباً واحداً ، ينتمي إلى كتاب الله وسنة رسوله(ﷺ) ....)[27]

**واتە : بوونی چەند کۆمەڵێك : دیاردەیەکی نەخۆشین دارە نەك دیاردەیەکی تەندروست ، وە من وادەبینم و باوەڕم وایە کەوا ئوممەتی ئیسلام دەبێت هەمووی**

---

**نموونە هەڵویستی ئەم تازەگەر و چاکسازکار و پێشەوایانەی موسڵمانانە : ئیمامی** (أحمد) **و ئیمامی** (ابن تيمية) **و ئیمامی** (محمد بن عبد الوهاب)**ـە .**

**ڕوون ترین بەڵگەش بۆ ئەم باسەی سەرەوە فەرموودەیەکی پێغەمبەرە (ﷺ) کە فەرموویەتی :**
"إِنَّ الإِسْلاَمَ بَدَأَ غَرِيباً وَسَيَعُودُ غَرِيباً كَمَا بَدَأَ ، فَطُوبَى لِلْغُرَبَاءِ ، قَالُوا : يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا الْغُرَبَاءُ ؟ قَالَ : الَّذِينَ يَُصْلِحُونَ * عِنْدَ فَسَادِ النَّاسِ" . "سلسلة الأحاديث الصحيحة" رقم : (١٢٧٣) .

* يَصْلُحُونَ : بفتح الياء تعني صلاح النفس .

يُصْلِحُونَ : بضم الياء تعني إصلاح الآخرين .

**واتە : ئیسلام لە سەرەتاوە بە نامۆی و غەریبی دەستی پێکرد و لە داهاتویەکی نزیکیشدا نامۆ و غەریب دەبێتەوە ، خۆش حاڵی و بەختەوەری بۆ ئەوانەش کە نامۆ و غەریبن ، ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا کێن ئەوانەی کە نامۆ و غەریبن ؟ فەرمووی : ئەوانەن کە چاکسازی خۆیان و جگە لە خۆیانیش دەکەن لە کاتی خراپی و گەندڵی خەڵکدا .**

**ئاشکراشە کە** (صلاح) **و** (إصلاح) **بە زانستی شەرعی دەکرێت کە بریتییە لە (قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی سەلەفی صالح) ، وەك ئیمامی** (مالك) **ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :** (إنَّ اللهَ لا يُصلِحُ آخر هذه الأمَّة إلاَّ بما صَلُحَ بهِ أولها) **واتە : خوای گەورە کۆتایی ئەم ئوممەتە چاك ناکات ئیللا بەو بەرنامەیە نەبێت کە سەرەتای ئەم ئوممەتەی پێ چاك بووە .**

[٢٧] الصحوة الإسلامية ضوابط وتوجيهات ص : (١٨٢) ، و "جماعة واحدة لا جماعات" ص : (١٥٤ ـ ١٥٥).

یەك حزب بێت كە لایەنگیر بێت بۆ لای قورئان و سوننەتەكەی پێغەمبەر (ﷺ) و تەنها پەیوەندی بەم دوو سەرچاوەیەوە هەبێت بە تێگەیشتنی سەلەفی صالح .

وە هەروەها فەرموویەتی:

(نقول إنَّ هذه الأمَّة ستفترق على ثلاث وسبعين فرقة كُلها في النار إلاَّ واحدة ، ثُمَّ نقول : **كُلُّ مَنْ خالفَ ما كان عليهِ النبي (ﷺ) وأصحابهُ فهو داخل في هذه الفِرَق**).

واتە : دەڵێین :

ئەم ئوممەتە پارچەپارچە دەبێت بۆ (٧٣) حەفتاوسێ فیرقە هەموویان لە ناو ئاگردان تەنها یەك دانەیان نەبێت ، ئەنجا دەڵێین : هەموو ئەوانەی كە پێچەوانەی ئەو بەرنامەیە دەكەن كە پێغەمبەر (ﷺ) و صەحابەكانی لەسەر بووە ئەوا ئەوانە دەچنە ڕیزی ئەم فیرقانەوە .

**پرسیاری دووەم** / ما توجيهكم حول ما يحصل من البعض من التفرُّق والتحزُّب ؟

واتە : ڕێنمایتان چییە سەبارەت بەوەی ڕوو دەدات لە هەندێكەوە لە تەفریقە و پارچەپارچەگەرێتی و حزبایەتی ؟

**وەڵام** / شێخ (ابن العثيمين) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمووی :

لا شَكَّ **أنَّ التحزُّبَ والتفرُّق في دين الله مَنْهِيٌ عنهُ مُحَذَّرٌ منه** لقولهِ تعالى : ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَٰتُ ۚ وَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٥﴾ ﴾ [آل عمران] ، وقوله تعالى : ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِى شَىْءٍ ۚ إِنَّمَآ أَمْرُهُمْ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿١٥٩﴾ ﴾ [الأنعام].

**فلا يجوزُ للأمَّة الإسلامية أنْ يتفرَّقوا أحزاباً لِكُلِّ طائفةٍ منهجٌ مُغاير لمنهج الأخرى** ، بل الواجب اجتماعهم على دين الله على منهجٍ واحد وهو هَديُ النبي (ﷺ) وخلفائه الراشدين والصحابة المرضيين لقول النبي (ﷺ) : "عَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الْمَهْدِيِّينَ الرَّاشِدِينَ مِنْ بَعْدِي تَمَسَّكُوا بِهَا وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ ، وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ ، فَإِنَّ كُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ"

**وليس من هَدي النبي (ﷺ) وخلفائهِ الراشدين أنْ تتفرَّقَ الأمَّةُ أحزاباً لِكُلِّ حزبٍ أميرٌ ومَنْهَج** !!! ...)[٢٨]

واتە : **هیچ** گومانی تێدا نییە کە **حزبایەتی و تەفریقە و پارچەپارچەگەرێتی لە دینی خوادا قەدەغە کراوە و موسڵمانانی لێ ووریا کراوەتەوە** لەبەر ئەوەی خوای پایە بەرز فەرموویەتی : (ئەی موسڵمانان ئێوەش وەکو ئەوانە مەبن کە پارچەپارچە بوون و جیاوازی و ئیختیلاف کەوتە نێوانیانەوە دوای ئەوەی کە

---

[٢٨] كتاب العلم للشيخ ابن العثيمين ص : (٢١٧) ، نقلاً عن إحدى منشورات (مكتبة الفرقان) السلفية بعنوان : (فتوى فضيلة الشيخ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله في **بدعية تعدد الجماعات**) .

چەندین بەڵگەی ڕووناکیان بۆ هات وە ئەوانە سزایەکی گەورەیان بۆ هەیە) ، وە لەبەر ئەوەی خوای پایە بەرز فەرموویەتی : (ئەو کەسانەی کە دینەکەیانیان پارچەپارچە کردووە و بوونە بە تاقم تاقم و حزب حزبەوە تۆ لە هیچ شتێکدا لەوان نیت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ، ئا ئەوانە سەرەئەنجامیان بۆ لای خوایە و ئەنجا هەواڵیان پێ دەدات سەبارەت بەوەی کە کردوویانە) .

بۆیە دروست و ڕەوا نییە بۆ ئوممەتی ئیسلامی و موسڵمانان پارچەپارچە ببن بۆ چەند حزبێك ، بە شێوەیەك کە هەموو کۆمەڵ و پێڕێك بەرنامەیەکی هەبێت جیاواز بێت لە بەرنامەی ئەوەکەی تر ، بەڵکو واجب و پێویستە هەموو موسڵمانان کۆببنەوە لەسەر دینی خوا لەسەر یەك بەرنامە کە ئەویش : بەرنامە و ڕێبازی پێغەمبەر و جێنیشینە ڕێ ڕاست و هۆشمەندەکانی و صەحابە لێ ڕازیبووەکانیەتی (ﷺ) ، لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی : دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی جێنیشینە هیدایەتدەرە ڕاستەکانم دەستی پێوە بگرن و قەپی لێبگرن بە کاکیلەکانتان ، وە ئامان ووریا بن لە شتە تازە داهێنراوەکان چونکە هەموو بیدعە و داهێنراوێك گومڕایەیە .

**وە لە بەرنامەی پێغەمبەر (ﷺ) و جێنیشینە ڕێ ڕاست و هۆشمەندەکانیدا** ئەوەی تێدا نییە کە ئوممەتی ئیسلام و موسڵمانان **پارچە پارچە ببن بۆ چەند حزبێك** بە شێوەیەك کە هەموو **حزبێك سەرکردە و ئەمیر و بەرنامەیەکی تایبەتی هەبێت** ! ! !...

## ٤ ـ فتوى الشيخ الـمُحدِّث العلاّمَّة مُقبل الوادعـي ( ١٣٥٠ ـ ١٤٢٢ هـ ) رحمهُ الله :

وە پرسیارکرا لە فەرموودەناسی وولاّتی یەمەن ، زیندووکەرەوەی سوننەت و لەناوبەری بیدعە و حزبایەتی ، زانای بانگەوازکار و دونیا نەویست ، چیای بلّند و دامەزراو ، یەکێك لە گەورە زانایانی ئەهلی سوننە و سەلەفیەکان لەم سەردەمەدا ، شێخ (مُقبل بن هادي الوادعي) ڕەحمەتی خوای لێبێت :

**پرسیار** / هل جماعة **الإخوان المسلمين والتبليغ والقطبيين** من أهل السنة والجماعة أو لا ؟

واتە : ئایا کۆمەڵی (الإخوان المسلمين [٢٩] والتبليغ والقطبيين) بەشێکن لە ئەهلی سوونە و جەماعە یان نا ؟

---

[٢٩] **بیرخستنەوەیەك** : (الإخوان المسلمون) : ناوی فیرقە و گرووپێکی هاوچەرخە (صۆفی حەسەن بەننا / ١٩٠٦ ـ ١٩٤٩) لە وولاّتی مصر لە ساڵی (١٩٢٨) دایهێناوە دوا بەدوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (١٩٢٤) ، پاشان لە نێو وولاّتانی تردا بلاّوبوونەوە لە ژێر ناوی جیاواز و شێوازی هەمەجۆردا ، چونکە ئەوان وەکو (حەرباء) * وان لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا خۆیان دەگونجێنن کە تێیدا دەژین ، جا لەو وولاّتانەی کە شوێنەوار و دیاردەی سەلەفیەتی بە سەردا زاڵە دەیانبینیت خۆیان پیشان دەدەن بە دروشمەکانی سەلەفیەت وەکو پەیوەست بوون بە سوننەتەوە لە دیمەن و ڕێنماییە ئاشکراکان و وازهێنان لە بیدعەکانی نوێژ و هاوشێوەی ئەمانە هەروەکو چۆن لە (عەرەبستانی سعودی)دا حاڵیان بەم شێوازەیە ، وە لەو وولاّتانەی کە صۆفیگەرێتی بەسەریاندا زاڵە ئەوان صۆفین وەکو حاڵی (حەسەن بەننا) کە تەریقەتی (الحصافية الصوفية)ی وەرگرت کە لە

سەردەمی خۆیدا زاڵ و بڵاو بووە ، وە لەو وولاَتانەی کە شیعەگەرێتی بە سەریدا زاڵە ئەوان شیعەن ، وە لەو وولاَتانەی کە کوشتار و شۆڕش و خروج و دەرچوون بە سەریدا زاڵە ئەوان بەو شێوەیەن ، وە بە هەمان شێوە .... =

* (حەرباء) جۆرێکە لە گیاندارە خشۆکەکان لەبەر خۆر خۆی دەنوێنێت بە چەند ڕەنگێکی جۆراوجۆر بە شێوازێك کە لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا بگونجێت کە خۆیی تێدا دەنوێنێت ، جا لەبەر ئەمە بۆ بە نموونە و (پەند) بۆ ئەو کەسانەی کە زۆر دەگۆڕێن .

شێخ (ئەلبانی) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت فەرموویەتی :

(... قُلنا في أكثر مجالسنا : دعوة الإخوان المسلمين قائمة على "كَتِّلْ ثُمَّ ثَقِّفْ ثُمَّ لا ثقافة " ... لأنَّ **هذه هي الحقيقة** تُمَثِّل الواقع ... ثُمَّ تجد الإخوان المسلمين يكاد يمضي عليهم قرن من الزمان لا تثقيفَ إطلاقاً !

[قال أحد الجالسين : ولهذا تَجد أنفسهم مختلفين فيما بينهم فتجد بعضهم صوفية ، وبعضهم أشاعرة ، وبعضهم ماتريدية].

[قال الشيخ] : قلنا : الإخوان المسلمين في عَمان غير الإخوان المسلمين في سوريا ، هؤلاء وهؤلاء غير الإخوان المسلمين في مصر ، ثُمَّ أنَّ هؤلاء كلّهم غير الإخوان المسلمين في السعودية ! **وهم في الحقيقة يتلونون** ! ... وكل هؤلاء غير الإخوان المسلمين في العراق ! ... بل الإخوان المسلمين في دمشق غير الإخوان المسلمين في حَلَب ...) [الشريط رقم : (٦٠٠) من أشرطة "سلسلة الهُدى والنور"].

بەڵام وەکو ناو : **ئیخوان لە میصر و سوریادا ناویان لە خۆیان ناوە** : (الإخوان المسلمون / **برایانی موسڵمان**) ، **وە لە یەمەندا** (حزب الإصلاح / **حزبی چاکسازی** ) ، **وە لە عێراقدا** (الحزب الإسلامي / **حزبی ئیسلامی**) ، **وە لە کوردستاندا** (الاتحاد الإسلامي الكردستاني / **یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**) ، **وە لە تورکیادا پێشتر** (الرفاه / **خۆشگوزرانی**) **و ئێستایش** (حزب العدالة والتنمية / **حزبی دادپەروەری و گەشەپێدان**) ، **وە لە ئوردندا** (جبهة العمل الإسلامي/ **بەرەی کاری ئیسلامی**) ، **وە لە جەزائیری وێرانکراودا** (جبهة الإنقاذ / **بەرەی ڕزگاری**) ، **وە لە مەغریبدا** (جماعة العدل والإحسان / **کۆمەڵی دادپەروەر و چاکەخواز**) ، **وە لە پاکستاندا** (الجماعة الإسلامية / **کۆمەڵی ئیسلامی**) ... **وە بەم شێوازە تا ڕابکێشرێت هەر دێت !**

بەلاّم حەقیقەت و ناوەڕۆکیان یەك شتە هەرچەندە ناوەکان جۆراوجۆر بن ، ئەوان (الإخوان المفلسون)ن بە ڕاستی .

وە کۆمەڵی (ئیخوان) دادەنرێت بە دایکی هەموو حزبە ئیسلامیە هاوچەرخەکان ، چونکە (ئیخوان) هەموو ئەو حزبانەی بەرهەم هێناوە و گۆشی کردوون بە شیری حزبایەتی ، وە بەردەوام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بووندان : خوا زیادیان نەکات و بەرەکەت نەخاتە ناو حزبایەتیشەوە .

* وە ئەوەش بزانە کەوا : هەڵگرانی بەرنامەی (حزبی ئیخوان) دوو باڵی سەرەکین :

١ ـ **باڵی توندڕەوەکان** (**الجَناح المتطرِّف**) : کە بریتین لە (قوطبی و حەرەکییەکان) ، ئەم باڵەی ئیخوان بواری شۆڕش و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریان هەڵبژاردووە بۆ بەرهەڵستی کردنی کاربەدەستان و ململانێ کردن بۆ گەیشتە کورسی دەسەلاّت .

وە ئەمانە زیاتر کاریگەرن بە بیروبۆچوون و کتێبەکانی (سەید قوطب) و سەرکردە و نووسەرە (تەکفیری و حەماسییەکان) وەك (أبو قتادة و أبو بصير و أبو حمزة) و میراتگرەکانی خەوارج کە بنیات نراون لەسەر (تەکفیر) کردنی کۆمەڵگای موسڵمانان بە گشتی و کاربەدەستانیش بە تایبەتی .

٢ ـ **باڵی نەرم ڕەو و خنکاوەکان** (**الجَناح المُتساهل والغارقين**) : کە بریتین لەوانەی بواری (کۆکردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەریان) هەڵبژاردووە بۆ بەرهەڵستی کردنی کاربەدەستان و ململانێ کردن بۆ گەیشتە کورسی دەسەلاّت لە ڕێگای (هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە) .

وە ئەمانە زیاتر کاریگەرن بە بیروبۆچوون و کتێبەکانی (صۆفی حەسەن بەننا) و سەرکردە و نووسەرە (نەرم ڕەوەکان) وەك (زەنەدانی و تورابی و مەلا قەرەزاوی) کە بنیات نراون لەسەر (خۆ گونجاندن و پێکەوە ژیان) ئەگەر چی لەسەر حیسابی مل کەچ کردن بۆ واقع و تەنازول کردن لە هەندێك بنەماکانی ئیسلامیش بێت بە مەبەست گەیشتنە سەر کورسی دەسەلاّت .

وە هەروەها باڵێکی تری (ئیخوان)ی بەناوبانگ هەیە کە پێیان دەوترێت (سروریەکان) و (جەماعەتی عبد الرحمن عبد الخالق) : ئەمانە زیاتر کاریگەرن بە بیروبۆچوون و کتێبەکانی (محمد سرور) و (عبد الرحمن عبد الخالق ی کوەیتی) و (عدنان عەرعور) و (سەلمان عۆدە) و (سەفەر حەوالی) ، بەلاّم ئەوەی ئەم باڵەی ئیخوان لەو دوو باڵە سەرەکییەکەی پێشو جوودا بکاتەوە ئەوەیە

**وەلام** / شێخ (مُقبل بن هادي الوادعي) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمووی :

---

: ئەمانە دەڵێن ئێمە (سەلەفین) لە بیروباوەڕ (عەقیدە)دا و (ئیخوانین) لە شێوازی کار و هەڵوێست و ڕووبەڕووبوونەوەدا ، هەر بۆیە ئەمانە بەم دروشمە ناسراون (سلفية المنهج عصرية المواجهة) .

=

وە ئەم باڵە زیاتر بەرگی (زانست) و (هاوچەرخ)ێتیان لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەبەر کردووە ، بۆ زیاتر تێگەیشتن نموونەیەکتان بۆ باس دەکەین (بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی لە کوردستاندا / حركة النهضة الإسلامية) کە پێش خۆناساندن و ئاشکرا کردنی خۆیان بە (خەتی دووی ئیخوان) ناسراو بوون !

بەڵام بە گشتی ئامانج و مەبەست و هەوڵی هەموو ئیخوانیی‌یەکان بە هەموو باڵەکانیانەوە تەنها و تەنها بریتییە لە گەیشتنە سەر کورسی دەسەڵات هەرچەندە بانگەشەی هێنانەوەی حوکمی ئیسلام و گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ موسڵمانان بکەن !

چونکە ئەوان خۆیان بۆ خۆیان حوکمی ئیسلامیان لە خۆیاندا جێبەجێ نەکردووە و نەیان توانیوە ملکەچی هەموو ئەو ئایەت و فەرموودانە ببن کە لەم کتێبەدا باسکراون لەگەڵ دەیان پێچەوانەی بیروباوەڕی و مەنهەجی و دەعەوی کە ڕەگی کوتاوە لە ناو مێشکیاندا ، بۆیە ئامادەن هەموو ڕێگایەك بگرنەبەر بۆ گەیشتە ئەم ئامانج و مەبەستە کە سەری لێیان شێواندووە و لە ڕێگای ڕاستی ئیسلام لای داون ! ! !

وە ئەوەش بزانە کە باسی (ئیخوان) کرا دەبێت ئەوەت یاد کەوێتەوە کە هەموو (ئەحزاب و جەماعاتە ئیسلامیی‌یەکان) دەگرێتەوە بە شێوەیەکی گشتی ، چونکە وەك لە پێشەوە باسمان کرد (**الإخوان المسلمين**) بە دایکی هەموو (ئەحزاب و جەماعاتە ئیسلامیی‌یەکان) دادەنرێت و بەرنامە و شێوەی کار و ڕێکخستنەکان و ئامانج و مەبەستی هەموویان یەك دەگرنەوە لە گەیشتنە سەر کورسی دەسەڵات هەرچەندە بە دەمی خۆیان ئەم ڕاستیی‌یە نەدرکێنن !

)أمَّا **جماعة الإخوان والتبليغ والقطبيين** ، فالأولى أنْ يُحكمَ على مناهجهم ، **فمناهجهم ليستْ بمناهج أهل السنة والجماعة** [أي الفرقة الناجية] ، أمَّا الأفراد فأنتم تعرفون أنَّ بعض الناس مُلَّبسٌ عليه ويكون سلفياً ويأتونه من باب نصر دين الله ويمشي معهم لا يدري ما هم عليه ، فهم خليط ، الأفراد خليط لا يُستطاع الحكم عليهم بحكم عام ، **لكن المناهج ليستْ بمناهج أهل السنة والجماعة**)[٣٠] أ.هـ.

واتە : کۆمەڵی (**الإخوان المسلمين والتبليغ والقطبيين**) چاکتر وایە کە بڕیار و حوکم بدرێت بە سەر بەرنامەکانیاندا ، **جا بەرنامەکانیان بەرنامەی ئەهلی سوننە و جەماعە** [واتە : کۆمەڵی ڕزگاربوو] **نییە** ، بەڵام تاکەکانیان ئێوە دەزانن کە هەندێك لە خەڵکی لێی تێك چووە و خەڵەتێنراوە و بێ ئاگایە لە بەرنامەکانیان و لەوانەیە سەلەفیش بێت و ئەوان بۆی دێن و هەڵیدەخەڵەتێنن لە ڕێگای سەرخستنی دین و ئاینی خواوە و ئەویش شوێنیان دەکەوێت و لەگەڵیاندا دەڕوات و نازانێت ئەوانیش لەسەر چ بەرنامەیەکن[٣١].

---

[٣٠] شريط : (الأسئلة السُّنية لعلاّمة الديار اليمنية) نقلاً عن كتاب ((حوار هادئ مع إخواني)) * ص : (٣٤ ـ ٣٥) .

* ئەم نامیلکەیە ، بەم زووانە بە وەرگێڕاوی بۆ زمانی کوردی چاپ دەکرێت (إن شاء الله) .

[٣١] دەڵێم : وەکو ئەوەی کە هات بە سەر هەندێك گەنجی دڵ پاك و دڵسۆزی پەیوەست بە دینەوە لە زۆربەی وولاتاندا ، بەڵام کاتێك شارەزای بەرنامەی حزبییەکان بوون و بە ئاگا هاتنەوە و وریابوونەوە لەو گومڕایی و لە ڕێدەرچوونەی کە ئەوان لەسەری بوون ـ بە فەزڵی خوا پاشان بە فەزڵی هاوشێوەی ئەم فەتوا و ووتانەی زانایان و هەندێ کتێب و نامیلکە کە خەڵکی ئاگادار دەکردەوە لە حزبایەتی و جیاوازی و پارچەپارچەگەرێتی ـ دوای ئەم بە ئاگا هاتنەوەیە وازیان هێنا

لە حزبایەتی و پشتیان هەڵکرد لە حزبییەکان و دوورەپەرێز بوونەوە لێیان ، ئەنجا خەڵکیان لێیان ئاگادار کردەوە لە خۆیان و بەرنامەکانیشیان ، وە ترسناکی و خەتەرناکی حزبییەکانیان بۆ سەر موسڵمانان ڕوون کردەوە و ڕاگەیاند ، جا ئەوانەی کە ژیر و هۆشمەندبوون سوودیان لێیان وەرگرت و خوا هیدایەتی دان بۆ سەر ڕێگای ڕاست و ڕزگاری کردن لە حزبایەتی و پارچەپارچەگەرێتی و بەرهەمە تاڵەکانی کە دواتر بینیمان و بیستمان : =

ئەوەی کوژرا کوژرا ، وە ئەوەی گومڕابوو گومڕابوو ، وە خەڵکیان دوور خستەوە لە ئیلتیزام کردن و پابەندبوون بە ئیسلامەوە ، وە جوانی ئیسلامیان شێواند و لەکەداریانکرد بە کردارە پەلە ئالۆزاوییەکانیان ، وە خەڵکانێکی گێل و نەفامیشیان چاونەترس کرد بۆ تانە و تەشەردان و گاڵتەکردن بە دروشمەکانی ئاینی ئیسلام ...

وە ئاشکراترین نموونە لەسەر ئەم باسە ئەوەیە کە لە (جەزائیر)دا لە سەرەتای نەوەتەکانەوە ڕوویداوە و تا ئێستایش هەر بەردەوامە ، ئەو فیتنەیەی کە گەیشتە لوتکە و ئاگرەکەی تەڕ و وشکی سووتاند ، ئەو فیتنەیەی کە کێڵگە و نەوەی لە ناوبرد ، وە وڵاتی وێران کرد و ناوبانگی ئیسلام و موسڵمانانی شێواند لە هەموو چوارچێوەی جیهاندا .

وە بۆ ڕاوەستان لەسەر حەقیقەتی ئەم باسە ئەوا گوێ بگرە بۆ هەردوو کاسێتی تۆمار کراو بە ناونیشانی : (أثر الدعوة السلفية في حَقن الدماء الجزائرية) کە کۆمەڵێك لە فەتوای زانایانی لەخۆگرتوە ، هەروەها ئەم کتێبەش بخوێنەرەوە : (**فتاوى الأئمة الأكابر فيما أُهدِرَ من دماءٍ في الجزائر**) کە ئەمیش فەتوای پێشەوایان : (ابن باز والألباني وابن العثيمين والمدخلي) لە خۆ گرتوە ، وە هەروەها کتێبی : (**تخليص العباد من وحشية أبي القتاد**) بخوێنەرەوە کە هەردووکیان بەرهەمی ئەم شێخە پایەبەرزەیە : (عبد الملك رمضاني الجزائري) .

وە لە **فیتنەی** (**جەزائیر**) ئاشکراتر : **فیتنەکەی** (**ئەفغانستان**)ی وێرانکراوە کە پێویست بە باس کردن ناکات ! ! !

وە ئامۆژگاریت دەکەم بە خوێندنەوەی کتێبی : (الطريق إلى الجماعة الأم) نووسینی : (عبد السلام نوح) .

ئەندامەکانیان تێکەڵ و جۆراوجۆرن ، بۆیە ناتوانرێت بڕیار و حوکم بدرێت بە سەریاندا بە حوکمێکی گشتی ، **بەڵام بەرنامەکان بەرنامەی ئەهلی سوننە و جەماعە نییە)**[٣٢].

---

[٣٢] **سودێك** : شێخ (الألباني)ش ڕەحمەی خوای پەروەردگاری لێبێت هەمان پرسیاری پێشو کە لە شێخ (مقبل) کراوە لەویش کراوە ئەویش بەهەمان شێوە حوکمی داوە بە سەر بەرنامەکانیان کە بەرنامەی ئەهلی سوننە و کۆمەڵی ڕزگاربوو نییە بەڵام تاك و شوێن

کەوتووەکانیان تێکەڵ و پێکەڵن !

**پرسیار** / (هل **الإخوان والتبليغ من الفرق** التي أخبر عنها النبي ﷺ) ؟

واتە : ئایا (**ئیخوان و تەبلیغ**) لەو **فیرقانەن** کە پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پێداوە ؟

**وەڵام** / شێخ (الألباني)ش لە وەڵامدا فەرمووی :

(لا ، لا ، الإخوان المسلمون فيهم من جميع الطوائف ، فيهم سلفيون .. فيهم خلفيون .. فيهم شيعة .. فيهم كذا وكذا ، فلا يصح أنْ يُطلَقَ عليهم صفةٌ واحدة ، وإنَّما نقول : **مَنْ تبنَّى منهجاً خِلاف الكتاب والسنة مِنْ أفرادهم فهو ليسَ من الفرقة الناجية بل من** الفرق الهالكة ، **أمَّا الجماعة** : **فأنا لا أقول عنهم أنَّهم من الفرقة الناجية السلفيين** .

[أحد السامعين] : ولا نقولُ منهجهم منهج سلفي ؟

الشيخ الألباني : أي طبعاً .

[السائل] : الحُكمُ على الأفراد ؟

الشيخ الألباني : **الحُكمُ على الأفراد أحسنتَ**) [تمَّ تفريغ هذا الفتوى من إحدى أشرطة "سلسلة الهُدى والنور" رقم : (٦٦٦ / ١) تمَّ تسجيلهُ بتاريخ : (٧ / شعبان / ١٤١٣ هـ . ٣١ / ١ / ١٩٩٣ م) .

واتە : نەخێر ، نەخێر ، (الإخوان المسلمون) لە هەموو چین و گروپەکانی تێدایە ، سەلەفیان تێدایە .. خەلەفییان [واتە : هەموو ئەوانەی کە پێچەوانەی بەرنامەی سەلەفن] تێدایە .. شیعەیان تێدایە .. وە چی و چیان تێدایە ... ، بۆیە ڕاست نییە یەك سیفەت بۆ هەموویان بەکار بهێنرێت ،

بەڵکو دەڵێین : هەر کەسێك لە تاکەکانیان بەرنامەیەك بۆ خۆی بنیات بنێت و بیگرێتەبەر کە پێچەوانەی قورئان و سوننەت بێت ئەوا ئەو کەسە لە کۆمەڵی ڕزگاربوو نییە بەڵکو لە فیرقە بەهیلاکداچووەکانە ، بەڵام **کۆمەڵی ئیخوان بە گشتی ئەوا من دەربارەیان ناڵێم لە کۆمەڵی ڕزگاربووی سەلەفین** .

[یەکێك لە دانیشتوان] : وە ناڵێین : **بەرنامەی ئیخوان بەرنامەیەکی سەلەفیانەیە** ؟

[شێخ ئەلبانی] : **ئەی طەبعەن بەڵی** .

[پرسیارکار] : واتە ئەو حوکمە بۆ تاکەکانە ؟ .

[شێخ ئەلبانی] : بەڵێ زۆر باشە **ئەو حوکمە بۆ تاکەکانە** .

مەبەستی (شێخ ئەلبانی) ئەوەیە کە بەرنامەی ئیخوان بەرنامەی ئەهلی سوننە و کۆمەڵی ڕزگاربوو نییە ، وە تاکەکانیان بە گشتی ئەم حوکمە نادرێت بە سەریاندا چوونکە تێکەڵ و هەمە جۆرن .

* هەروەها شێخ (ئەلبانی) فەرموویەتی :

(... أنَّ الإخوانَ المسلمين قد يكون فيهم أُناسٌ طيبين وصالحين ومخلصين ، **ولكنْ شُبِّهَ لهم** ... فنحنُ نُعَبِّر عن واقعهم : **أنَّهم ليسوا على المنهج السلفي القائم على الكتاب والسُّنَّة وعلى منهج السلف الصالح** ...) [الشريط رقم : (٦٠٠) من أشرطة "سلسلة الهُدى والنور"].

واتە : هەندێك جار لە نێوان (الإخوان المسلمين)دا کەسانێکی دڵ پاك و صالح و نیت پاك هەیە ، بەڵام چەواشە کراون بە شوبهە ...

بۆیە ئێمە واقع و حاڵی ئەوان دەردەبڕین کەوا (ئیخوانییەکان) لە سەر بەرنامەی سەلەفییەت نین کە بنیات نراوە و ڕاوەستاوە لە سەر (قورئان و سوننەت و بەرنامەی سەلەفی صالح) ...

* وە هەروەها لە گفتوگۆیەکدا لە نێوان شێخ (ئەلبانی) و یەکێك لە (سروریەکان)دا شێخ (ئەلبانی) دوای ووتەیەکی ئەو (سروریە) فەرموویەتی :

(لي ملاحظتان :

وصفتَ الإخوانَ المسلمين **كحزب** أنَّهم من أهل السنة ، هذا أولاً .. ثُمَّ قُلْتَ : يقول الشيخ سرور بأنَّ الخلاف في الفروع وليسَ في الأصول ، أنتَ شخصياً مقتنِع بهذا الكلام ؟! ...

هل الإخوان المسلمين **كحزب** هُم يعني على السنة ؟! ويتقبلونَ السنة ؟!) .

واتە : [لە سەر ووتەكانت] دوو تێبينيم هەيە :

لە ووتەكانتدا وەسفی (**الإخوان المسلمين**)ت كرد **وەكو** ( **حزب** ) بەوەی كە لە ئەهلی سوننەن ئەمە يەكەم شت !

ئەنجا ووتت : شێخ (سرور) دەڵێت : جياوازی نێوان (**سەلەفييەكان**) و (**حزبی و جەماعاتە ئيسلامىيەكان**) لە بابەتە (فەرعیيەكان)دايە نەك لە بابەتە (ئصولی) و (بنەماییەكان)دا بێت !

ئايا تۆ خۆت شەخصی باوەڕ و قەناعەتت بەم قسەيە هەيە ؟

ئايا (**الإخوان المسلمين**) **وەكو** ( **حزب** ) لە سەر سوننەتن ؟! وە ئايا سوننەتيان وەردگرن و پەيڕەوی دەكەن ؟!!

**كابرای (سروری)ش لە وەلامدا ووتی** : (الخِلاف في الأصول ، لكن الشباب الطيبين فيهم : ملتبَسٌ عليهم ، لا يعرفونَ التفاصيل عنهم فانساقوا معهم وانتضموا في صفوفهم) .

واتە : جياوازییەكە لە بابەتە (ئصولی) و (بنەماییەكان)دايە ، بەڵام گەنجە دڵ پاكەكانی نێوانيان : ئەمەيان لێيان تێكدراوە و خەڵەتێنراون ، ئەو گەنجانە ئەم جياوازییە ووردەكاريانە نازانن و لەگەڵياندا ڕۆيشتون و پەيوەنديان كردووە بە ڕيزەكانيانەوە .

ئەنجا شێخ (ئەلبانی) پرسياری لێكرد دەربارەی سەركردەكان و فەرمووی :

(لماذا تركتَ [ذكرَ] الرؤوس المُوجهين وذكرتَ الشباب ؟ لماذا تركتهم ؟ لماذا لا تتكلمُ عن جماعة القادة الذين يُوجهون هؤلاء الأفراد الطيبي القلوب الذين لو انفصلت الحزبية عنهم لكانوا مع الحق المُبين ؟!

فأنا أقول حينئذٍ : **ليسَ صواباً أنْ يُقال إنَّ الإخوان المسلمين من أهل السنة ، لأنَّهم يُحاربونَ السنَّة**) ["سلسلة الهُدى والنور" الشريط رقم : (٣٥٦)].

واتە : ئايا بۆ چی وازت هێنا لە باس كردنی سەركردە ڕێ پيشاندەرەكان و باسی گەنجەكانت كرد ؟ بۆ چی وازت هێنا لە باس كردنی سەركردەكان ؟ بۆ چی قەسە ناكەيت دەربارەی (جەماعەتی سەركردايەتی) ئەوانەی كە ڕێ پيشاندەر و ڕێنمايكاری ئەو تاكە دڵ

پاکانەن ئەوانەی کە ئەگەر حزبایەتی‌یان لـێ جودا بکرێتەوە ئەوا لەگەڵ حەقی ڕووندا دەبوون ؟!!

بۆیە ئێستا من دەڵێم : (**ڕاست نیە بوترێت** (الإخوان المسلمين) **لـە ئـەهلی سـوننەن ، چونکە ئەوان دژایەتی سوننەت دەکەن** ...

**وەڵامدانەوەی شوبهەی (ئیخوانی‌یە سروری‌یەکان) :**

سُئِلَ الشيخ الألباني رحمهُ الله عن قول من يدعي من السروريين عن الجمع بين السلفية والإخوانية ؟

**واتـە : پرسـیارکرا لـە شـێخ (ئـەلبانی) دەربـارەی ووتـەی ئـەو سـروری‌یانەی کـە بانگەشـە و پڕوپاگندەی کۆکردنەوەی نێوان سەلەفی‌یەت و ئیخوانی‌یەت دەکەن ؟**

**وەڵام / شـێخ (ئـەلبانی) ڕەحمـەتی خـوای پـەروەردگاری لێبێـت لـە وەڵامـی ئـەم شـوبهەیەدا فـەرمووی :** (نَحنُ نسمَعُ بالسروريين و□ نعرِفُ عنهم شيئاً ... أمَّا إذا كان هُناك مَنْ يقول يُمكن الْجمع بين السلفية والإخوانية فهذا كالْجمع بين الصواب والْخطأ إنْ لَمْ أقُلْ بين الْهُدى والضلال !

المنهج السلفي ليسَ لهُ بديل ، و□ يُمكن ا□ستعاضة عنهُ بشيءٍ آخر أو أنْ يُدْخَلَ فيهِ ما عليهِ بعضُ الأحزاب الأخرى كالإخوان المسلمين .

وأنا لـمثل هذه المناسبة كثيراً ما أقول : إنَّ منهج دعوة الإخوان المسلمين تقومُ على كلمتين اثنتين فيما فهمتهُ بتجربتي هذه الطويلة وهي : (كَتِّلْ ثُمَّ ثَقِّفْ) كَتِّلْ : جَمِّعْ الناس ثُمَّ ثَقِّفْهُم !

أمَّا دعوتنا فهي دعوةُ الرسول (ﷺ) وهي : (ثَقِّفْ ثُمَّ كَتِّلْ) ثَقِّفْ : عَلِّمْ ادعُ ثُمَّ اجمِعْ الناسَ على هذه الدعوة الصالحة ، أمَّا أنْ نُجْمِعَ الناس على عُجرهم وبُجرهم .. على هُداهم وضلالِهم ثُمَّ نُحاوِلَ أنْ نُثَقِّفَهم وأنْ نُمَيِّزَ لـهم الـهُدى من الضلال ، فهذا أو□ : خِلافَ ما ابتدأ بِهِ رسول الله (ﷺ) دعوتَهُ ، وثانياً : هذا أمرٌ □ ثمرةَ لهُ لأنَّنا نرى حتى بعض إخواننا الذين كانوا معنا على الْمنهج السلفي [يقصد عبد الرحمن عبد الخالق] لَـمَّا اشتغلوا بتكتيل الناس وتجميعهم نَسوا دعوتهم وفلتَ زِمام الأمر من بين أيديهم وأصابهم ما أصاب الإخوان المسلمين حيث مضى عليهم نحو قرنٍ من الزمان وهُم □ أقاموا دولة و□ حققوا كلمة أحد رؤوسهم الذي قال : "أقيموا دولةَ الإسلام في قلوبكم تُقَمْ لكم على أرضكم" فلا هُم أقاموا دولةَ الإسلام في قلوبهم و□ هُم أقاموا دولةَ الإسلام في أرضهم !

السبب : ((مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ)) .

ولذلك فعاقبةُ مَنْ يُخالف السنَّة أنْ يزدادَ ضلالاً وأنْ يذهبَ تَعَبُهُ سُدًى ، لذلك نحنُ نقول : كل الحركات وكل الدعوات القائمة اليوم على الأرض الإسلامية أنا أعَبِّر عنها بتعبير نظام عسكري في بعض البلاد (مكانكَ راوِحْ) هُم يتحركون وينشطون ويفعلون ويفعلون لكن في مكانهم لا يتقدمون في مكانهم هذا إنْ لمْ يتأخروا !!!

بينما دعوة السلف الصالح . والحمد لله . قد غَيَّرتْ العالم الإسلامي كلهُ حتَّى بعض هؤلاء الذين يُصِرُّون على انتهاج غير منهج السلف الصالح فقد صَلُحَتْ عقيدةُ الكثيرينَ منهم بسبب الدعوة السلفية :

. فعرفوا مِمَّا يَجِبُ للّهِ عزَّ وجل من الصفات بعد أنْ كانوا جاهلين بها .

. وعرفوا السنَّة الصحيحة من الضعيفة بعد أنْ كانوا يدعونَ إلى السنة على صحتها وعلى ما فيها من الضعف الذي لا يَصِحُّ نسبتهُ إلى النبي (ﷺ) وهكذا .

**ولذلك لا يُمكن أنْ أتصور الجمع بين المنهج السلفي والمنهج لـنَقْلْ الخَلَفي** ، وهذا آخرُ الجْواب والْحَمْدُ للهِ ربِّ العالمين) [مُفرَّغ من الشريط رقم : (٦٩٩) من أشرطة "سلسلة الهُدى والنور"] .

واتە : ئێمە (سروریەکانمان) بیستوە و هیچ شتێکیش دەربارەیان نازانین ... بەڵام ئەگەر کەسانێك هەبن بڵێن دەتوانرێت (**سەلەفیەت**) و (**ئیخوانیەت**) کۆبکرێتەوە ئەوا ئەمە وەکو کۆکردنەوەی نێوان ڕاستە و هەڵە وایە ئەگەر نەشڵێم وەکو کۆکردنەوەی نێوان هیدایەت و گومڕایەتی وایە !

**بەرنامەی سەلەفیەت** هیچ جێگرەوەیەکی نیە و مومکین نیە و ناشتوانرێت بە هیچ شتێکی تر جێی بگیرێتەوە یان شتانێکی دەرەکی بخرێتە ناویەوە کە هەندێك لە ئەحزابەکانی تری لە سەرە وەك (**الإخوان المسلمين**) .

وە من بە بۆنەی ئەم بابەتەوە زۆر جارێك دەڵێم : بە ڕاستی بەرنامەی (**الإخوان المسلمين**) بنیات نراوە و ڕاوەستاوە لە سەر دوو ووتە بە پێی ئەو تێگەیشتنەی کە تێیگەیشتوم لە ڕوانگەی ئەم تاقیکردنەوە دوور و درێژەمەوە ئەو ووتەیەش بریتییە لە (كَتِّلْ ثُمَّ ثَقِّفْ) واتە : جەماوەر کۆبکەرەوە و بیانهێنە بۆ ناو ڕێکخستنەکان و ئەنجا گۆشی بکە و بیری بشۆرەوە بە بیروبۆچوون و کاری حزبی و حزبایەتی پێکردن و هیچی تر !

**بەڵام بانگەوازەکەی ئێمە بریتییە لە بانگەوازەکەی پێغەمبەر** (ﷺ) کە بریتییە لە : (ثَقِّفْ ثُمَّ كَتِّلْ) ، [ثَقِّفْ] واتە : فێریان بکە .. بانگەوازیان بکە ئەنجا جەماوەر کۆبکەرەوە لە سەر ئەم بانگەوازە چاکە ، بەڵام ئێمە جەماوەر کۆبکەینەوە بە چاك و خراپیانەوە .. و بە هیدایەتدار و گومڕایانەوە ئەنجا هەوڵی ئەوە بدەین کە بیروباوەڕیان ڕووناك بکەینەوە و هیدایەت و گومڕایەتیان بۆ ڕوون بکەینەوە ! ئا ئەمە یەکەم شت :

**پێچەوانەی ئەو بەرنامەیەیە کە پێغەمبەری خوا** (ﷺ) **لە سەرەتاوە گرتییەبەر لە بانگەوازەکەیدا** ، وە دووەمین شت : **ئەم کارە بەرهەمی نییە** چونکە ئێمە دەبینین هەندێك لە براکانمان کەوا لەگەڵ ئێمەدان لە سەر (بەرنامەی سەلەفییەت)ن [مەبەستی : (عبد الرحمن عبد الخالق)ـە] کاتێك خۆیان خەریك کرد بە (کۆکردنەوەی جەماوەر و ڕێکخستنیان) بانگەوازەکەی خۆیان لە بیرچوویەوە و کار لە کار ترازا و ڕەشمەی کاریش لە دەستیان دەرچوو و توشی ئەو نەخۆشییە بوون کە (**الإخوان المسلمين**) توشی بووە **ئەوا نزیکەی یەك سەدە بە سەر بانگەوازەکەیاندا ڕۆیشتووە و لە هەمان کاتدا نە دەووڵەتیان پێکهێنا** و نە ئەو ووتەیەی یەکێك لە سەرکردەکانیان بەدیهێنا کە ووتویەتی : (**دەوڵەتی ئیسلام لە ناو دڵەکانتانا دابمەزرێنن** ئەو کاتە لە سەر زەویدا بۆتان دادەمەزرێت) جا **ئیخوانییەکان نە دەوڵەتی ئیسلامیان لە ناو دڵەکانیاندا دامەزراند** وە **نە دەوڵەتی ئیسلامیشیان لە سەر زەویدا دامەزراند !!!**

هۆکەش بریتییە لەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی :

"هەرکەسێك لەم دینەکەماندا **شتێك دابهێنێت** کە لە تێیدا نەبێت ئەوا **ڕەت دەکرێتەوە**" .

بۆیە سەرەنجامی ئەو کەسەی کە پێچەوانەی سوننەت بکات ئەوەیە : کە زیاتر گومڕا دەبێت و ماندووبوونەکەشی بە بەلاش دەڕوات .

لە بەر ئەمە دەڵێن : هەموو بزوتنەوەکان و هەموو ئەو بانگەوازانەی کە ئەمڕۆ هەن لە سەر زەوی موسڵماناندا من هەوڵەکانیان هەڵدەسەنگێنم و دەریدەبڕم بە تەعبیرێکی ساربازیانە کە لە هەندێك ووڵاتاندا دەڵێن : (لە جێی خۆتدا بجولێرەوە و برۆ) ، بەڵێ ئەوان دەجولێنەوە و چالاکیان هەیە و ئەوە دەکەن و ئەوە دەکەن ... بەڵام هەر لە جێگاکەی خۆیاندان و هیچ پێش نەکەوتوون لە جێگاکەی خۆیان .. ئەمە ئەگەر بەرەو دواش نەڕۆیشتبن !!!

وە هەروەها **شێخ** (مُقبل) ڕەحمەتی خوای لێبێت **فەرموویەتی**:

(ومِنْ فِتَنِ آخر الزمان : كَثرَةُ الجماعات الإسلامية واختلافها ...)(*).

**واتە : یەکێك لە فیتنە و ئاشوبەکانی ئاخر زەمان بریتییە لە : زۆربوونی کۆمەڵە ئیسلامییەکان و جیاوازی نێوانیان ...**

**وە هەرکەسێك دەیەوێت زۆرترین وتە و فەتوای ئەم پێشەوا ڕێزدارەی بەردەست بکەوێت سەبارەت بە (فرە حزبی و حزبایەتی و کۆمەڵە حزبییەکان /** التعددية والحزبية والجمعيات الحزبية) ، **هەروەها سەبارەت بە (ئەحزاب و جەماعاتە**

---

بەڵام بانگەوازی (**سەلەفی صالح**) ـ سوپاس بۆ خوا ـ هەندێك گۆڕانکاری هێناوە بە سەر هەموو جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی تەنانەت ئەو کەسانەش کە سوورن لە سەر گرتنەبەری جگە لە بەرنامەی (**سەلەفی صالح**) .. بۆیە بیروباوەڕی زۆرێك لەوان چاك بووە بە هۆی (**بانگەوازی سەلەفییەت**)ەوە :

ـ جا فێری ئەوە بوون کە پێویستە بۆ خوای گەورە و بە دەسەڵات لە سیفتەکانی دوای ئەوەی کە نەزان و بێئاگابوون پێیان .

ـ وە فێری جیاکردنەوەی فەرموودەی (صحيح) لە (ضعيف) بوون دوای ئەوەی کە بانگەوازیان دەکرد بۆ فەرموودەکان بەوەی کە (صحيح)ە و بەوەش کە (ضعيف)ە و دروست نییە بدرێتە پاڵ پێغەمبەر (ﷺ) .. وە بە هەمان شێوە شتانێکی دیکەش .

**لە بەر ئەمە ناتوانم تەصەوری (کۆکردنەوەی نێوان بەرنامەیە سەلەفییەت و بەرنامەی** ـ با بڵێین ـ **خەلەفییەت) بکەم** ، ئەمە کۆتایی وەڵامەکەمە ، وە سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری هەموو جیهانییان .

(*) المخرج من الفتنة للشيخ مقبل بن هادي الوادعي رحمه الله ص : (٧٠) .

ئیسلامییەکان بە تایبەت جەماعەتی ئیخوان و جەماعەتی تەبلیغ / الأحزاب والجماعات الإسلامية وخصوصا جماعة الإخوان المسلمين وجماعة التبليغ) ئەوا با ئەم کتێبە زۆر بە نرخ و گرنگە بخوێنێتەوە بە ناونیشانی :

(**إعلام الأجيال بكلام الإمام الوادعي في الفرق والكتب والرِّجال**) بە تایبەت لاپەڕەکانی : (٥١ ـ ٧٩) : بە ناونیشانەکانی :

ـ (كلام الشيخ رحمه الله في التعددية) ..

ـ (كلام الشيخ رحمه الله في الحزبية) ..

ـ (كلام الشيخ رحمه الله في الجمعيات الحزبية) ..

وە لاپەڕەکانی : (١٦٢ ـ ١٨٢) : بە ناونیشانەکانی :

ـ (كلام الشيخ رحمه الله في الإخوان المسلمين) ..

ـ (كلام الشيخ رحمه الله على التبليغ) ..

ـ (كلام الشيخ رحمه الله على حزب التحرير الإسلامي) ..

## ٥ ـ فـتوى الشيـخ الـمُحدِّث العلاَّمَّة ربيـع الـمدخلـي[٣٣] ( ١٣٥٢ هـ ) حفظهُ الله :

زانـای پایـه بـەرزی فـەرموودەناس ، پاشمـاوەی سـەلەف ، هـەڵگری ئـاڵای (جـەرح و تەعـدیل) لـەم سـەردەمەدا ، سـەرکوتکاری بیدعـەی حزبایـەتی و بیدعەچییەکان ، شکێنەری پشتی (قوطبییەکان) ، زاناترین و چاوڕۆشنترین کەس بە خراپە و پۆخڵەوات و تەم و مژی حزب و کۆمەڵە ئیسلامـییـە هاوچەرخەکان ، شێخ (ربيع بن هادي المدخلي) خوا بیپارێزێت :

---

(٣٣) **ثناء العلماء على الشيخ ربيع :**

قال فيه الشيخ عبد العزيز **ابن باز** رحمه الله أنَّهُ : **(مِنْ خِيرة أهل السنَّة ...)** وأوصاهُ بالدعوة إلى الله والاستمرار في الرد على المخالفين لمنهج السلف **ونصحهُ بالرد على كل مُخالفٍ للحق والسنة** ، وأوصى بالاستفادة من كتبهِ .

واته : شێخ ڕەبیع : (لە باشترینی ئەهلی سوننەیە) ، (وە ڕاسپاردەی کردووە بە بانگەواز کردن بۆ لای خوا و بەردەوام بوون لە سەر وەڵام دانەوەی ئەو کەسانەی کە پێچەوانەی ڕێباز و بەرنامەی سەلەفن ، وە ئامۆژگاری کردووە بە وەڵام دانەوەی هەموو ئەوانەی کە پێچەوانەی حەق و سوننەتن ، هەروەها ئامۆژگاری موسڵمانانی کردووە بە سوود وەرگرتن لە کتێبەکانی) .

وقال فيه الإمام محمد ناصر الدين **الألباني** رحمه الله ثناءً عليه أنَّهُ : **(حاملُ راية الجرح والتعديل في هذا العصر)** ، وقال أيضاً : **(إنَّ مَنْ ينتقد طريقة الشيخ ربيع : إمَّا جاهلٌ فيُعَلَّم ، وإمَّا صاحب هَوى فيُستَعاذُ باللهِ من شَرِّهِ ، ونطلبُ من اللهِ إمَّا أنْ يهديهُ وإمَّا أنْ يُقصِمَ ظهرهُ)** .

واتـە : (شـێخ ڕەبیـع : هـەڵگری ئـاڵای (جـەرح و تەعدیلـە) لـەم سـەردەمەدا) ، هـەروەها فەرموویەتی: (ئەوەی کە ڕەخنە لە ڕێگا و ڕێبازی شێخ ڕەبیع دەگرێت : یاخود نەزانە دەبێت فێر

بکرێت ، وە یاخود خاوەنی هەوا و ئارەزووە دەبێت پەنا بە خوا بگیرێت لە شەڕ و خراپەی ، وە داوا لە خوا دەکەین: یان هیدایەتی بدات یاخود پشتی بشکێنێت) .

وقال فيه الشيخ **ابن العثيمين** رحمه الله : (**الشيخ ربيع من علماء السنَّة ، ومن أهل الخير ، وعقيدتهُ سليمة ، ومنهجهُ قويم ...**) ، وقال أيضاً : (**أنا ما علمتُ عنهُ إلاَّ خَيراً**) .

واتە : (شێخ رەبیع : یەکێکە لە زانایانی سوننەت ، وە یەکێکە لە ئەهلی خێر و چاکە ، وە بیروباوەڕی ڕاست و سەلامەتە ، وە ڕێباز و بەرنامەکەشی ڕێك و ڕاستە) ، هەروەها فەرموویەتی : (من هیچ شتێکم دەربارەی نەزانیوە تەنها خێر و چاکە نەبێت) .

وقال فيهِ الشيخ **مُقبل** بن هادي الوادعي رحمه الله أنَّهُ : (**مِنْ أبصر الناس بدَخَن الجماعات والأحزاب الإسلامية المعاصرة**) وقال أيضاً : أنَّهُ : (**آيةٌ من آيات الله في معرفة الحزبيين .. ويُخرِجُ الحزبيةَ بالمناقيش**) .

واتە : شێخ رەبیع : (زاناترین و چاوڕۆشنترین کەسە بە پۆخڵەوات و خراپە و تەم و مژی کۆمەڵ و حزبە ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمە) ، هەروەها فەرموویەتی : شێخ رەبیع : (ئایەتێکە لە ئایەتەکانی خوا لە ناسینی حزبییەکان و حزبایەتی بە موو هەڵکێش دەردێنێت)

.

وقال فيه الشيخ **صالح الفوزان** حفظه الله أنَّهُ : (**من العلماء البارزين** ، وأنَّ لهُ جهوداً في الدعوة إلى الله **والرد على مَنْ يُريدون الانحراف بالدعوة عن مسارها الصحيح ...**) .

واتە : شێخ رەبیع : (یەکێکە لە زانا ناودارە هەڵکەوتووەکان ، وە چالاکی هەیە لە بواری بانگەواز کردن بۆ لای خوا و وەڵام دانەوەی ئەوانەی کە دەیانەوێت بانگەواز لابدەن لە سەر ڕێڕەوە ڕاستەکەی) .

بگەڕێرەوە بۆ : ((المجلة السلفية)) ژمارە (٢) لاپەرە : (٥٤ ـ ٥٧) ، وە بۆ زیاتر ڕاوەستان لە سەر وێنەی ئەم ووتانە ئەوا زنجیرەی دووەمی : ﴿**فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ**

کـە وتـەکانی سـەبارەت بـە بیدعـە زانـینی حـزب و کۆمەڵـە ئیسـلامـیـیـە هاوچەرخەکان ، هەروەها ژماردنیـان لـە ڕیـزی حـەفتا و دوو (٧٢) تـاقم و فیرقـە گومڕا و فەوتا و سەرلێشێواوەکان (الفِرَق الضالة) بـڵاو و زانراوە ، بە شێوەیەك کـە کەسانی دوور و نزیك ئەم وتانە دەزانن ، بۆیە شێخ (ربیع) بوەتە دڕك لە گـەرووی حزبی‌یەکانـدا و شمشـێری تیـژی هەڵکێشـراوە لـە سـەر سـەری (قـوطبی‌یـەکان) و (حەرەکی‌یەکان)دا ، بە شێوەیەك کە هەر ناوی خۆی و کتێبەکانی هێنـرا یەکسـەر دڵـی ئەو کەسانە گـرژ دەبێت کە دینەکەیان پارچەپارچە کردووە و بوونە بە بەش بـەش و پێـڕ پێـڕ و حـزب حـزبـی‌یـەوە ، هـەروەها پێسـتەکانی لاشـەیان لـە ڕق و خۆپارێزیدا دێتەوەیـەك ، وە سـەر و پەلـەکانیان دێنـە لـەرزین لـە ترسـاندا وەکـو بڵـێی هەورەبروسکەی خوای بە توانا و گەورە کەوتبێتە سەر سەریان .

وە لەو بەڵگانەی کە لە سەر ئەم بابەتە هاتووە ـ لەوانـەی کـە تـا ئێسـتا مـن بینیومە ـ لە وتە و کتێبەکانی شێخ (ربیع) خوا بیپارێزێت:

* کتێبە بێهاوتاو بـە سـوودەکەیەتی : ((جماعة واحدة لا جماعات وصراط واحد لا عشرات)).

---

**تَعْلَمُونَ** ، بخوێنەرەوە کە ئەمە ناونیشانێتی : (ثناء كبار علماء أهل السنة والجماعة على فضيلة الشيخ ربيع بن هادي المدخلي) .

که له چەند شوێنێکدا تێیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە حزب و کۆمەڵە ئیسلامییە هاوچەرخەکان وەك : (التبليغ والإخوان والقطبيون الحركيون) لە ئەهلی سوننە نین ، بەڵکو بەرنامە و ئامانجی جیاوازیان هەیە کە پێچەوانەی ڕێباز و بەرنامەی (کۆمەڵی ڕزگاربوو و سەرکەوتوو)ـە (الفرقة الناجية والطائفة المنصورة).

فقال رداً على عبد الرحمن عبد الخالق الكويتي:

(إنَّ هذا الكلام يُعطي : أنَّ **جماعات التبليغ وجماعات الإخوان** همُ الطائفة المنصورة والفرقة الناجية ! وأنَّ عقائدهم وأعمالهم

المعروفة ...حَقٌّ ! **وهذا أمرٌ خَطيرٌ** ...)[٣٤].

---

(٣٤) "جماعة واحدة لا جماعات" **لاپەڕە** : (٧٥) ، **وە بڕوانە ئەم لاپەڕانە** : (٥٣) و (٥٦) و (٧٣ ـ ٧٤) و (٩٠ ـ ٩١) و (٩٢ ـ ٩٣) و (٩٨ ـ ٩٩) و (١٠٩) ، **بۆ زانیاریت زۆر لە زانایان وەکو شێخ** : (مقبل والفوزان والنجمي وزيد المدخلي والفقيهي وصالح السُحيمي) **ئەم کتێبەیان خوێندووەتەوە و پێشەکیان بۆ نووسیوە و پشت گیریان کردووە و فەرموویانە** : (إنهُ كافٍ وافٍ بالمقصود) **واتە : ئەم کتێبە لەم بابەتەدا بەسە و مەبەستی پێکاوە ، هەروەها ئامۆژگاری گەنجانیان کردووە بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە ، بڕوانە** : (ثناءُ كبار العلماء على الشيخ ربيع بن هادي المدخلي).

**هەروەها شێخ (ڕەبیع) خوا بیپارێزێت سەبارەت بە مەنهجی خۆی بەرامبەر بە (حزبایەتی و پەرتەوازەی و پارچەپارچەگەرێتی) بە ڕاشکاوی فەرموویەتی** : (إنَّ ربيعاً يُحارِبُ الفُرقةَ والتفرُّق والحزبية والتحزُّب ويدعو ـ من أول حياتهِ إلى أنْ يموت إنْ شاء الله ـ إلى الاعتصام بالكتاب والسنَّة وإلى منهج السلف الصالح) "النصر العزيز على الرد الوجيز" ص : (١١٨) .

واتە : ئەم قسەیە[٣٥] ئەو مانایە دەبەخشێت کەوا : کۆمەڵەکانی (تەبلیغ و ئیخوان) بریتین لە کۆمەڵی سەرکەوتوو و ڕزگار بوو ، هەروەها بیروباوەڕ و کردەوە زانراوەکانیان ... ڕاستە ! وە ئەمەش بڕیارێکی زۆر ترسناکە ...

---

واتە : بە تەئکیدی شێخ (ڕەبیع) دژایەتی (پەرتەوازەی و پارچەپارچەگەرێتی) و (حزبایەتی) دەکات ، وە بانگەواز دەکات ـ لە سەرەتای ژیانیەوە تا مردنی بە ویستی خوا ـ بۆ دەست گرتن و پەیوەست بوون بە (قرئان و سوننەت و بەرنامەی سەلەفی صالحەوە) .

وە **هەروەها شێخ (ڕەبیع) لە وەڵامدانەوەیەکیدا بۆ شوبهەیەکی** (عبد الرحمن عبد الخالق) **فەرموویەتی** : (إنَّ الخلاف بين عبد الرحمن وبين علماء المنهج السلفي وعلى رأسهم الشيخ ابن باز والألباني إنَّما هو في تحريم التفرُّق أو جوازِهِ ، فالكتاب والسنة والإجماع وما عليهِ أهل المنهج السلفي ومنهم ابن باز والألباني **تحريم التفرُّق والتحزُّب في هذه الأمَّة** ...) "النصر العزيز" ص : (١٦٩) .

واتە : جیاوازی نێوان (عبد الرحمن) و زانایانی بەرنامە و مەنهەجی سەلەفیەت وە لە سەروی هەموویانەوە شێخ (ابن باز والألباني) لەوەدایە ئایا پەرتەوازەی و پارچەپارچەگەرێتی حەرامە یان دروستە ، جا **(قورئان و سوننەت و کۆڕای زانایان)** و **ئەو بەرنامەیەی کە ئەهلی مەنهەجی سەلەفیەتی** لە سەرە لەوانەش (ابن باز والألباني) **بەڵگەن لە سەر حەرامێتی پەرتەوازەی و پارچە پارچەگەرێتی لە نێو ئەم ئوممەتەدا** .

[٣٥] مەبەست بەمە قسەیەکی (عبد الرحمن عبد الخالق) ـە کە تێیدا ئەوە ڕادەگەیەنێت کەوا ئەو حزب و کۆمەڵە ئیسلامیەیە هاوچەرخانە بەشێکن لە (کۆمەڵی ڕزگار بوون) !!! ، بڕوانە کتێبی : "جماعة واحدة لا جماعات" لاپەڕە : (٧٤ ـ ٧٥) .

**سودێك** : شێخ (ڕەبیع) لە میانەی ڕوون کردنەوەیدا بۆ گومڕایەتی و لە ڕێ دەرچوونی (عبد الرحمن عبد الخالق) لە سەر ڕێگای ڕاست لە کتێبەکانەیدا وەك : ["مشروعية العمل

وە لە کۆتایی ئەم کتێبە بێهاوتایەدا (١٧٦ ـ ١٨٤):

فـەتوای زانایـان و پێشـەوایان شـێخ : (**ابـن بـاز والألـبانـي وابـن العثـيمين والفوزان**)ی باس کردووە سەبارەت بە حەرامێتـی بوونی چـەند حـزب و کۆمـەڵێك لە ئیسلامدا و ئەمانە لە سەر ڕێگای ڕاسـت نـین ، بـەڵکو لـە سـەر ڕێـچکە کورتـە پەرتەوازەکانن ، هەروەکو چۆن شێخ (الألباني والفوزان) بە ڕاشکاوی ئـەم باسـەیان کردووە و فەرموودەکـەی (ابن مسعود) و جگە لەویشیان کـردووە بە بەڵگـــە .

ئەنجا لە دوای باس کردنی ئەو فەتوایانە فەرموویەتی :

(أقول : وفي الـجُملة فعلماءُ الإسلام وعلماء السنة في السابق واللاحق **لا يُجيزون هذا التفرُّق ولا هذا التحزُّب ولا هذه الـجماعات الـمُختلِفة في مناهجها وعقائدها** ،

---

الـجماعي" و "العمل الـجماعي عند ابـن تيمية" و "أصول العمل الـجماعي" و جگـە لەمانــەش] فەرموویەتی :

(وفي كل هذه الكتب دعوة إلى التحزُّب وتعدد الـجماعات والأحزاب ، ودفاعٌ عن **هـذه الأحزاب والـجماعات الـمُخالفة لأهل السنة والـجماعة** ...) انظر : "النصر العزيز" ص : (٥٢ ـ ٥٣) .

واتە : لە هەموو ئەم کتێبانەیدا بانگەواز دەکات بۆ حزبایـەتی و بـوونی فـرە کۆمـەڵی و فرە حزبی ، وە بەرگریشی تێدایە لە پێناو ئەم (ئەحزاب و جەماعاتانە) کـە **پێـچـەوانەن بـۆ ئەهلی سوننە و جەماعە** ...

**لأنَّ الله حـرَّمَ ذلـك وكـذلك رسـوله** (ﷺ) ، والأدلـة كثـيرة ، وقـد سـبقَ سـردها فـي مواطنها)[٣٦] أ.هـ

**واته : دەڵێم : بە کورتی زانایانی ئیسلام و سوننەت لە کۆن و تازەدا نە ڕێگەیان داوە بەم پارچەپارچەیەیە وە نە ڕێگەیان داوە بە حزبایەتی وە نە ڕێگەشیان داوە بەم چەندین کۆمەڵە جیاوازانە لە بەرنامە و بیروباوەڕیاندا ، چونکە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەمانەیان هەموو حەرام کردووە ، وە بەڵگە لە سەر ئەمەش زۆرە و پێشتر لە شوێنی خۆیدا باسمان کردووە .**

---

[٣٦] جماعة واحدة لا جماعات ص : (١٨٤) .

**سوودێك** : شێخ ڕەبیع لە نامیلکەیەکی خۆیدا بە ناونیشانی : (أقوال العلماء في جماعة التبليغ) ئەو فەتوایەی شێخ (ابن باز)ی باس کردووە کە تێیدا فەرموویەتی : (ئیخوان و تەبلیغ : لە (٧٢) حەفتاودوو فیرقە گومڕا و فەوتاوەکەن) ، وە دانیپێدا دەنێت و دەیکاتە بەڵگە .

**هەروەها شێخ ڕەبیع - خوا بیپارێزێت - کاسێتێکی تۆمار کراوی هەیە بە ناونیشانی : (الإخوان المسلمون ليسوا من أهل السنة)** ، واته : (الإخوان المفلسون) **لە ئەهلی سوننە نین.**

**سوودێکی تر** : وە شێخ ئەلبانی - ڕەحمەتی خوای لێبێت - فەرموویەتی : (**ليس صواباً أنْ يُقال : إنَّ الإخوان المسلمين هم من أهل السنة ، لأنَّهم يُحاربونَ السنة**) من شريط مسجّل بعنوان (فتوى حول جماعة التبليغ والإخوان) تسجيلات ((مناهج السنة)) في الرياض .

**واته : ڕاست نیيە بوترێت** : (الإخوان المسلمين) **بەشێکن لە ئەهلی سوننە چونکە ئەوان دژایەتی سوننەت دەکەن .**

**زنجیرەی سێیەمی ﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾ ، بخوێنەرەوە بە ناونیشی :** (أقوال عُلماء السنَّة في جماعة الإخوان المسلمين) .

وقال الشيخ ربيع مستنكرا على أبي الحسن المأربي ورادا عليه:

(...ويحكم للتبليغ والإخوان إلى يومنا هذا بأنهم من أهل السنة وهو يعلم : **أنَّ علماء السنة مُطبقين وعلى رأسهم ابن باز والألباني أنَّهم حكموا على هاتين الفرقتين فرقة الإخوان وفرقة التبليغ أنَّهم ليسوا من أهل السنة وأنَّهم من أهل البدع وأنَّهم من الفرق الهالكة** ، وهو يعاند العلماء إلى يومنا هذا ولو كان على رأسهم ابن باز والألباني ويقول إنَّهم من أهل السنة ! ...)*.

**واتە : (أبو الحسن المأربِي) تاوەكو ڕۆژگارى ئێستاشمان بڕیاردەدات بەسەر (تەبلیغ و ئیخوان)دا بەوەى کەوا لە ئەهلى سوننەن ئەمە لەکاتێکدا کە خۆى دەزانێت : زانایانى ئەهلى سوننە ـ وە لە سەروویانەوە (ابن باز) و (الألباني) ـ کۆڕان و بڕیاریان لەسەر ئەوە داوە کەوا ئەم دوو فیرقە و تاقمە (فریقەى ئیوان) و (فریقەى تەبلیغ) لە ئەهلى سوننە نین و لە ئەهلى بیدعەن و لە فریقە تیاچووەکانن ، بەڵام ئەو تاوەکو ڕۆژگارى ئێستاشمان ملهوڕى و بەرهەڵستى زانایان دەکات ئەگەر چى (ابن باز) و (الألباني)یش لە سەروویانەوە بن و دەڵێت ئەوان لە ئەهلى سوننەن !**

---

* مقتبس من مقال للشيخ ربيع حفظه الله بعنوان : (كلام العلامة ربيع حفظه الله وزعاه عن الشدة) منشور في "شبكة البينة السلفية" ، وە بڕوانە : لاپەڕە (١٧ ـ ١٨) ئەم کتێبە .

## ٦ ـ فتوى الشيخ الفقيه العلاَّمَّة صالح الفوزان ( ١٣٥٤ هـ ) حفظهُ الله :

وە پرسياركرا لە زاناى بانگەوازكار ، شەرع زان و فـەقيهى سەلەفــى ، چياى بڵند و دامەزراو ، پاشماوەى سەلەف ، ئەندامى دەستەى گەورە زانايـان ، شـێخ : (صالح بن فوزان الفوزان) خوا بيپارێزێت:

**پرسيار** / هل هذه الجماعات تدخلُ في الاثنتين وسبعين فِرقة ؟

واتە : ئايا ئەم كۆمەڵانە دەچنە ڕيزى (٧٢) حەفتاودوو فيرقەكەوە ؟

**وەڵام** / شێخ (صالح الفوزان) خوا بيپارێزێت فەرمووى:

(**نَـعَــم** ، كُلُّ مَنْ خالفَ أهل السنَّة والجماعة ـ ممَنْ ينتسبُ إلى الإسلام ـ في الدعوة ، أو في العقيدة ، أو في شيءٍ من أصول الإيمان : فإنَّهُ يدخلُ في الاثنتين وسبعين فِرقة ، ويشملهُ الوعيد ، ويكونُ لهُ من الذم والعقوبة بقدر مُخالفتهِ)[٣٧] أ.هـ

---

[٣٧] الأجوبة المفيدة على أسئلة المناهج الجديدة ، للشيخ صالح الفوزان ص : (١٦) الطبعة الأولَى ، هەروەها لە هەمان كتێب تەماشاى ئـەم لاپەڕانە بكە : (٩) و (١٠) و (١٢) و (١٤ ـ ١٥) و (٢١) و (١٤٤ ـ ١٤٥) و (١٤٦) و (١٤٧ ـ ١٤٨) ، چونكە وەڵامى لێك نزيكيان تێدايە سەبارەت بەو بابەتەى كە لە سەرەوە باس كرا ، وە شێخ لە هەموو ئەو لاپەڕانەدا بڕيار و حوكم دەدات بە سەر ئـەم كۆمـەڵ و ئەحزاب و فيرقە هاوچەرخانەى ئێستا بەوەى كەوا لە ئەهلى سوننە و كۆمەڵى ڕزگار بوو نـين بـەڵكو لە (٧٢) حەفتاودوو فيرقە گومڕاكەن هەروەكو چۆن پێشتر فەتواكەيمان باسكرد كە بە ڕاشكاوى ئـەم

واتە : **بەڵێ** ، هەموو ئەوانەی کە پێچەوانەی (ئەهلی سوننە و جەماعە) دەکەن لەوانەی کە خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام : لە بانگەوازکردندا یاخود لە بیروباوەڕدا یاخود لە شتێك لە بنەما و بنچینەکانی ئیماندا : ئا ئەوانە دەچنە ڕیزی ئەو (٧٢) حەفتاودوو فیرقە و تاقمانەوە ، وە هەڕەشەی خوا دەیانگرێتەوە ، وە سەرزەنشت دەکرێت و سزا دەدرێت و تۆڵەشی لێدەسێنرێتەوە بە گوێرەی سەرپێچی کردنەکەی .

**پرسیاری دووەم** / فضيلة الشيخ : يقول الرسول (ﷺ) : ((سَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي عَلَى ثَلاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً ...)) ، فهل العدد محصورٌ أو لا ؟

واتە : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : ئوممەتەکەم پارچەپارچە دەبێت بۆ حەفتاوسێ فیرقەوە ، ئایا ئەم ژمارەیە کورت هەڵچێنراوە و زیاد و کەمی تێدا دەبێت یان نا ؟

**وەڵام** : (ليس هذا من باب الحصر ، لأنَّ الفِرَقَ كثيرةٌ جداً ، إذا طالعتم في (كتب الفرق) وجدتم أنهم فِرَقٌ كثيرةٌ ، لكن ـ والله أعلم ـ أنَّ هذه الثلاث والسبعين هي أصولُ الفِرَقِ ، ثُمَّ تشعبتْ منها فِرَقٌ كثيرةٌ.

---

حوکمە دەدات بە سەریاندا ، پەنا بە خوا لە بانگەوازکارانی فیتنە و حزبایەتی و پارچەپارچەگەرێتی و گومڕایەتی .

وما الـجماعات الـمعاصرة الآن ، الـمُخالِفة لـجماعة أهـل السـنة ، إلاَّ امتـدادٌ لهذهِ الفِرَق وفروعٌ عنها)[٣٨] أ.هـ

واتە : ئەم ژمارەیە هەر ئەوەندە نییە و کورتهەڵچێنرابێت ، چـونکە فیرقـە و تاقمەکان زۆر زۆرن ، ئەگەر ئێوە (کتب الفرق) (واتە : ئەو کتێبانەی کە سەبارەت بە سەرژمێری و بیروباوەڕی فیرقەکانەوە نووسراون) خوێندبێتانـەوە ئـەوا دەبیـنن کە فیرقە و تاقمی زۆر هەیە ، بەلاّم ـ وە خواش زاناترە ـ ئەم (٧٣) حەفتاوسـێیە ڕەگ و بنچینەی فیرقە و تاقمەکانن ، پاشان لەمانـەوە چلّوپـۆپی زۆر کەوتـەوە و چەندین فیرقــە و تاقمــی تری

زۆریان لـێ جیابووەتەوە .

**وە ئەم کۆمەڵــە هاوچــەرخانەی ئێســتا کــە پێچــەوانەی کۆمــەڵی ئــەهلی سوننەن : هیچ شتێـک نین تەنها درێـژ بوونەوەیـەکی ئـەو فیرقـە و تاقمانـە و لـق و چڵەکانی نەبێت .**

**پرسیاری سێیەم** / ما حكم وجود أمثال هذه الفِرَق كالتبليغ والإخوان وغيرها في بلادنا خاصة وبلاد المسلمين عامة ؟

---

[٣٨] لَمْحَةٌ عن الفِرَق الضالّة ، للشيخ صالح الفوزان ص : (٥٩ ـ ٦٠) .

واتە : ئایا حوکمی بوونی وێنەی ئەم فیرقانە چی‌یە وەك (تەبلیغ) و (ئیخوان) و جگە لەمانەش لەم وولاتەی خۆماندا بە تایبەت و وولاتی موسڵمانانیش بە گشتی ؟

**وەڵام** : (بلادنا ـ ولله الحمد ـ كانت جماعة واحدة ولا تزال ، جماعة واحدة .. تسيرُ على (منهج الكتاب والسُّنَّة) .. أمَّا **هذه الجماعات الوافدة** : فيجبُ أنْ لا نتقبلها لأنَّها **تُريد أنْ تنْحرِفَ بنا أو تُفرِّقَنا** .. يجعل **هذا تبليغي وهذا إخواني وهذا ما أدري كَيتْ** ؟!! **لماذا هذا التفرُّق** ؟! **هذا كُفْرٌ بنعمةِ الله سبحانهُ وتعالى** ! نحنُ على جماعة وعلى وحدة وعلى بَيِّنَّةٍ من أمرنا ، فلماذا نستبدل الذي هو أدنى بالذي هو خَير ؟!! لماذا نتنازل عمَّا أكرمنا اللهُ سبحانه وتعالى بهِ من الاجتماع والألفة والطريق الصحيح ؟!! **وننتمي إلى جماعاتٍ تُفرِّقُنا وتُشَتِّتُ شَمْلَنا وتجعل العداوة بيننا** ؟!! **هذا كُفْرٌ بنعمةِ الله**)[٣٩].

واتە : وولاتی ئێمە ـ سوپاس بۆ خوا ـ یەك کۆمەڵ بووە و تا ئێستاش هەر بەردەوام وایە ، یەك کۆمەڵە .. لە سەر بەرنامەی (قورئان و سوننەت) دەڕوات .. بەڵام **ئەم کۆمەڵانە کە لە دەرەوە هاتوون** : ئەوا واجب و پێویستە ئێمە وەریان نەگرین و قەبوڵیان نەکەین چونکە دەیانەوێت لە ڕێی ڕاست لامان بدەن و پارچەپارچەمان بکەن .. دەیانەوێت ئەمە بکەن بە (تەبلیغ)ی و ئەوی تر بکەن بە

[٣٩] تمَّ تفريغ هذا الفتوى من إحدى أشرطة "تسجيلات منهاج السنة النبوية" بعنوان : "فتاوى العلماء في الجماعات الضالَّة وأثرها على بلاد الحرمين" الوجه الأول .

(ئیخـوان)ی و ئـەوی تـر نـازانم بکـەن بـە کـێ ؟!! بۆچـی ئـەم تەفریقـە و پارچەپارچەگەرێتی‌یە ؟! ئەمە کوفرە بە نیعمەتی خوای پاك و پایە بەرز ! ئێمە یەك کۆمەڵین و یەك ڕیزین و لە سەر ڕووناکین بۆ حاڵی خۆمان ، باشە ئیتر بۆ چی ئەوەی کە خێر و چاکە بیگۆڕینەوە بەوەی کە کەم و سوکە ؟!!

بۆ چی دەست بەردار ببین لەوەی کە خوای پاك و پایە بەرز ڕێزی پێ لێناوین و کردوویەتی بە مایەی ڕێز لێنانمان لە کۆبوونەوە و یەك کۆمەڵی و نێوان کراوەی و خۆشەویستی و ڕێڕەوی ڕێگای ڕاست ؟!! وە بچینە ڕیزی چەند کۆمەڵانێکەوە کە پارچەپارچەمان بکات و شیرازەمان پەرتەوازە بکات و دوژمنایەتی بخاتە نێوانمانەوە! ئەمە کوفرە بە نیعمەتی خوای پەروەردگار !!!

**پرسیاری چوارەم** / فضيلة الشيخ : ما وجه صحة نسبة **الجماعات الموجودة** اليوم إلى الإسلام أو وصفهم بالإسلامية ؟ وما صحة إطلاق لفظ الجماعات عليهم وإنَّما جماعةُ المسلمين واحدة كما في "حديث حذيفة" (رضي الله عنه) ؟

واتە : ڕووی ڕاستێتی خۆدانەپاڵی ئەو (کۆمەڵانەی) کە لەم ڕۆژگارەدا هەن بۆ لای ئیسلام لە چی‌دایە یان وەسف کردنیان بەوەی کە (ئیسلامین) ؟ وە ئایا ڕاستە لەفزی (جماعات)یان بۆ بەکار بهێنرێت لە کاتێکدا کە (کۆمەڵی موسڵمانان) یەك کۆمەڵە وەك لە فەرموودەکەی (حذيفة)دا

هاتووە خوای لێ ڕازی بێت ؟

**وەڵام** : (الجماعات توجد في كُلِّ زمانٍ ومكان ، والفِرَق توجد في كُلِّ زمانٍ ومكان ، ليس في هذا الزمان فقط ، قال النبي (ﷺ) : "افْتَرَقَتِ الْيَهُودُ عَلَى إِحْدَى وَسَبْعِينَ فِرْقَةً ، وَافْتَرَقَتِ النَّصَارَى عَلَى ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً ، وَسَتَفْتَرِقُ هَذِهِ الأُمَّةُ عَلَى ثَلاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً كُلُّهَا فِي النَّارِ إِلاَّ وَاحِدَةٌ ..." ، فوجود الْجماعات ووجود الفِرَق هذا أمرٌ معروف وأخبرنا عنه رسول الله (ﷺ) ، وقال (ﷺ) : "مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلافاً كَثِيراً ..." ، **ولكن الجماعة التي يجب السير معها والاقتداءُ بها والانضمام إليها : هي جماعةُ أهل السنة والجماعة الفرقةُ الناجية** ، لأنَّ الرسول (ﷺ) لـمَّا بيَّنَ هذه الفِرَق قال : "كُلُّهَا فِي النَّارِ إِلاَّ وَاحِدَةٌ ، قَالُوا : مَنْ هِيَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : مَنْ كَانَ عَلَى مِثْلِ مَا أَنَا عَلَيْهِ وَأَصْحَابِي" هذا هو الضابط.

فالجماعات إنَّما يجب اعتبار من كان منها على ما كان عليه الرسول (ﷺ) وأصحابهُ من السلف الصالح ، والله تعالى يقول : ﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٠٠﴾ [التوبة] ، فهؤلاء هُم الجماعة : جماعةٌ واحدة **ليس هنا تعدد ولا انقسام** من أول اليوم وإلى يومنا هذا هُم جماعة واحدة : ﴿وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ١٠﴾ [الحشر] ، هذه هي الجماعة من وقت الرسول (ﷺ) وإلى قيام الساعة ، وهُم أهل السنة والجماعة ، وأمَّا ما

خالفها من الفِرَق والجماعات فإنَّها لا اعتبارَ بها وإنْ تسمَّت بالإسلامية [٤٠] أو تسمَّت بجماعة الدعوة أو غير ذلك ، ما خالفَ الجماعة التي كان : على ما كانَ عليهِ الرسول (ﷺ) وأصحابهُ فإنَّها من الفِرَق المُخالفة المُتفرقة التي لا يجوزُ لنا أنْ ننتسبَ إليها ولا ننتمي إليها ، **ليس عندنا جماعات إلاَّ أهل السنة والجماعة** : ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ۝٧ ﴾ والذين أنعمَ اللهُ عليهم[٤٠] بيَّنهم في قوله : ﴿ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ۝٦٩ ﴾ [النساء.]

فالجماعة التي اتخذت منهجها كتابَ الله وسنة رسولهِ (ﷺ) وعمِلَتْ بقولهِ (ﷺ) : "فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلافاً كَثِيراً ، فَعَلَيْكُمْ بِسُنَّتِي، وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ

---

[٤٠] فائدة : وقال الشيخ صالح الفوزان حفظهُ الله : (... قال الله تعالى : ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ۝٧ ﴾ ، فجعل الصنف الأول مُنعماً عليهِ ، **والصنف الثاني مغضوباً عليه** ، **والصنف الثالث ضالاً** ، وهذان الصنفان الأخيران : يُمثلا الفرق المُنحرفة اليوم ، **وإنْ كانت تنتسبُ إلى الإسلام**) الأجوبة المفيدة على أسئلة المناهج الجديدة ص : (١٤٦) .

واتــه : خــوای گــەورە فەرموویــەتی : ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ۝٦ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ۝٧ ﴾ کۆمەڵی یەکەمی داناوە بەوانەی کە بەخشینی خۆی ڕژاندووە بەسەریاندا ، وە لە کۆمەڵی دووەم تورە بووە ، وە کۆمەڵی سێیەمیش گومڕان ، وە ئەم دوو کۆمەڵەی کۆتایی خۆیان دەبیننەوە لە تاقم و **فیرقە لە ڕێ دەرچووەکانی ئەمڕۆ** ، هەرچەندە خۆیان نیسبەت دەدەنە پاڵ ئیسلام .

الْمَهْدِيِّينَ مِنْ بَعْدِي تَمَسَّكُوا بِهَا وَعَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ ، وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ ..."

هؤلاء هُم الجماعة المعتبرة ، وما عداها من الجماعات فإنَّها لا اعتبارَ بها ، بَلْ هي جماعات مُخالفة ، وتختلفُ في بعدها عن الحق وقربها من الحق ، **ولكن كُلُّها تحت الوعيد** : "كُلُّهَا فِي النَّارِ إلاَّ وَاحِدَةٌ " ، نسألُ اللهَ العافية والسلامة)[٤١] ا .هـ

[٤١] تمَّ تفريغ هذا الفتوى من إحدى أشرطة "تسجيلات منهاج السنة النبوية" بعنوان : "فتاوى العلماء في الجماعات الضالَّة وأثرها على بلاد الحرمين" الوجه الأول .

**سودێك : هەروەها پرسیاركرا لە شێخ** (صالح الفوزان) :

ما رأيكم في الجماعات كحكمٍ عام ؟

**وەڵام / شێخ** (صالح الفوزان) **فەرمووی :**

(كُلُّ من خالفَ جماعة أهل السنة فهو ضالٌّ ، ما عندنا إلاَّ جماعةٌ واحدة هُم أهل السنة والجماعة ، وما خالفَ هذه الجماعة فهو مُخالِفٌ لمنهج الرسول (ﷺ) ، ونقول أيضاً : كُلُّ مَنْ خالفَ أهل السنة والجماعة فهو من أهل الأهواء ، والمُخالفات تختلفُ في الحكم بالتضليل أو بالتكفير حسب كبرها وصغرها وبعدها وقُربها من الحق) نقلاً عن كتاب : "العلماء يتولونَ تفنيد الدعاوي السياسية لعبد الرحمن عبد الخالق" ص : (٣٣) .

**واتە : هەر كەسێك پێچەوانەی كۆمەڵی (ئەهلی سوننە) بكات ئەوا ئەو كەسە گومڕایە ،** ئێمە لاماندا نییە تەنها یەك كۆمەڵ نەبێت ئەو كۆمەڵەش بریتییە لە (ئەهلی سوننە و جەماعە) ، وە ئەوەی پێچەوانەیەتی ئەم كۆمەڵە بكات ئەوا پێچەوانەیەتی بەرنامەكەی پێغەمبەری كردووە (ﷺ) ، هەروەها دەڵێین : هەر كەسێك پێچەوانەیەتی (ئەهلی سوننە و جەماعە) بكات ئەوا ئەو كەسە دەچێتە ڕیزی (ئەهلی هەوا و ئارەزوو و بیدعەوە) ، وە پێچەوانەكارییەكان جیاوزن لە ڕووی حوكم دان بە سەریاندا بە گومڕایەتی یان بە تەكفیر كردن بە پێی گەورەی و بچوكی و دووری و نزیكی لە حەق و ڕاستییەوە .

واتـە : چـەندین کۆمـەڵ و گـروپ بوونیـان هەیـە لـە هـەموو سـەردەمێکدا وە فیرقـەکان بوونیـان هەیـە لـە هـەموو سـەردەمێکدا نـەك تـەنها لـەم سـەردەمەدا ، پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی : "یـەهودی و جوولەکـەکان پارچەپارچـە بـوون بـۆ (٧١) حەفتاویەك فیرقـە ، وە نەصـارا و گاورەکـان پارچەپارچـە بـوون بـۆ (٧٢) حەفتاودوو فیرقە ، وە ئەم ئوممەتەش پارچەپارچە دەبێت بـۆ (٧٣) حەفتاوسـێ فیرقە ، هەمووی لە ئاگردایە تەنها یەك فیرقەیان نـەبێت" ، جـا هـەبوونی چـەندین کۆمەڵ و گروپ و هەبوونی چەندین فیرقە ئەمە شتێکی زانراوە و پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هەواڵـی پـێداوە ، وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : "هەر کەسـێك لـە ئێـوە ئەگەر بژێت ئەوا جیاوازییەکی زۆر دەبینێت" ، بەڵام ئـەو کۆمەڵـەی کـە واجـب و پێویستە لەگەڵیدا بڕۆیت و چاوی لـێ بکەیت و لەگەڵیـدا ببیـت و پەیوەسـت ببیـت پـێیەوە بریتـییە لـە کۆمـەڵی (ئـەهلی سـوننە و جەماعـە) (کۆمـەڵی ڕزگـار بـوو) ، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك ئەم فیرقانەی ڕوون کردەوە فـەرمووی : "هـەموویان لە ناو ئاگردان تەنها یەك دانەیان نەبێت ، وتیـان : ئـەو کۆمەڵـە ڕزگـار بـووە کـێن ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ؟ فـەرمووی : ئەوانـەن کـە لـە سـەر وێنـەی ئـەو بەرنامەیەن کە من و صەحابەکانمی لە سەرە" ، ئا ئەمەیە ڕێـکخەر و بنـەما [واتـە : بۆ ناسینەوەی کۆمەڵی ڕزگاربوو] .

جا (کۆمەڵە ئیسلامییەکان) دەبێت ئەوەیان پەسەند بکرێت کە لە سـەر ئـەو بەرنامەیە بێت کە پێغەمبەر (ﷺ) و صەحابەکانی لە سەر بووە لە سەلەفـی صالـح

، خوای پایە بەرز فەرموویەتی : (**پێشینە سەرەتاکان لە موهـاجرین و ئەنصـار و ئەوانـەش کـە بـە چـاکە شـوێنی ئـەوان کـەوتوون** : خـوا لـێیان ڕازی بـووە و ئەوانیش لە خـوا ڕازی بـوون و خـواش چـەندین باخچـەی بـۆ ئامـادە کـردوون کـە چەندین ڕووبار بە ژێریاندا دەڕوات لە بەهەشتدا و بە هەتاهەتای تێیدا دەمێننەوە و ئەمەش گەورەترین سەرکەوتنە) ، ئا ئەوانە (**جەماعەن**)[٤٢] تەنها یەك کۆمەڵـن ، لێـرەدا (فـرە حزبـی و دابـەش بـوون) نـیـە ، لـە سـەرەتای سـەدەی یەکەمـەوە بەردەوام تا ئەمڕۆ تەنها یەك کۆمەڵن ، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : (ئەوانەش کە دوای (موهاجرین و ئەنصار) هاتن دەڵێن : ئەی پەروەدگارمان لە ئێمـە خـۆش

---

(٤٢) **بیرخستنەوەیەك** : یەکێك لەو (ناووناتۆرانەی) کە ئیسلامـیـە حـزبـیـە موبتەدیعـەکان بـە کاری دێنن بەرامبەر بە (سەلەفـیـیەکان و ئەهلی سوننە و جەماعە) ئەوەیە پـێیان دەڵێن : (لا جماعة) واتا سەلەفییەکان باوەڕیان بە کاری (جەماعی حزبی) نییە .

لە وەڵامی ئەم بێ ئەدەبێی حزبییەکاندا دەڵێم :

ئەگەر ئیسلامییە حزبییەکان تەنها مەبەستیان بـەم (تنابُز بالألقاب)ـە ئـەوە بێـت کـە سەلەفییەکان باوەڕیان بە کاری (جەماعی **حـزبـی**) نییە ، ئەوا ئەمە ڕاستی و حەقیقـەتێکی بەڵگە نەویستە و هیچ لارییەکی تێدا نییە و بـەڵکو ئەمـە یەکێکـە لـە خاڵـە جیاکـەرەوەکانی هەڵگرانی بەرنامەی کۆمەڵی ڕزگـاربوو لـە هـەڵگرانی بەرنامـە جیـاواز و پەرتـەوازەکانی (٧٢) فیرقـە و ئەحزابـە گومڕاکـان ، وە ئـەم (حزبایـەتی) نەکردنـە هـۆی ڕزگـاربوون و سـەرکەوتنی سەلەفییەکانە بە درێژای مێژوو ، وە بەرائەتی خۆیان دەکەن لە (حزبایـەتی) و ئەوانـەش کـە (حزبایەتی) دەکـەن وەك چـۆن خـوای گـەورە بەرائـەتی پێغەمبەرەکـەی خـۆیی کـردووە لـەو حزبییانە : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ ۚ ﴿١٥٩﴾ [الأنعام] واتـە : ئەوانـەی کـە

دینەکەیان پارچەپارچە کردووە و بوون بە چەند حزب و کۆمەڵێکەوە ئەوا تۆ لە ئەوان نیت لە هیچ شتێکدا ئەی پێغەمبەر .

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەم (تنابُز بالألقاب)ـەی حزبییەکان حەقیقەتی سەلەفییەکان ڕوون دەکاتەوە کە باوەڕیان بە کاری (جەماعی **حزبی**) نییە و بێبەرین لە کاری حزبایەتی ، بەڵکو تەنها باوەڕیان بە (**هاوکاری شەرعی** / التعاون الشرعي) هەیە نەك (کۆکردنەوەی حزبی / التجمع الحزبي) بڕوانە کتێبی : "الدعوة إلى الله بين التجمع الحزبي والتعاون الشرعي" لعلي الحلبي . =

بەڵام گومانی تێدا ئەو حزبییە دین پارچەپارچەکەرانە مەبەستیان بەمە دەربڕینی ئەم ڕاستییە نییە ! بەڵکو ئەوان دەستەواژەی (لا جماعة) بە کار دێنن وەك دەرخستنی عەیبە و کەموکوڕییەك کە لە سەلەفییەکاندا هەیە بە بۆچوونی ئەوان ، چونکە (سەلەفییەکان) بەردەوام حەرامێتی و زیان و زەرەر و گەندەڵێتی حزبایەتی و حزبییەکان بۆ موسڵمانان و هەموو خەڵکی ڕوون دەکەنەوە و بەردەوام ووریا و ئاگاداریان دەکەنەوە کە نزیکی حزبایەتی و حزبییەکان نەبنەوە و دووریان لێ بگرن بە بەڵگەی هەموو ئەو ئایەت و فەرموودە و فەتوایانەی زانایانی ئەهلی سوننە کە لەم کتێبە بە نرخەدا باس کراوە .

وە دەستەواژەی (**الجماعة**) وەك دەستەواژەیەکی شەرعی تەنها و تەنها بەسەر سەلەفییەکاندا ساغ دەبێتەوە و تەنها سەلەفییەکانن خاوەن یەك بەرنامە و یەك ڕیز و یەك کۆمەڵ بن لەسەر بەرنامەی (**الجماعة**) دەڕۆن و هەموو ئەو فەرموودانەش پەیڕەو دەکەن کە دەستەواژەی (**الجماعة**)ی تێدا هاتووە وەك لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە بە یارمەتی خوای پەروەردگار :

*** هەندێك لە ئەو دەق و (نەصانەی) کە ووشەی (الجماعة)ی تێدا هاتووە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی :**

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : " أُوصِيكُمْ بِأَصْحَابِي ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ، ... **عَلَيْكُمْ بِالْجَمَاعَةِ** وَإِيَّاكُمْ وَالْفُرْقَةَ ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ الْوَاحِدِ وَهُوَ مِنَ الاِثْنَيْنِ أَبْعَدُ ، مَنْ أَرَادَ بُحْبُوحَةَ الْجَنَّةِ **فَلْيَلْزَمِ الْجَمَاعَةَ** ... " [صحيح سنن الترمذي رقم : (٢١٦٥) وصحيح الجامع الصغير رقم : (٢٥٤٦) و "ظلال الجنة رقم : (٨٩٧) للألباني] .

وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : " ثَلاَثَةٌ لاَ تَسْأَلْ عَنْهُمْ : رَجُلٌ فَارَقَ **الْجَمَاعَةَ** وَعَصَى إِمَامَهُ وَمَاتَ عَاصِياً ..."صحيح الجامع" رقم: (٣٠٥٨) .

وعندما سأل حذيفةُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عمّا يفعلهُ عند إدراكهِ دُعاة الضلالة الواقفين على أبواب جهنَّم قالاً : "فَبِمَ تَأْمُرُنِي إِنْ أَدْرَكَنِي ذَلِكَ ؟" ، قال لهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : "تَلْزَمُ **جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ** وَإِمَامَهُمْ " ، قُلْتُ : فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلاَ إِمَامٌ ؟ قَالَ : "فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا ..." الحديث صحيح البخاري رقم : (٣٦٠٦) وصحيح مسلم رقم : (١٨٤٧) .

وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : "سَتَكُونُ بَعْدِي هَنَاتٌ وَهَنَاتٌ وَهَنَاتٌ ، فَمَنْ رَأَيْتُمُوهُ فَارَقَ **الْجَمَاعَةَ** أَوْ يُرِيدُ أَنْ يُفَرِّقَ أَمْرَ أُمَّةِ مُحَمَّدٍ (ﷺ) كَائِنًا مَنْ كَانَ فَاقْتُلُوهُ ، فَإِنَّ يَدَ اللَّهِ مَعَ **الْجَمَاعَةِ** ، وَإِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ مَنْ فَارَقَ **الْجَمَاعَةَ** يَرْكُضُ" صحيح الجامع رقم : (٣٦٢١) .

وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : " **الْجَمَاعَةُ** رَحْمَةٌ وَالْفُرْقَةُ عَذَابٌ " صحيح الجامع الصغير رقم : (٣١٠٩) .

وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : " لَتَفْتَرِقَنَّ أُمَّتِي عَلَى ثَلاَثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً فَوَاحِدَةٌ فِي الْجَنَّةِ وَثِنْتَانِ وَسَبْعُونَ فِي النَّارِ ، قِيلَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ مَنْ هُمْ ؟ قَالَ : **الْجَمَاعَةُ** " ، وفي رواية قَالَ : " مَا أَنَا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وَأَصْحَابِي " تقدَّم تخريجهُ .

وهُناك أحاديث أخرى كثيرة في هذا الباب ، إلاَّ أنَّنا لم نذكرها خشية الإطالة .

* أقوال العلماء والمحدثين والفقهاء في بيان المراد بكلمة (الجماعة) الواردة في هذه الأحاديث وأمثالها :

**واتە : ووتەی زانایان و فەرموودەناسان و تێگەیشتووانی شەریعەت بۆ ڕوون کردنەوەی مەبەست بە ووشەی** (الجماعة) **کە لەم فەرموودانە و هاوشێوازەکانیدا هاتووە :**

**پوختە و کاکڵەی ئەم فەرموودانە ئەوە دەگەیەنێت کە ووشەی** (الجماعة) **بۆ سێ مەبەستی سەرەکی بە کار هێنراوە :**

١ ـ جماعة المسلمين الذين اجتمعوا على تأمير رجلٍ عليهم وبايعوهُ وعليهم السمعَ والطاعة لهُ وعدم الخروج عليهِ ، فمَنْ نكثَ بيعتهُ وخرج من الطاعة فقد فارق الجماعة والتحقَ بالفِرَق وأحزاب الشيطان .

**واتە : مەبەست بە** (الجماعة) **: (کۆمەڵی موسڵمانانە) کە کۆبونەتەوە لە سەر تەنها پیاوێك و کردوویانە بە فەرمانبەر و کاربەدەستی خۆیان و پەیمانیان پێداوە و پێویستە لە سەریان گوێ گر و گوێ ڕایەڵ بن بۆی و ناشبێت لێی دەربچن ، جا هەر کەسێت پەیمانەکەی بشکێنێت و لە گوێڕایەڵی دەربچێت ئەوا ئەو کەسە جیابووەتەوە لە** (الجماعة) **و خۆی گەیاندووە بە فیرقە و حزبەکانی شەیتان .**

قال الحافظ ابن عبد البر : (المراد بهِ ـ واللهُ أعلم ـ الجماعة على إمامٍ يُسْمَعُ ويُطاع ... لأنَّ الاختلاف والفُرقة هلكة ، والجماعة نجاةٌ ...) "التمهيد" : (٢١ / ٢٧٢) .

**واتە : مەبەست بەم فەرموودەیە ئەو (کۆمەڵ و جەماعەتەیە) کە لە سەر پێشەوایەك کۆبوونەتەوە کە گوێی بۆ بگیرێت و گوێ ڕایەڵی بکرێت ... چونکە جیاوازی و پارچەپارچەگەرێتی تیاچوون و فەوتانە و (جەماعە)تیش ڕزگار بوونە.**

وقال المناوي في "فيض القدير شرح صحيح الجامع الصغير " : (قولهُ : " ثَلاَثَةٌ لاَ تَسْأَلْ عَنْهُمْ " أي : فإنَّهم من الهالكين : " رَجُلٌ فَارَقَ " بقلبهِ ولسانهِ واعتقادهِ أو ببدنهِ ولسانهِ ... " **الْجَمَاعَةَ** " المعهودين وهم جماعة المسلمين " وَعَصَى إِمَامَهُ " إمَّا بنحو بدعةٍ كالخوارج ... وإمَّا بنحو بغيٍ أو صِيالٍ أو عدم إظهار الجماعة في الفرائض ، فكُلُّ هؤلاء لا يُسألُ عنهم لحِلِّ دمائهم ...) (٣ / ٣٢٤ ـ ٣٢٥) وە بڕوانە شەرحی فەرموودەی ژمارە (١٢٠٢) لەم کتێبەدا "شرح صحيح مسلم" : (١١ / ١٦٥) .

**واتە : سێ کەس هەن پرسیار مەکە دەربارەیان چونکە لە بە هیلاکدا چووەکانن : کەسێك جیاببێتەوە بە دڵ و زمان و بیروباوەڕی یان بە لاشە و زمانی لە (جەماعە) ئەوانەی**

کە زانراون و برتین لە (کۆمەڵی موسڵمانان) و سەرپێچی پێشەواکەی بکات بە وێنەی بیدعەیەك وەکو (خەوارجەکان) ... یان بە وێنەی دەست درێژی یان جەردەی یان ڕۆیشتنە سەر خەڵك یان دەرنەخستنی یەك کۆمەڵی لە فەرزەکاندا ، ئەمانە هەموویان پرسیار مەکە دەربارەیان چونکە خوێنیان حەڵاڵە . وقال صاحب "العون المعبود" : (قَوْلُهُ " **عَلَيْكُمْ بِالْجَمَاعَةِ** " أَيْ **الْمُنْتَظِمَة بِنَصْبِ الْإِمَامَة** " وَإِيَّاكُمْ وَالْفُرْقَة " أَيْ اِحْذَرُوا مُفَارَقَتَهَا مَا أَمْكَنَ ["فَإِنَّ الشَّيْطَانَ مَعَ الْوَاحِدِ" أي الخارج عن طاعة الأمير المُفارق للجماعة] ، وَرَوَى مُسْلِمٌ فِي صَحِيحِهِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ مَرْفُوعًا : " مَنْ خَرَجَ مِنَ الطَّاعَةِ وَفَارَقَ الْجَمَاعَةَ فَمَاتَ مَاتَ مِيتَةً جَاهِلِيَّةً ..." الْحَدِيث ، وَرَوَى الشَّيْخَانِ عَنْ حُذَيْفَةَ فِي أَثْنَاءِ حَدِيثٍ : " تَلْزَمُ **جَمَاعَةَ الْمُسْلِمِينَ** وَإِمَامَهُمْ ، قُلْتُ : فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُمْ جَمَاعَةٌ وَلاَ إِمَامٌ ؟ قَالَ فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا" ، ... قَالَ الطَّبَرِيُّ : **وَالصَّوَابُ أَنَّ الْمُرَادَ مِنْ الْخَبَرِ : لُزُومُ الْجَمَاعَةِ الَّذِينَ فِي طَاعَةِ مَنْ اِجْتَمَعُوا عَلَى تَأْمِيرِهِ ، فَمَنْ نَكَثَ بَيْعَتَهُ خَرَجَ عَنْ الْجَمَاعَةِ**) ا . هـ مُلخصاً (٦ / ٣٢٠ - ٣٢٢) .

أمَّا إذا لَمْ يكن المسلمون جماعةً واحدة ذات الإمام والأمير المسلم الواحد المُنَفِذ للحدود والأحكام الشرعية بلْ افترق الناس أحزاباً وصاروا شيعاً : فإنَّهُ حينئذٍ لا يُتبعُ أحدٌ في الفرقة ويُعتزل الجميع خشيةً من الوقوع في الشرِّ والضلال والهلاك .

واتە : بەڵام ئەگەر موسڵمانان یەك کۆمەڵ نەبوون کە خاوەنی تەنها یەك پێشەوا و فەرمانبەری موسڵمانی جێبەجێ کاری (حدود و سزا سنوردانەرەکان) و حوکمە شەرعیەکان بێت بەڵکو موسڵمانان پارچەپارچە بووبوون بۆ چەندین حزب و دابەش بووبوون بۆ چەندین کۆمەڵ و گروپەوە : ئەوا لە کاتی پارچەپارچەگەرێتیدا نابێت کەس شوێنی هیچ یەکێك لەو حزب و فیرقانە بکەوێت و دەبێت تا لە توانایدا هەیە دوور بگرێت لە هەموویان لە ترسی ئەوەی نەکەوێتە ناو شەڕ و خراپە و گومڕای و بە هیلاکداچوونەوە .

قال الإمام الطبري في شرح حديث حذيفة (رضي الله عنه) : (وَالصَّوَابُ أَنَّ الْمُرَادَ مِنْ الْخَبَرِ : لُزُومُ الْجَمَاعَةِ الَّذِينَ فِي طَاعَةِ مَنْ اِجْتَمَعُوا عَلَى تَأْمِيرِهِ ، فَمَنْ نَكَثَ بَيْعَتَهُ خَرَجَ عَنْ الْجَمَاعَةِ ، وَفِي الْحَدِيثِ : **أَنَّهُ مَتَى**

**لَمْ يَكُنْ لِلنَّاسِ إِمَامٌ فَافْتَرَقَ النَّاسُ أَحْزَاباً فَلَا يَتْبَعْ أَحَداً فِي الْفِرْقَةِ وَيَعْتَزِلُ الْجَمِيعَ إِنْ اسْتَطَاعَ ذَلِكَ خَشْيَةً مِنْ الْوُقُوعِ فِي الشَّرِّ** ، وَعَلَى ذَلِكَ يَتَنَزَّلُ مَا جَاءَ فِي سَائِرِ الْأَحَادِيثِ ، وَبِهِ يُجْمَعُ بَيْنَ مَا ظَاهِرُهُ الِاخْتِلَافُ مِنْهَا) * "الفتح" : (١٣/٤٧) .

واتە : ڕاستی ئەوەیە : مەبەست بەم فەرموودەیە پەیوەست بوونە بەو (کۆمەڵە موسڵمانەوە) کەوا لە گوێ ڕایەڵی ئەو کەسەدان کە کۆبوونەتەوە لە سەر کردنی بە فەرمانبەریان و هەر کەسێك پەیمانەکەی هەڵوەشێنێتەوە ئەوا دەرچووە لە (**کۆمەڵی موسڵمانان**) ، وە ئەم فەرموودەیە ئەوەی تێدایە : کە هەر کاتێك موسڵمانان یەك کۆمەڵ نەبوون کە خاوەنی تەنها یەك پێشەوا بن بەڵکو موسڵمانان پارچەپارچە بووبوون بۆ چەندین حزبەوە : ئەوا لە کاتی پارچەپارچەگەرێتیدا نابێت کەس شوێنی هیچ یەکێك لەو حزب و فیرقانە بکەوێت و دەبێت تا لە توانایدا هەیە دوور بگرێت لە هەموویان لە ترسی ئەوەی نەکەوێتە ناو شەڕ و خراپەوە .

**بیرخستنەوەیەك** : لە دوای ڕووخانی (دەوڵەتی عوسمانییەکان) لە ساڵی (١٩٢٤)وە موسڵمانان بە گشتی یەك کۆمەڵ نین کە خاوەنی یەك پێشەوا و فەرمانبەر بن ، بەڵکو دوابەدوای ئەوە لە ساڵی (١٩٢٨)دا حزبی (الإخوان المسلمون) داهێنرا و سەری هەڵدا لە وڵاتی میصرەوە بە مەبەستی گێڕانەوەی (دەوڵەت و خیلافەت) بۆ موسڵمانان .

بەڵام ئەم (کۆمەڵ گیرییەی) ئیخوانییەکان لە بەر ئەوەی لە سەر بنەما و بناغەیەکی زانستی و شەرعی نەبوو بەڵکو تەنها کۆکردنەوەی خەڵك بوو بە هەموو چینەکانیەوە لە سەر بەرنامەیەکی دەست کرد کە صۆفی حەسن بەننا داهێنا بوو بۆیان ، لە بەر ئەمە نەیان توانی تەنانەت ڕیزەکانی خۆیان یەك خەن چ جای ڕیزی هەموو موسڵمانان یەك خەن ! بۆیە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ جیابوونەوە و (ئینشیقاقات) و (ئینقیسامات) کەوتە نێو ڕیزەکانی ئیخوانەوە و پاشان چەندین حزب و گروپ و کۆمەڵی تری ئیسلامی جیاواز داهێنرا و لە ئانجامدا ئەو هەموو

(جەماعات و ئەحزاب) ئیسلامی‌یانە پەیدا بوو کە ئەمڕۆ هەموو موسڵمانان بە دەستیەوە دەناڵێنن ! ! !

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت نابێت موسڵمانان شوێنی هیچ یەکێك لەو هەموو (**جەماعات و ئەحزاب**) ئیسلامی‌یانە و جگە لەوانیش بکەون ، بەڵکو دەبێت تا لە توانایندا هەیە دوور بگرن لە هەموویان ...

بەڵام لێرەدا پرسیارێك خۆی دەردەپەڕێنێت : ئایا ئەگەر موسڵمانان شوێنی ئەو (جەماعات و ئەحزاب)انە نەکەوتن ، ئەی باشە ئیتر چی بکەن و چۆن هەوڵ بدەن بۆ گێڕانەوەی (حوکمی ئیسلام) ؟؟؟

وەڵام : لێرەدا بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانان هەردوو واتاکەی تری دەستەواژەی (**الجماعة**) پەیڕەو بکەن و پێویستە هەوڵ بدەن بۆ بەرجەستە کردن و جێبەجێ کردنی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ، ئەمەش بەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو شیکردنەوە و لێکدانەوانەی کە لە خوارەوە باس کراون بخوێنیتەوە و جوان لێی تێبگەیت ، وە لە کۆتای ئەم نووسراوەدا بە درێژی وەڵامی ئەم پرسیارە دراوەتەوە .

* بۆ زیاتر شارەزابوون لە واتای ئەو فەرموودانەی کە بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم مەبەستە هاتوون ئەوا ئەم کتێبە بە نرخەی شیخ (عبد السلام برجس) ڕەحمەتی خوای لێبێت بخوێنەرەوە : "الأمر بلزوم جماعة المسلمين وإمامهم والتحذير من مفارقتهم" .

٢ ـ المنهج الحق الذي عليه الرسول (ﷺ) وأصحابهُ والسلف الصالح ، بدليل قولهِ (ﷺ) عندما سُئِلَ عن الفرقة الناجية فقال : "**الجماعة**" ، حيث بيَّنَ النبي (ﷺ) المُراد بهذه الجماعة في رواية أخرى لهذا الحديث فقال (ﷺ) : "**ما أنا عليه اليوم وأصحابي**" ، كما وقد صحَّ عن ابن مسعود (رضي الله عنه) أنَّهُ قال : "**الجماعةُ ما وافقَ الحق ولو كنتَ وحدكَ**" .

واتە : مەبەست بە (الجماعة) ئەو : بەرنامە ڕاست و حەقەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) و صەحابەکانی و سەلەفی صالح لە سەری ڕۆیشتوون ، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی

پێغەمبەر (ﷺ) کە لە کاتێکدا پرسیاری لێکرا سەبارەت بە (کۆمەڵی ڕزگار بوو) فەرمووی : (الْجماعة)ـن ، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی کە مەبەست بووە بەم (الجماعة) یە ڕوون کردووەتەوە لە ڕیوایەتێکی تری ئەم فەرموودەیەدا و فەرموویەتی : (ئەوەی کە من و صەحابەکانمی لە سەرە) ، هەروەها (ابن مسعود ﷺ) فەرموویەتی : (الجماعة) ئەوەیە کە لەگەڵ حەقدا بیت ئەگەر چی خۆت بە تەنهاش بیت .

قال أبو شامة : (حيث جاء الأمر بلزوم **الجماعة** فالمراد بهِ : **لزوم الحق واتباعه** وإنْ كان المتمسك بهِ قليلاً والمخالف لهُ كثيراً أي الحق وهو ما كان عليهِ الصحابة الأول ، ولا نظرَ لكثرة أهل الباطل بعدهم ، قال البيهقي : إذا فسدت الجماعة فعليك بما كانوا عليهِ من قبل وإنْ كنتَ وحدك فإنَّك أنتَ الجماعة حينئذٍ) "فيض القدير" : (٤ / ٩٩) .

واتە : لە هەر شوێنێکدا فەرمان هاتبێت بە پەیوەست بوون بە (الجماعة) وە ئەوا مەبەست پێی : پەیوەست بوون و شوێن کەوتنی حەقە ئەگەر چی دەست گران بە حەقەوە کەم بن و پێچەوانە کارانیشی زۆر بێت ، ئەمەش ئەوەیە کە صەحابە پێشینەکانی لە سەر بووە ، وە سەیری زۆریتی پوچەڵکاران و ئەهلی باتڵ ناکرێت دوای ئەوان ، ئیمامی (البيهقي) فەرموویەتی : ئەگەر کۆمەڵی موسڵمانان ناکۆك بوون ئەوا دەست بگرە بەوەی کە پێش ئەو جیاوازییە لە سەری بوون ئەگەر چی خۆت بە تەنهاش بیت ئەو کاتە تۆ خوت بە تەنها برتیت لە (الجماعة) .

٢ . أصحاب المنهج الحق وأتباعهِ وهُم الصحابة ومن جاء بعدهم من السلف ومن تبعهم بإحسان من أهل الحديث والفقه والعلم .

واتە : مەبەست بە (الجماعة) : هەڵگران و شوێن کەوتوانی بەرنامەی حەق و ڕاستییە کە برتین لە صەحابە و ئەوانەی دوای ئەوان هاتن لە سەلەف و ئەوانەش کە بە چاکە شوێنیان کەوتن لە زانایان و هەڵگران و پەیڕوکارانی فەرموودە تێگەیشتووانی شەریعەتی ئیسلامی پیرۆز (أهل الحديث والفقه والعلم الشرعي) .

قال المناوي في "فيض القدير" : (قوله " فَمَنْ رَأَيْتُمُوهُ فَارَقَ **الْجَمَاعَةَ** " : **الصحابة ومن بعدهم من السلف**) (٤ / ٩٩) .

وقال الإمام الترمذي [٢٠٩ ـ ٢٧٩ هـ] : (وَ**تَفْسِيرُ الْجَمَاعَةِ** عِنْدَ أَهْلِ الْعِلْمِ : **هُمْ أَهْلُ الْفِقْهِ وَالْعِلْمِ وَالْحَدِيثِ**) وقال أيضاً : (وَسَمِعْتُ الْجَارُودَ بْنَ مُعَاذٍ يَقُولُ سَمِعْتُ عَلِيَّ بْنَ الْحَسَنِ يَقُولُ : "سَأَلْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ الْمُبَارَكِ [١١٨ ـ ١٨١ هـ] مَنِ الْجَمَاعَةُ ؟ فَقَالَ : أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ ، قِيلَ لَهُ : قَدْ مَاتَ أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ ، قَالَ : فُلاَنٌ وَفُلاَنٌ ، قِيلَ لَهُ : قَدْ مَاتَ فُلاَنٌ وَفُلاَنٌ ، فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الْمُبَارَكِ : أَبُو حَمْزَةَ السُّكَّرِيُّ جَمَاعَةٌ " ، وَأَبُو حَمْزَةَ هُوَ مُحَمَّدُ بْنُ مَيْمُونٍ وَكَانَ شَيْخاً صَالِحاً ...) سنن الترمذي : قالهُ عقب الحديث رقم : (٢١٦٧) .

وقال الألباني : (ينبغي على المسلمين أنْ يرجعوا إلى سنة نبيهم (ﷺ) ... فإنَّ يدَ اللهِ على الجماعة : **جماعةُ السُّنَّة لا الجماعة المُخالفة لها** ...) "صلاة العيدين / ٤٣" ، وقال أيضاً : (وقد قال (ﷺ) في صفة **الفرقة الناجية** : "وهي الجماعة" وفي رواية : "**هي ما أنا عليه وأصحابي**" ، فلا يضرهم حينئذٍ مُخالفة من خالفهم وإنْ كانوا أكثر منهم سواداً لقولهِ (ﷺ) : "لاَ تَزَالُ **طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ** لاَ يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ كَذَلِكَ") ا . هـ "صلاة العيدين" ص : (٤٦) .

وقال الإمام البخاري في "صحيحهِ" : (باب قَوْلِ النَّبِيِّ (ﷺ) : " لاَ تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ" **وَهُمْ أَهْلُ الْعِلْمِ**) "الفتح" : (١٣/٣٥٨) .

وقال أيضاً : (باب قَوْلِهِ تَعَالَى : ﴿ وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ﴾ وَمَا أَمَرَ النَّبِيُّ (ﷺ) بِلُزُومِ الْجَمَاعَةِ : **وَهُمْ أَهْلُ الْعِلْمِ**) .

وقال الحافظ ابن حجر في شرحهِ : (أَنَّ **أَهْلَ الْجَهْلِ لَيْسُوا عُدُولاً وَكَذَلِكَ أَهْلُ الْبِدَعِ** ، فَعُرِفَ أَنَّ الْمُرَادَ بِالْوَصْفِ الْمَذْكُورِ **أَهْلُ السُّنَّةِ وَالْجَمَاعَةِ وَهُمْ أَهْلُ الْعِلْمِ الشَّرْعِيِّ** ... وَقَالَ اِبْن بَطَّال : مُرَادُ الْبَابِ الْحَضُّ عَلَى الِاعْتِصَام بِالْجَمَاعَةِ ... **وَالْمُرَاد بِالْجَمَاعةِ : أَهْلُ الْحَلِّ وَالْعَقْدِ مِنْ**

ببە و لەو برایانەشمان کە پێش ئێمە بە ئیمانداریەوە ڕۆیشتن ، وە ڕق و قین نەخەیتە دڵمانەوە بەرامبەر ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە ئەی پەروەردگارمان تۆ لێبووردە و میهرەبانیت) ، ئا ئەمە (جەماعە)یە لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (ﷺ) تا ڕۆژی قیامەت کە بریتین لە (ئەهلی سوننە و جەماعە) ، بەڵام ئەوانەی کە پێچەوانەی کۆمەڵی (ئەهلی سوننە و جەماعە)ن لەو هەموو (فیرقە و جەماعات و کۆمەڵانە) ئەوا هیچ ئیعتبارێکیان بۆ نییە و حیسابیان بۆ ناکرێت ئەگەر چی ناوی خۆشیان بنەن ( کۆمەڵی ئیسلامی / حزبی ئیسلامی) ! ! ! یان ناوی خۆیان بنەن (کۆمەڵانی دەعوە و بانگەوان) ! ! ! یان جگە لەم ناوانەش !

ئەوەی پێچەوانەی ئەو (کۆمەڵە) بکات کە لە سەر ئەو بەرنامەیە دەڕۆن کە پێغەمبەر (ﷺ) و صەحابەکانی لە سەری ڕۆیشتوون ئەوا : بەشێکن و دەچنە

---

**كُلّ عَصْر** ... وَهُمْ الْمُرَادُ بِقَوْلِهِ : **وَهُمْ أَهْل الْعِلْم**) ا.هـ ملخصاً "فتح الباري شرح صحيح البخاري" : (١٣ / ٣٨٦ - ٣٨٧) .

وقال الحافظ أيضاً : (وَقَالَ قَوْم : **الْمُرَادُ بِالْجَمَاعَةِ الصَّحَابَةُ دُونَ مَنْ بَعْدَهُمْ** ، وَقَالَ قَوْم : الْمُرَادُ بِهِمْ **أَهْلُ الْعِلْم** لِأَنَّ اللَّهَ جَعَلَهُمْ حُجَّةً عَلَى الْخَلْقِ ، وَالنَّاسُ تَبَعٌ لَهُمْ فِي أَمْر الدِّين) "الفتح" : (١٣ / ٤٧) .

دوای ئەم هەموو شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە زانستییە بۆ هەمووان ڕوون بوویەوە کە دەستەواژەی ( **الجماعة** ) وەك دەستەواژەیەکی شەرعی تەنها و تەنها بە سەر (**سەلەفییەکان**)دا ساغ دەبێتەوە نەك (جەماعات و ئەحزابە پارچەپارچە بووەکان) ! !

وە بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم ڕاستییە ئەو شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە زانستییە بخوێنەرەوە کە لە پەراوێزی ژمارە (٣٣)دا نووسراوە .

ڕیــزی (فیرقە) جیاواز و پارچەپارچە بووەکانــەوە کــە دروســت نــی‌یــە بــۆ ئێمــە و حەرامە خۆمان بدەینە پاڵیان و پەیوەندیان پێوە بکەین ، ئێمە (چــەندین کۆمــەڵ و جــەماعاتمان) نــی‌یــە تــەنها (ئــەهلی ســوننە و جەماعــە) نــەبێت ، خــوای گــەورە فەرموویەتی : (خوایە ڕێــنمایمان بکە بۆ ڕێگای ڕێــگای ڕاســت ، ڕێــگای ئەوانــەی کە نیعمەتی خۆتت داوە بە سەریاندا) وە ئەوانەی کە خوا نیعمەتی خۆیی داوە بــە سەریاندا ڕوونیانی کردووەتەوە بۆمان و فەرموویەتی : (هەر کەسـێك گــوێ ڕایــەڵی خــوا و پێغەمبــەر (ﷺ) بکــات ئــەوا ئەوانــە لەگــەڵ ئــەو کەســانەدا دەبــن کــە خــوا نیعمەتی خۆیی داوە بــە ســەریاندا لــە پێغەمبــەران و ڕاســتگۆیان و شــەهیدەکان و پیاوچــاکان ، وە باشــترین هــاوەڵ و ڕەفیــق ئــەوانن) ، جــا ئــەو (کۆمــەڵ و جەماعەتەی) کە (قورئان و سوننەتی پێغەمبەری ﷺ) کردووە بــە بەرنامــەی خــۆی و کردەوە دەکات بەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) : "هەر کەسێك لە ئێوە بژێت ئەوا جیاوازی‌یەکی زۆر دەبینێت ، جا پەیوەست بــبن بە سوننەتی من و ســوننەتی جێنیشینە ڕاست و هۆشمەند و هیدایەت دراوەکانم لە دوای خــۆم : دەســتی پێــوە بگرن و قەپی لــێ بگرن بە کاکیلــەکانتان ، وە ئامــان ووریــای کــارە داهێنراوەکــان بن" .

ئا ئەوانە بریتین لە (کۆمەڵ و جەماعەتی) حیساب بۆ کراو ، وە جگە لەمە لــە (جەماعات و کۆمەڵەکان)ی تر ئەوا هیچ ئیعتیبار و حیسابێکیان بۆ ناکرێت بــەڵکو ئەمانــە (کۆمــەڵانێکی) پێچــەوانەن ، وە ســەبارەت بــە دوور و نزیکیــان لــە حــەق و

ڕێـگای ڕاستەوە جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا ، بەڵام هەموویان لە ژێـر هەڕەشـەدان : **"هەموویان لە ناو ئاگردان** ، تەنها (یەك كۆمەڵ)یان نەبێت") .

داوای عافیەت و سەلامەتی لە خوا دەكەین [٤٣] .

---

[٤٣] **تـێبـیـنـــیـەكــی زۆر گـرنــگ** : موسـڵمانی یەكخواپەرسـت و شـوێن كەوتـەی سـوننەت و بەرنامەكەی پێغەمبەر (ﷺ) : ئەگەر وورد بیبینەوە و تێبفكرێـن لـە ئایەتـەكانی قورئـانی پـیرۆز ئـەوا بۆمان دەردەكەوێت كە وشەی (حـزب) لە قورئاندا بە دوو جۆر هاتووە :

١ ـ بە كـۆ (جمع) .

٢ ـ بە تاك (مفرد) .

**یەكەم : وشەی ( حـزب ) بە كـۆ** ( جمع ) **تەنــها لـە سـەر شـێوازی زەم كـراوی لـە قورئانـدا هاتووە :**

﴿ فَٱخۡتَلَفَ ٱلۡأَحۡزَابُ مِنۢ بَيۡنِهِمۡ ﴿٣٧﴾ ﴾ [مريم] .

﴿وَمِنَ ٱلۡأَحۡزَابِ مَن يُنكِرُ بَعۡضَهُۥ ﴿٣٦﴾ ﴾ [الرعد] .

﴿وَمَن يَكۡفُرۡ بِهِۦ مِنَ ٱلۡأَحۡزَابِ فَٱلنَّارُ مَوۡعِدُهُۥ ﴿١٧﴾ ﴾ [هود] .

﴿ يَحۡسَبُونَ ٱلۡأَحۡزَابَ لَمۡ يَذۡهَبُواْۖ وَإِن يَأۡتِ ٱلۡأَحۡزَابُ يَوَدُّواْ لَوۡ أَنَّهُم بَادُونَ فِي ٱلۡأَعۡرَابِ يَسۡـَٔلُونَ عَنۡ أَنۢبَآئِكُمۡۖ وَلَوۡ كَانُواْ فِيكُم مَّا قَٰتَلُوٓاْ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٢٠﴾ ﴾ [الأحزاب] .

﴿وَلَمَّا رَءَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلۡأَحۡزَابَ قَالُواْ هَٰذَا مَا وَعَدَنَا ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَصَدَقَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥۚ وَمَا زَادَهُمۡ إِلَّآ إِيمَٰنٗا وَتَسۡلِيمٗا ﴿٢٢﴾ ﴾ [الأحزاب] .

﴿وَثَمُودُ وَقَوۡمُ لُوطٖ وَأَصۡحَٰبُ لۡـَٔيۡكَةِۚ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلۡأَحۡزَابُ ﴿١٣﴾ ﴾ [ص] .

﴿جُندٞ مَّا هُنَالِكَ مَهۡزُومٞ مِّنَ ٱلۡأَحۡزَابِ ﴿١١﴾ ﴾ [ص] .

لە مەوە بۆمان دەردەكەوێت كە بوونی چەند حزبێك ﴿ٱلۡأَحۡزَابُ﴾ و حـزبایەتـی لـە ئیسلامـدا حەرامـە و شتێكی خراپە و لە سیفەتی كافر و موشریك و بێ باوەڕەكانە نەك ئیماندارانە !

وە خراپترین سیفەتـی ﴿ٱلْأَحْزَابُ﴾ بریتـیە لـە : جیاوازی و ئیختیلاف و تەفریقـە وەك خـوای گەورە فەرموویەتی :

﴿فَٱخْتَلَفَ ٱلْأَحْزَابُ مِنۢ بَيْنِهِمْ ﴿٣٧﴾﴾ [مريم] ، بۆیە دەبینین هەموو حزبێك تەنـها بـە بەرنامەکـەی خۆی دڵ خۆشە : ﴿كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾﴾ [الروم] .

**دووەم : وشەی ( حـزب ) بە تاك** ( مفرد ) **تەنـها بە شێوازی مەدح کراوی دوو جار لـە قورئانـدا هاتووە :**

**أ** / ﴿وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَـٰلِبُونَ ﴿٥٦﴾﴾ [المائدة] .

**بەرامبەرەکەشـی لـە سـوننەتدا بـە** ( الطائفة المنصورة) **بـاس کـراوە** ، **چـونکە** (الغالبون = المنصورون) .

**ب** / ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾﴾ [المجادلة] .

**بەرامبەرەکەشی لە سوننەتدا بە** ( الفرقة الناجية) **باس کراوە** ، **چونکە** (المفلحون = الناجون) .

واتە : وشەی (حـزب) بە مەدح کراوی و بە چاك باس کراوی تـەنها بـەم دوو جـۆرە هـاتووە کە ئەمەش تەنها (حزبی خوا)یە و لە سەر ڕێگای ڕاستی خوا دەڕۆن و هەردەم سەرکەوتو و ڕزگاربوون.

وە ئەم تاکە کۆمەڵە سەرکەوتووە ڕزگار بووە کەمە غەریبە بریتـیە لە :

(أهل الحديث) [١] = (أهل العلم) [٢] = (السلفيون) [٣] .

---

(١) ئەمە ووتەی هەموو ئەم پێشەوایانەیە :

* **ئیمامی** (أحمد / ١٦٤ ـ ٢٤١ ﻫ) **کە فەرموویەتی** : (إنْ لَمْ تكُنْ هذه الطائفة المنصورة **أصحاب الحديث** فلا أدري مَنْ هُم) وقال أيضاً : (إنْ لَمْ يكونوا **أهل الحديث** فلا أدري مَنْ هُم) ، **واتە** : ئەگەر (کۆمەڵی سەرکەوتو و ڕزگاربوو) بریتی نەبن لە (ئەهلی حەدیس) ئەوا نازانم کێن .

* **ئیمامی** (عبد الله بن المبارك / ١١٨ ـ ١٨١ ﻫ) **کە فەرموویەتی** : (هُم عندي **أصحاب الحديث**) ، ئەوانە لای من بریتین لە (ئەهل و هەڵگرانی حەدیس) .

* **ئیمامی** (علي بن المدني شيخ الإمام البخاري / ١٦١ ـ ٢٣٤ ﻫ ، قال عنهُ الإمام البخاري : وَكَانَ عَلِيٌّ أَعْلَمَ أَهْلِ زَمَانِهِ "فتح الباري شرح صحيح البخاري" ٢ / ٢٨٥) **هـەروەها ئیمامی** (البخاري / ١٩٤ ـ

٢٥٦ هـ) کە هەردووکیان فەرموویانە : (**هُمْ أَصْحَابُ الْحَدِيثِ**) ، بریتین لە (ئەهل و هەڵگرانی حەدیس) .

* **هەروەها ئەمە ووتەی ئەم پێشەوا و زانایانەشە ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت** : (الإمام الأصفهاني / ت ـ ٥٣٥ هـ) ، (الحاكم النيسابوري / ت ـ ٤٠٥ هـ) ، (الحافظ ابن حبّان / ت ـ ٣٥٤ هـ) وغيرهم من الفقهاء والمحدثين قديماً وحديثاً ...

(٢) **ئەمەش ووتەی ئەم پێشەوایانەیە** :

* **ئیمامی** (أحمد بن سنان / ت ـ ٢٥٩ هـ) **کە فەرموویەتی** : (**هُم أهل العلم وأصحاب الآثار**) ، **واتە : ئەوانە بریتین لە (ئەهلی عیلم و هەڵگرانی حەدیس و میراتییەکەی پێغەمبەر** (ﷺ) .

* **ئیمامی** (البخاري / ١٩٤ ـ ٢٥٦ هـ) **کە فەرموویەتی** : (**وَهُمْ أَهْلُ الْعِلْم**) ، **واتە : ئەوانە ئەهلی عیلمن** .

**سودێک** : **دەبینین ئیمامی** (البخاري) **ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت لێرەدا سەبارەت بە دەست نیشان کردنی** (الطائفة المنصورة والفرقة الناجية) **دوو وتەی هەیە ، بەڵام هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان ئەم دوو لێکدانەوەیەدا وەك ئیمامی** (الألباني) **بە ڕەحمەت بێت پاش گێڕانەوەی هەردوو وتەکەی ئیمامی** (البخاري) **فەرموویەتی** : (ولا مُنافاة بينهُ وبين ما قبلهُ كما هو ظاهر ، لأنَّ أهل العلم هُم أهل الحديث ، وكُلَّما كان امرءٌ أعلم بالحديث كان أعلم في العلم مِمَّنْ هو دونهُ في الحديث كما لا يخفى) "سلسلة الأحاديث الصحيحة" : (١ / ٤٨١) ، **وە وتەکەی ئمامی** (أحمد بن سنان / ت ـ ٢٥٩ هـ) **کە فەرموویەتی** : (هُم أهل العلم وأصحاب الآثار) **بەڵگەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە بۆ وتەکەی ئیمامی** (الألباني) **ڕەحمەتی خوای پەروەردگار لە هەموویان بێت** .

(٣) **ئەمەش وتەی ئەم پێشەوایانەیە** :

* **ئیمامی** (عبد العزيز بن باز / ١٣٣٠ ـ ١٤٢٠ هـ) ، **شێخ** (محمد بن جميل زينو) **بۆمان دەگێڕێتەوە و دوفەرموێت** : (سُئِلَ الشيخ عبد العزيز بن باز عن الفرقة الناجية ، فقال : **هُم السلفيون** ، وكلُّ من مشى على طريقة السلف الصالح) .

**واتە : پرسیارکرا لە شێخ** (ابن باز) : **دەربارەی (کۆمەڵی ڕزگار بوو** / الفرقة الناجية) ئایا کێن ؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : (**سەلەفیەکانن** ، وە هەموو ئەوانەی کە لە سەر ڕێگا و ڕێبازی سەلەفی صالح دەڕۆن) . بڕوانە کتێبی : "منهاج الفرقة الناجية والطائفة المنصورة" لاپەڕەی : (١٣) دانراوی شێخ (محمد بن جميل زينو) .

**هەروەها پرسیاری لێکرا** / هل تُفَرِّق بين الطائفة المنصورة والفرقة الناجية ؟

**واتە : ئایا جیاوازی دەکەیت لە نێوان کۆمەڵی سەرکەوتو و کۆمەڵی ڕزگاربوو ؟**

**لە وەڵامدا فەرمووی :** (الطائفة المنصورة هي الفرقة الناجية ، هما واحدة ، هُم أهل السنة والجماعة ، **وهُم السلفيون**) ، نقلاً عن حاشية "الأجوبة المفيدة عن أسئلة المناهج الجديدة" ص : (١٢١) وانظر : (الأزهار المنثورة في تبيين أنَّ أهل الحديث هُم الفرقة الناجية والطائفة المنصورة) ص : (٩٢) .

**واتە : کۆمەڵی سەرکەوتوو بریتییە لە کۆمەڵی ڕزگاربوو ، هەردووکیان یەك کۆمەڵن ، بریتین لە ئەهلی و سوننە و جەماعە ، بریتین لە سەلەفییەکان .**

*** ئیمامی** (محمد ناصر الدين الألباني / ١٣٣٣ - ١٤٢٠ هـ) **ڕەحمەتی خوای لێبێت لە ڕوون کردنەوەی واتای ئەم ئایەتەدا :** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ٧ ﴾ [محمد] **فەرموویەتی :**

(لا بُدَّ قبل كُلِّ شيءِ من العودة الصحيحة إلى الدين كما كان عليهِ الرسول (ﷺ) وأصحابهُ في العقيدة وفي العبادة وفي السلوك وفي كُلِّ ما يتعلق بأمور الشريعة ، **ولا تكادُ تجد أحداً في المسلمين يقومُ بهذا سِوَى السلفيين** ، فهُم الذين يضعونَ النُقَطَ على الحروف ، **وهُم وحدهم ينصرونَ اللهَ** بما أمرهم بِهِ من تصفيةٍ وتربيةٍ توجِدُ الإنسان المسلم الصحيح ، **وهُم وحدهم الذين يُمثلونَ الفرقة الناجية** من النار من الفِرَق الثلاث والسبعين التي سُئِلَ عنها الرسول (ﷺ) وقال : "هي في النار") [منقول من كتاب : "بصائر ذوي الشرف بشرح مرويات منهج السلف" لسليم الهلالي ص : (١٢٠)] .

**واتە : پێش هەموو شتێك پێویستیمان بە گەڕانەوەیەکی ڕاستەقینە هەیە بۆ دین و ئاین وەك ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) و صەحابەکانی لە سەری بوون لە بواری (عەقیدە و بیرباوەڕ) و (عیبادەت و پەرستشەکان) و (ڕەوشت و ئاکارەکان) وە لە هەموو بوارێکیشدا کە پەیوەستە بە بوارە شەرعییەکانەوە ، وە نابینیت لە ناو موسڵماناندا کەسێك هەبێت هەڵبسێت بەم کارە جگە لە سەلەفییەکان** نەبێت ، بە ڕاستی ئەوانن کە خاڵەکان لە سەر پیتەکان دادەنێن ، وە **تەنها ئەوانن**

**کە ئاینی خوا سەردەخەن بەوەی کە پێی هەڵدەستن و جێبەجێی دەکەن لە پاڵاوتن و پەروەردەکردنێک کە مرۆڤی موسڵمانی ڕاست بەهەم بهێنێت** ، وە **تەنها ئەوانن کۆمەڵی ڕزگاربوو لە ئاگر** لە نێوان ئەو (٧٣) حەفتاوسێ فیرقەیەی کە سەبارەتیان پرسیارکرا لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش فەرمووی : هەموویان لە ئاگردان .

* **ئیمامی** (صالح بن عبد الله الفوزان / ١٣٥٤ هـ) **خوای گەورە بیپارێزێت فەرموویەتی :**
((السلفية هي **الفرقةُ الناجية وهم أهل السنة والجماعة** ، ليست حزباً من الأحزاب التي تُسمَّى الآن أحزاباً ، وإنَّما هم جماعةٌ ، جماعةٌ على السنة والدين ، وهم أهل السنة والجماعة ... **السلفية طائفة على منهج السلف** على ما كان عليهِ الرسول (ﷺ) وأصحابهُ ، وهي ليستْ حزباً من الأحزاب العصرية الآن ، وإنَّما جماعةٌ قديمة من عهد الرسول (ﷺ) متوارثة مستمرة ◻ تزالُ على الحق **ظاهرة إلى قيام الساعة** كما أخبر الرسول ﷺ ) . [تمَّ تفريغ هذا القول من إحدى أشرطة "تسجيلات منهاج السنة النبوية" بعنوان : "فتاوى العلماء في الجماعات الضالَّة وأثرها على بلاد الحرمين" الوجه الأول] .

واتە : سەلەفیەت و سەلەفیەکان بریتین لە (کۆمەڵی ڕزگار بوو) کە (ئەهلی سوننە و جەماعەن) ، سەلەفیەت حزبێك نیە لەو حزبانەی کە ئێستا ناودەبرێن بە حزبەکان (أحزاب) ، بەڵکو ئەوان کۆمەڵێکن ، کۆمەڵێکن لە سەر سوننەت و دین و ئاین ، ئەوانن (ئەهلی سوننە و جەماعە) ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : "بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم لە سەر حەقن و ئاشکرا و سەرکەوتوون ، ناتوانن زیان و زەرەریان پێبگەیەنن ئەوانەی کە پشتیان لێ کردوون و ئەوانەش کە پێچەوانەیانیان کردووە ... " ، وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : "... وە ئەم ئوممەتە لە داهاتوودا پارچەپارچە دەبێت بۆ (٧٣) حەفتاوسێ فیرقە هەموویان لە ئاگردان تەنها یەك دانەیان نەبێت ، ووتیان : ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : ئەوانەن کە لە سەر وێنەی ئەو بەرنامەیە دەڕۆن کە ئەمڕۆ من و صەحابەکانم لە سەری دەڕۆین" ، سەلەفیەت کۆمەڵێکە لە سەر بەرنامەی سەلەف لە سەر ئەو بەرنامەیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) و صەحابەکان لە سەری بوون ، وە سەلەفیەت حزبێك نیە لەو ئەحزابانەی ئەم چەرخەی ئێستا ، بەڵکو کۆمەڵێکی دێرینە لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (ﷺ) پشتاوپشت هاتووە و بەردەوامە و بەردەوامیش لە سەر حەقن و ئاشکرا و سەرکەوتوون تا هەستانی ڕۆژی قیامەت وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پێ داوە .

**بیرخستنەوەیەك** : زۆر جارێك لێرە و لەوێ دەبیستین (ئیسلامییە حزبییەكان) بە مەبەستی لابردنی تومەت و گەندەڵی لە سەر خۆیان لە كاتێكدا كە تەنگیان پێ هەڵدەچنرێت دەڵێن (سەلەفییەكانیش) خۆیان بۆ خۆیان (حزب)ێكن باشە ئیتر بۆ چی دەڵێن حزبایەتی حەرامە ؟!!!

لە وەڵامی ئەم (شوبهەیەدا) دەڵێم : (**سەلەفیەت**) درێژبوونەوەیەكی سروشتی (الامتداد الطبيعي للإسلام) ئیسلامە و بریتییە لەو ئیسلامە دێرینەی كە (سەلەفی صالح)ی لە سەر بووە نەك دینێكی تازە یان گروپێكی حزبی !!!

وە **سەلەفییەكانیش** هەڵگر و شوێن كەوتەی ئەو بەرنامەیەن كە لە (سەلەفی صالح) ـەوە بۆیان بە جێماوە و پشتاوپشت لە ڕێگای زانایانی میراتگری پێغەمبەرانەوە پیان گەیشتووە و بانگەوازی بۆ دەكەن ، بۆیە دەبینین (**سەلەفیەت**) و (**سەلەفییەكان**) تەنها خۆیان نیسبەت دەدەنە پاڵ (سەلەفی صالح) و تەنها پێشەوا و ڕابەریان بریتییە لە پێغەمبەر (ﷺ) و صەحابە بەڕێزەكانی و شوێن كەوتوانی ئەوانیش بە چاكە تا سێ سەدە زێڕینە دێرینەكەی سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلامی پیرۆز .

وە ئەوەی زیاتر ئەم ڕاستییە بسەلمێنێت ئەوەیە :

لە (**واقع**)**دا** دەبینین بە پێچوانەی (**سەلەفییەت**) و (**سەلەفییەكان**) هەموو حزبە دەست كردەكانی ئەم سەردەمە و گروپ و (كۆمەڵە) داهێنراوەكانی دوای پێغەمبەر (ﷺ) ساڵ یاد و مێژووی سەرهەڵدان و سەرەتای دەست پێكردنی خەبات و تێكۆشانیان دیارە و ساڵ لە دوای ساڵ یادەوەری ئەو ساڵە یادی خۆیان و دەروێشەكانیان دەخەنەوە و زۆر جاریش ئاهەنگی بۆ دەگێڕن ، وە لە كاتی (ململانێی سیاسی و ئیداری) لەگەڵ حزبەكانی تری ئەو گۆڕەپانەدا (مێژووی سەرهەڵدانی خۆیان و ساڵەكانی خەبات و تێكۆشانین) بۆ جەماوەر باس دەكەن ! هەروەها دەشزانرێت دامەزرێنەر و (موئەسیس) و (موهەندیس) و داهێنەر و (موبدیع)ی ئەو حزبە یان ئەو گرۆپ و فیرقەیە كێیە ، هەروەها دەشزانرێت هۆكارەكانی سەرهەڵدان و دامەزراندنی حزب و ئامانجەكانشی چی بوون و بۆ چ مەبەستێكیش ئەو حزبە لەو كاتەدا سەری هەڵداوە ...

وە لە پێشەوە ئەوەمان ڕوون كردووە كە یەكەمین (حزب) و (كۆمەڵ)ی ئیسلامی هاوچەرخ لە ساڵی (١٩٢٨)دا لە میصر داهێنراوە و سەری هەڵداوە ئەویش بریتی بوو لە (الإخوان المسلمين) بە

دەستی صۆفـی (حەسـەن بـەننا) دوابـەدوای ڕووخـانی (دەوڵـەتی عوسمـانی) لـە سـاڵی (١٩٢٤) ، ئەنجا (إنشقاقات) و (انقسامات) ڕوویدا و ووردە ووردە سەدان حزبی تری ئیسلامی داهێنراو سەری هەڵدا !!!

لەمـەوە بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە ئـەو (شـوبهە)یە چـەند بـێ بنەوایـە و چـەندێکیش دوورە لـە ڕاستییەوە .

وە بۆ زیاتر دڵنیا بوون لەم ڕاستییە وتـەی هـەردوو زانـای بـە ناوبـاگ شـێخ (الألباني) و شـێخ (صالح الفوزان) باس دەکەین کە فەرموویانە :

١ ـ شێخ (الألباني) ڕەحمـەتی خـوای گـەورەی لێبێت فەرموویـەتی : (إنَّ أيَّ حزبٍ وليس فقط أعني "حزب التحرير" من دون الأحزاب الإسلامية أو التكتلات الإسلامية أو التجمعات الإسلامية : أيَّ جماعةٍ من هذه الجماعات لم تَقُمْ جماعتها ولم تقُمْ أحزابها على كتاب الله وعلى سنة رسول الله (صلى الله عليه وآلهِ وسلم) . زيادةً على المصدرين المذكورين . أقول : **وعلى منهج السلف الصالح** ، أيُّ حزبٍ لا يقوم على الكتاب والسنة ومنهج السلف الصالح فهو بلا شَكَّ ستكونُ عاقبة أمرها خُسرا وأنَّهُ مَهما كان مُخلصاً في دعوتهِ **وبحثي أو جوابي هذا إنَّما هو عن هذه الجماعات الإسلامية** التي يُفترض أنْ تكونَ مُخلصةً للهِ عزَّ وجل وناصحةً للأُمَّة كما جاء في الحديث الصحيح ألاَ وهو قوله (صلى الله عليه وآلهِ وسلم) : "الدينُ النصيحة ، الدينُ النصيحة ، الدينُ النصيحة ، قالوا لمنْ ؟ قال : للهِ ولكتابهِ ولرسولهِ ولأئمة المسلمين وعامتهم" ، **فإذا لم تكن دعوةُ أيِّ حزبٍ من هذه الأحزاب قائمة على على الكتاب والسنة وعلى منهج السلف الصالح فسوف لا يجنونَ من دعوتهم إلاَّ خسارا** ، ذلك لأنَّ الأمرَ كما قال ربُّنا عزَّ وجل في القرآن الكريم : ﴿ وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَا ﴿٦٩﴾ ﴾ [العنكبوت] .

فمن كان جهادهُ للهِ وعلى كتاب الله وعلى سنة رسول الله (ﷺ) وعلى منهج السلف الصالح فهؤلاء همُ الذين ينطبق عليهم قول الله عزَّ وجل : ﴿ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ ﴾ ! أكرر على مسامعكنَّ هذا الأصل العظيم الذي لا بُدَّ لكُلِّ جماعةٍ مُسلمةٍ أنْ تقومُ دعوتها عليهِ : (الكتاب والسنة وعلى منهج السلف الصالح) .

إذا كان الأمر كذلك فأنا أقول : بناءً على معرفتي بكُلِّ الجماعات والأحزاب القائمة اليوم على الأرض الإسلامية : أنَّهم جميعاً **إلاَّ جماعةً واحدةً ولا أقول حزباً واحداً لأنَّ هذه الجماعة لا تتحزَّب ولا تتكتَّل**

**ولا تتعصَّب** إلاَّ للأصل المذكور آنفاً ألاَ وهو (كتاب الله وسنة رسول الله ﷺ ومنهج السلف الصالح) ، فأنا أعرفُ جيداً أنَّهُ سِوى هذه الجماعة لا تدعو إلى هذا الأصل الذي وضَّحتهُ آنفاً وكَرَّرتهُ مِراراً وتَكراراً على مسامعكنَّ ، **وإنَّما يدعونَ إلى الكتاب والسنَّة فقط** ولا يقرنونَ إلى **الكتاب والسنة** قولنا السابق ذكرهُ : **(وعلى منهج السلف الصالح)** ، وحينئذٍ سيتبين لكنَّ أهمية هذا القيد الثالث (وعلى منهج السلف الصالح) سيتبين لكنَّ أهميتهُ من حيث النصوص الشرعية المنقولة عن النبي (صلى الله عليه وآلِهِ وسلم) كتاباً وسنةً ، ومن حيث واقع **الجماعات الإسلامية بل الفِرَق الإسلامية** من يوم بدأ الخلاف يَمُدُّ رقبتهُ أو يظهر قرنَهُ بين الجماعات الإسلامية الأولى ، أي من يوم خرجت الخوارج على أمير المؤمنين علي بن أبي طالب (رضي الله عنه) ومن يوم الجعد [بن درهم] الذي دعا بدعوة المعتزلة والذين جاءوا من بعدهم مُقلدين له في الاعتزال **إلى غير ذلك من الفرق المعروفة أسمائُها قديماً والتي تتجدد مُسمَّياتها حديثاً بأسماءٍ حديثة ، هذه الفِرَق كلُّها سَواء ما كان منها قديماً أو حديثاً لا يوجدُ فيها فرقة** تقولُ وتُعلنُ : إنَّنا لسنا على الكتاب والسنَّة .

كلُّ هذه الفرق على ما بينها من اختلافٍ سَواء كان هذا الاختلاف في العقائد والأصول أو كان هذا الاختلاف في الأحكام والفروع ، **هؤلاء المُتفرِّقون في دينهم** كلُّهم يقولون كما نقولُ نحنُ الكتاب والسنة ، ولكنَّهم يفترقون عنا فلا يقولون قولتنا التي هي تمامُ دعوتنا (وعلى منهج السلف الصالح) .

إذاً ما الذي يحكمُ بين هذه الفِرَق وكلُّها تنتمي . وعلى الأقل كلاماً ودعوةً . إلى الكتاب والسنة ، ما هو الحكم الفصل بين هؤلاء وكلهم يقولون كلمة واحدة ؟

الجواب : **على منهج السلف الصالح** ...) قالهُ رحمه الله في جوابِهِ عن (حزب التحرير) ضمن إحدى أشرطة (سلسلة الهُدى والنور) رقم : (٧٤٠) تمَّ تسجيلهُ في (٢٧ / شوال / ١٤١٣ هـ . ٢٠ / ٤ / ١٩٩٣ م) .

**واتای ئەوەی کە مەبەسمانە لێرەدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو (شوبهە)یە :**

**هەموو حزب و کۆمەڵە ئیسلامییەکانی ئەم ڕۆژگارە بانگەواز ناکەن بۆ (بەرنامەی سەلەفی صاڵح) لەگەڵ قورئان و سوننەتدا تەنها (یەک کۆمەڵ) نەبێت ناڵێم (یەک حزب) چونکە ئەم کۆمەڵە حزبایەتی و ڕێکخستن و دەمارگیری تێیدا نییە تەنها بۆ (قورئان و سوننەت و بەرنامەی سەلەفی صاڵح) نەبێت ...**

بۆیە دەبینین لە شوێنێکی تردا شێخ (الألباني) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (أنَّ الذي أجدهُ من مخاطر التكتل والتحزب الموجود اليوم : أنَّهم ينطلقونَ **في تكتلاتهم هذه المُفرِّقَة للأمَّة** على

قاعدة غير إسلامية أصبحت اليوم كأنَّها قاعدة إسلامية ضرورية جداً وهي "الغاية تُبرِّرُ الوسيلة" ... وصلتْ هذه القاعدة معهم أنْ يُطبقوا على أتباعهم شروط البيعة الكبرى ...) .

**هەروەها شێخ** (الألباني) **فەرموویەتی** : (الشيخ الألباني لا يدعو إلى التكتُّل وإلى التحزُّب ... هو رجلُ علمٍ ...) [مُفرَّغ من إحدى أشرطة "سلسلة الهُدى والنور" رقم : (٦٤٠) ] .

**واتە : (شێخ ئەلبانی) بانگەواز ناكات بۆ كۆكردنەوەی خەڵك و حزبایەتی پێكردنیان ... بەڵكو ئەو پیاوێكی زانا و زانست خوازە ...**

**وە هەروەها فەرموویەتی** : (منهجنا يختلف عن منهج الإخوان المسلمين : منهجنا ثَقِّفْ ثُمَّ كَتِّلْ ، ومنهج الإخوان المسلمين كَتِّلْ ثُمَّ ثَقِّفْ ثُمَّ لا تثقيف ! ...) .

**واتە : بەرنامەكەی ئێمە جیاوازە لەگەڵ بەرنامەی** (الإخوان المسلمين)**دا : بەرنامەكەی ئێمە بریتی‌یە لە فێر كردن و ڕۆشنبیر كردنی خەڵك ئەنجا كۆكردنەوەیان بە زانایاندا ، بەڵام بەرنامەی** (الإخوان المسلمين) **بریتی‌یە لە كۆكردنەوەی خەڵك بۆ ناو ڕێكخستنەكانی (حزب) و ئەنجا ڕۆشنبیر كردنیان ! ئەنجا هیچ ڕۆشنبیری‌یەكیش نی‌یە !**

**چونكە ئیخوان و حزبی‌یەكان تەنها بیر و بۆچونی (حزبایەتی) و بەرنامەی سیاسی و بەگژداچوونەوەی كاربەدەستان دەخەنە مێشكی ئاندامان و لایەنگرەكانیانەوە و هچی تر .**

**وە لە شوێنێكی تردا فەرموویەتی** : (هذا الحزُّب وهذا التكتُّل ليسَ على المنهج السلفي الذي نحنُ ندعو إليهِ ... ومنهج الإخوان كَتِّلْ ثُمَّ ثَقِّفْ ثُمَّ لا شيء ، ما فيهِ (أي منهج الإخوان) إلاَّ التكتُّل الأعمى ولا شيء ، وهُم لا يتقدمونَ لا علماً ولا عقيدةً ولا سلوكاً كما هُم تماماً ...) .

**واتە : ئەم حزبایەتی كردن و ڕێكخستن و كۆكردنەوەیە لەسەر بەرنامەی سەلەفی‌یەت نی‌یە كە ئێمەی سەلەفی بانگەوازی بۆ دەكەین ... بەڵام بەرنامەی (ئیخوان) بریتی‌یە لە ڕێكخستن و كۆكردنەوەی جەماوەر ئەنجا ڕۆشنبیركردنیان بە بیر و بۆچوونی حزبایەتی و ئەنجا هیچ شتێكیان لێنابینیت ، بەرنامەی (ئیخوان) هیچی تێدا نی‌یە تەنها كۆكردنەوەیەكی كوێرانە نەبێت و هیچی تر ... ئیخوانی‌یەكان پێش ناكەون نە لە بواری زانستی شەرعیدا و نە لە بواری بیروباوەڕی ئەهلی سوننەدا و نە لە بواری ڕەوشت و ئاكاری ئیسلامدا ، ئەوان هەر وەك خۆیانن ...**

**وە ئامۆژگاری** (ناصر عمر) **دەكات بەوەی كە بەرنامە و مەنهەجی خۆی ڕوون بكاتەوە و بە ئاشكرا بلێت :** (... أنا أولاً لستُ من الإخوان المسلمين ، ثانياً منهجي سلفي يَختلف عن منهج الإخوان المسلمين ، منهجي : ثَقِّفْ .. بَيِّنْ للناس ما أُمِرْنا بِهِ على الكتاب والسنة ومنهج السلف الصالح ، ومنهج الإخوان المسلمين : كَتِّلْ .. اجمَعْ .. كان الأصوات .. كان الانتخابات .. وكان دخول البرلمانات .. وإلى آخرِهِ ...) .

**هەروەها سەرزەنشتی** (عبد الرحمن عبد الخالق)**ی كردووە و فەموویەتی :** (هذا ليسَ إخوانياً لكن منهجهُ منهج الإخوان المسلمين ، كيف ذلك ؟ أولاً هو تحزَّبَ وتكتَّلَ ! هذا التحزُّب وهذا التكتُّل ليس على المنهج السلفي الذي نحنُ ندعو إليهِ ...) .

**وە هەروەها لە سەرزەنشت كردنیدا فەرموویەتی :** (انشغلَ عبد الرحمن عبد الخالق ومن حولهُ عن تثقيف الجماعة وعن تعليمهم وعن تربيتهم التربية الإسلامية الصحيحة بسبب هذا التحزُّب والتكتُّل ، وهذا من آثار الحزبيَّة العمياء !!!) [من شريط مسجل مع ناصر العمر] .

**واتە :** (عبد الرحمن عبد الخالق) **و ئەوانەی دەوروبەری خۆیان خەریك كردووە [واتە بە ڕێكخستن و كۆكردنەوەی موسڵمانان بۆ كاری حزبایەتی] لە جیاتی ڕۆشنبیر كردنی ئەو كۆمەڵەی دەوروبەریان و فێر كردنیان لە زانستی شەرعی و پەروەردەكردنیان بە پەروەردەیەكی ڕاستی ئیسلامییانە بە هۆی ئەم حزبایەتی كردن و ڕێكخستن و كۆكردنەوەیە**

**، ئەمەش بەشێكە لە شوێنەواری حزبایەتی كوێرەوەر !!!**

**هەروەها فەموویەتی :** (إنَّ تكتيلَ الشباب المسلم وتجميعهم دون العناية بتثقيفهم الثقافة الإسلامية الصحيحة القائمة على (الكتاب والسنَّة وعلى منهج السلف الصالح) كما هو دعوةُ كُلِّ المسلمين المنتمين إلى هذا المنهج الإسلامي الصحيح ، ولذلك فإني أخشى ما أخشاهُ أنْ ترجِعَ الدعوة السلفية في الكويت وفي بلادٍ أخرى قد تتأثر بهذا **التكتُّل أو التحزُّب الجديد** ... ويتمثلون في دعوتهم خُطى جماعة الإخوان المسلمين ذاتها التي أشرتُ إليها آنفاً وهي القائمة على قول بعضهم : "كَتِّلْ ثُمَّ ثَقِّفْ " ثُمَّ لا شيءَ بعد ذلك إلاَّ التكتُّلَ والتحزُّب !!!

وأكبرُ دليلٍ على ذلك أنَّهُ قد مَضَى على جماعة الإخوان المسلمين ستونَ عاماً ولمْ نُشاهِدْ من أثر دعوتهم فيهم أنَّها أنتجتْ عالماً واحداً بين صفوفهم يَرْجِعُ الناسُ إليهِ في معرفةِ أمور دينهم وعلى النهج المذكور أنفاً [أي : الكتاب والسنَّة وعلى منهج السلف الصالح]..

ولذلك فنحنُ نُريد أنْ يَظَلَّ إخواننا السلفيين في الكويت وفي كُلِّ بلاد الإسلام يهتمونَ بالتثقيف وليسَ بالتكتيل لأنَّ هذه هي دعوةُ النبي ﷺ ) [مُفرَّغ من إحدى أشرطة "سلسلة الهُدى والنور" رقم : (٦٠٥ / ١ ـ ب] .

واتە : ڕێکخستن و کۆکردنەوەی گەنجانی موسڵمان بە بێگرنگی دان بە بیرڕۆشنکردنیان بە ڕۆشنبیرییەکی ئیسلامییانەی ڕاست کە بنیات نرابێت و ڕاوەستا بێت لە سەر (قورئان و سوننەت و بەرنامەی سەلەفی صالح) وەك چۆن ئەمە بانگەوازی هەموو ئەو موسڵمانانەیە کە پەیوەستن بەم بەرنامە ئیسلامییە ڕاستەوە ، بۆیە من ئەوەی کە زۆر ترسم لێی هەبێت ئەوەیە بانگەوازی سەلەفییەت لە کوەیت و وولاتانی تردا بگەڕێتە دواوە و کاریگەر ببێت بەم (ڕێکخستن و کۆکردنەوە یان حزبایەتییە تازە و نوێیە) ... وە لە بانگەوازیاندا خودی هەنگاوەکانی کۆمەڵی (الإخوان المسلمين) بنێن و شوێن پێی ئەوان بکەون کە لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد کەوا بانگەوازەکەیان بنیات نراوە و ڕاوەستاوە لە سەر ئەو ووتەیەی هەندێکیان (جەماوەر کۆبکەرەوە ئەنجا ڕۆشنبیریان بکە) ئەنجا هیچی تر نابێت بە دوای ئەمەدا جگە لە کۆکردنەوە و حزبایەتی کردن نەبێت !!!

وە گەورەترین بەڵگە لە سەر ئەمە ئەوەیە : کەوا (٦٠) شەست ساڵ بە سەر کۆمەڵی (الإخوان المسلمين)دا تێپەڕ بووە کە چی تا ئێستا لە شوێنەواری بانگەوازەکەیاندا نەمان بینیوە تەنها یەك دانە زانای شەرعییان بەرهەم هێنابێت لە نێوان خۆیاندا کە خەڵك بگەڕێتەوە بۆ لای بۆ شارەزا بوون و فێربوونی بوارەکانی دین و ئاینەکەیان زانایەك کە لە سەر ئەو بەرنامەیە بێت کە پێشەوە باسمان کرد [واتە : لە سەر ئەم بەرنامەیە بێت (قورئان و سوننەت و بەرنامەی سەلەفی صالح) ] ...

لە بەر ئەمە ئێمە دەمانەوێت کەوا برا سەلەفییەکانمان لە (کوەیت) و هەموو وولاتانی ئیسلامدا : گرنگی بدەن بە بیروباوەڕ ڕووناك کردنەوەی خەڵك نەك بە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی جەماوەر چونکە بانگەوازەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بریتی بووە لەمە ...

کورتەی فەتوا و ووتە بە نەخەکانی شێخ (ئەلبانی) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت ئەوە دەگەیەنێت کەوا :

بانگەوازی (سەلەفیيەت و سەلەفیيەکان) گرنگی دەدەن بە فێر کردنی موسڵمانان و ڕووناکبیرکردنیان بە زانستی شەرعی ، وە بانەگەوازەکەیان بریتی نیيە لە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی جەماوەر و حزبایەتی کردن بە موسڵمانان .

ئەمەش بە پێچەوانەی بەرنامەی (حزبیيەکان) کە هەوڵیان تەنها بریتیيە لە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی جەماوەر و حزبایەتی کردن بە موسڵمانان و گرنگی نەدان بە فێر کردنیان و بیروباوەڕ ڕووناك کردنەوەیان بە زانستی شەرعی !!!

٢ ـ وە پرسیارکرا لە شێخ (صالح الفوزان) خوای گەورە بیپارێزێت :

**پرسیار** / (هل السلفية حزبٌ من الأحزاب ؟ وهل الانتساب إليها مذموم ؟ ومن هُم علمائها ؟

واتە : ئایا سەلەفیيەت حزبێکە لە حزبەکان ؟ وە ئایا خۆ دانە پاڵ سەلەف [واتە : بڵێت من سەلەفیم] خراپە ؟ وە زاناکانی سەلەفیيەت کێن ؟

**وەڵام** / شێخ (صالح الفوزان) : خوای گەورە بیپارێزێت لە وەڵامدا فەرمووی : (السلفية هي الفرقةُ الناجية هم أهل السنة والجماعة ، **ليست حزباً من الأحزاب التي تُسمَّى الآن أحزاباً** ، **وإنَّما هم جماعةٌ** ، **جماعةٌ على السنة** وعلى الدين ، هُم أهل السنة والجماعة ، قال النبي (ﷺ) : " لاَ تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي عَلَى الْحَقِّ ظَاهِرِينَ لاَ يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ وَلاَ مَنْ خَالَفَهُمْ ..." ، وقال النبي (ﷺ) : " ... وَسَتَفْتَرِقُ هَذِهِ الأُمَّةُ عَلَى ثَلاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً كُلُّهَا فِي النَّارِ إِلاَّ وَاحِدَةٌ ، قَالُوا : مَنْ هِيَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : مَنْ كَانَ عَلَى مِثْلِ مَا أَنَا عَلَيْهِ الْيَوْمَ وَأَصْحَابِي" ، **السلفية طائفة على منهج السلف** على ما كان عليهِ الرسول (ﷺ) وأصحابهُ ، **وهي ليستْ حزباً من الأحزاب العصرية الآن** ، وإنَّما جماعةٌ قديمة من عهد الرسول (ﷺ) متوارثة مستمرة لا تزالُ على الحق ظاهرة إلى قيام الساعة كما أخبر الرسول ﷺ ) .

واتە : **سەلەفیيەت و سەلەفیيەکان** بریتین لە **(کۆمەڵی ڕزگار بوو)** کە **(ئەهلی سوننە و جەماعەن)** ، **سەلەفیيەت حزبێک نیيە لەو حزبانەی کە ئێستا ناودەبرێن بە حزبەکان** (أحزاب) ، بەڵکو ئەوان کۆمەڵێکن ، کۆمەڵێکن لە سەر سوننەت و دین و ئاین ، ئەوانن (ئەهلی سوننە و جەماعە) ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : "بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم لە سەر حەقن و ئاشکرا و سەرکەوتوون ، ناتوانن زیان و زەرەریان پێبگەیەنن ئەوانەی کە سەرکزیانیان کردووە و ئەوانەش کە پێچەوانەیانیان کردووە ... " ، وە هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : "... وە ئەم ئوممەتە لە

داهاتوودا پارچەپارچە دەبێت بۆ (٧٣) حەفتاوسێ فیرقە هەموویان لە ئاگردان تەنها یەك دانەیان نەبێت ، ووتیان : ئەوانە كێن ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی : ئەوانەن كە لە سەر وێنەی ئەو بەرنامەیە دەڕۆن كە ئەمڕۆ من و صەحابەكانم لە سەری دەڕۆین " .

سەلەفیەت كۆمەڵێكە لە سەر بەرنامەی سەلەف لە سەر ئەو بەرنامەیەی كە پێغەمبەر (ﷺ) و صەحابەكان لە سەری بوون ، وە **سەلەفیەت حزبێك نیە لەو ئەحزابانەی ئەم چەرخەی ئێستا** ، بەڵكو كۆمەڵێكی دێرینە لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (ﷺ) پشتاوپشت هاتووە و بەردەوامە و بەردەوامیش لە سەر حەقن و ئاشكرا و سەركەوتوون تا هەستانی ڕۆژی قیامەت وەك چۆن پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی پێ داوە .

وە هەروەها ئەم پرسیارەشی لێ كرا :

**پرسیار** / (یزعمُ بعض الناس أنَّ السلفيةَ تُعتبَر جماعة من الجماعات العاملة على الساحة ، فحكمُها حكم بقية الجماعات ، فما هو تعقيبكم على هذا ؟

واتە : هەندێك لە خەڵك گومانیان وایە سەلەفیەت كۆمەڵێكە لەو كۆمەڵانەی كە لە گۆڕەپانەكەدا كار دەكەن ، بۆیە حوكمی ئەویش هەر وەك حوكمی ئەوانە ، جا وەڵامی تۆ چیە بۆ ئەمە ؟

**وەڵام** / شێخ (صالح الفوزان) : خوای گەورە بیپارێزێت لە وەڵامدا فەرمووی :

(هذا كلامٌ من الناس ، **الجماعة السلفية هي الجماعة التي على الحق ، وهي التي يجبُ الانتماءُ إليها والعملُ معها والانتسابُ إليها** ، وما عداها من الجماعات يَجبُ أنْ لا تُعتبَر من جماعة الدعوة لأنَّها مُخالفة ، وكيف نَتْبَعُ فرقةً مُخالفة لجماعة أهل السنة وهَدي السلف الصالح ؟! **ما خالفت جماعة السلفية فإنَّها جماعات مُخالفة لمنهج الرسول (ﷺ) مُخالفة لما كان عليه الرسول (ﷺ) وأصحابُهُ** ، فقول الذين يقولون : (الجماعة السلفية هي واحدة من الجماعات الإسلامية) **هذا غَلَط !!! الجماعة السلفية هي الجماعة الوحيدة التي يجبُ اتباعها والسير على منهجها والانضمام إليها ، وما عداها فإنَّهُ لا يجوز للمسلم أنْ ينضمَ إليها لأنَّهُ مُخالف** ، وهل يرضى الإنسان أنْ ينضم إلى المُخالف ؟! لا يرضى بِهذا مسلمٌ ، الرسول (ﷺ) يقول : "عليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين

المهديين من بعدي" ، ويقول (ﷺ) الفرقة الناجية : "مَنْ كان على مثل ما أنا عليهِ وأصحابي" ، هل يريد الإنسان النجاةَ ويسلك غير طريقها ؟!

ترجو النجاةَ ولمْ تسلُكْ مسالكها

إنَّ السفينةَ لا تجري على اليَبَسِ) .

واتە : ئەمە قسەیەکە لە خەڵکەوە ، کۆمەڵی (**سەلەفییەت و سەلەفییەکان**) ئەو کۆمەڵەن کە لەسەر حەق و ڕاستین ، وە ئەو کۆمەڵەن کە واجب و پێویستە بچیتە ڕیزیەوە و کاری لەگەڵدا بکەیت و خۆت بدەت پاڵیەوە و بڵێیت من سەلەفیم لە سەر بەرنامەی سەلەف دەڕۆم ، وە جگە لەم کۆمەڵە نەبێت هەموو کۆمەڵەکانی تر واجب و پێویستە دانەنرێت بە کۆمەڵی بانگەوازکار چونکە پێچوانەی حەق و ڕاستین ، چۆن شوێنی فریقەیەك بکەوین کە پێچەوانەی (کۆمەڵی ئەهلی سوننە و ڕێگا و ڕێباز و ئاکاری سەلەفی صالح) بن ؟!

ئەوەی کە پێچەوانەی (**سەلەفییەت**) بێت لەو کۆمەڵانە ئەوا کۆمەڵانێکن پێچەوانەی بەرنامەکەی پێغەمبەرن (ﷺ) و پێچەوانەی ئەو بەرنامەیەن کە پێغەمبەر (ﷺ) و صەحابەکان لە سەری بوون ، بۆیە قسەی ئەوانەی کە دەڵێن (کۆمەڵی **سەلەفییەت**)یش یەکێکە لەو کۆمەڵە ئیسلامییانە) ئەم قسەیە هەڵەیە ، کۆمەڵی (**سەلەفییەت**) تەنها کۆمەڵێکە کە واجب و پێویستە خەڵك شوێنی بکەوێت و لە سەر بەرنامەکەی بڕۆن و خۆیان بخەنە ڕیزیەوە ، وە جگە لەم کۆمەڵە نەبێت هەموو کۆمەڵەکانی تر ئەوا دروست نییە و حەرامە بۆ موسڵمان بچێتە ڕیزیانەوە چونکە پێچەوانەن ، ئایا موسڵمان ڕازی دەبێت بچێتە ڕیزی ئەوانەوە کە پێچەوانەن بۆ حەق و ڕێگای ڕاست ؟!! موسڵمان بەمە ڕازی نابێت .

پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : دەست بگرن بە سوننەتی من و سوننەتی جێنیشینە ڕێ ڕاست و هۆشمەند و هیدایەت دراوەکانمەوە لە دوای من ... هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی کۆمەڵی ڕزگاربوو : ئەوانەن کە لە سەر وێنەی ئەو بەرنامەیەن کە من و صەحابەکانمی لە سەرە .

ئایا دەبێت مرۆڤ ڕزگاری بوێت و ڕێگای ڕزگاریش نەگرێتە بەر ؟!

ڕزگاریت دەتەوێت و ڕێگاکانیت نەگرتووەتە بەر

ئەی نازانیت کەشتی بە سەر وشکانیدا ناڕوات !!!

# ڕێگای سەرفرازی و ڕزگار بوون
# لە حزبایەتی و جیاوازی و پارچە پارچەگەرێتی

لەوانەیە پرسیارکارێك بپرسێت و بڵێت : ئەگەر من خۆم دوورەپەرێز بکەم لەم فیرقە و ئەحزابە ئیسلامی‌یانە ، وە وازم هێنا لەوەی پەیوەندیان پێوە بکەم ، وە شوێنی هیچیان نەکەوتم ، لە بەر ئیش کردنم بە فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) کە لە فەرموودەکەی (حذيفة)دا (رضي الله عنه) هاتووە و فەرموویەتی : ((فَاعْتَزِلْ تِلْكَ الْفِرَقَ كُلَّهَا)) واتە : دوور بگرە لە هەموو ئەو فیرقانە ، وە بەو وتەیەی تری (ﷺ) کە لە ڕیوایەتەکەی تری ئەم فەرموودەیەدا هاتووە و فەرموویەتی : (( ... خَيْرٌ لَكَ مِنْ أَنْ تَتَّبِعَ أَحَدَاً مِنْهُم)) واتە : مردنت لە سەر ئەم شێوازە چاکترە بۆت لەوەی شوێنی هیچ یەکێکیان بکەویت ، هەروەها لە بەر کردەوە کردنم بە باقی تری ئەو فەرموودە و ئایەتانەی کە حزبایەتی و پارچەپارچەگەرێتی حەرام کردووە ، واتباعاً لأهل الذكر وأولي الأمر من علماء وفقهاء هذا العصر الذين أفتوا بهذا :

---

وە هەروەها فەرموویەتی :

(هناك قاعدة : إنَّ الجماعة التي يجبُ الانضمامُ إليها والسير معها والعملُ معها هي جماعة أهل السنة التي تسيرُ على ما كان عليه الرسول (ﷺ) وأصحابهُ ، أمَّا ما خالفها فإنَّهُ يَجبُ أنْ نَتَبَرَّأَ منها ...) .

واتە : بنچینە و بنەوایەك هەیە :

ئەو کۆمەڵەی کە واجب و پێویستە لەگەڵیاندا بیت و لەگەڵیاندا بڕۆیت و کاریان لەگەڵدا بکەیت بریتی‌یە لە کۆمەڵی (ئەهلی سوننە) کە لە سەر ئەوە دەڕۆن کەوا پێغەمبەر (ﷺ) و صەحابەکانی لە سەری ڕۆیشتوون ، بەڵام ئەوانەی کە پێچەوانەی ئەم بەرنامەیەن ئەوا واجب و پێویستە ئێمە خۆمانی لێ بە دووربگرین و برائەتی خۆمانمانی لێ دەربڕین ...

واتە : هەروەها لە بەر شوێن کەوتنم بۆ زانایان و شەرع زانانی ئەم سەردەمە کە فەتوایان بەمە داوە :

جا ئەگەر من ئەمەم ئەنجامدا (واتە : وازم هێنا لە حزبایەتی و دوور کەوتمەوە لەو ئەحزاب و فیرقە ئیسلامی‌یانە) باشە دوای ئەمە من چی بکەم و چۆن بانگەواز بکەم و شوێنی چ ڕێبازێك بکەوم و چ ڕێگایەك بگرمە بەر ؟ فماذا أفعلُ وكيفُ أدعو وأيُّ سبيلٍ أتبعُ وأيُّ طَريقٍ أسلكُ [٤٤] ؟

---

[٤٤] **پرسیارکرا** لە بەڕێز شێخ (صالح الفوزان) خوای پەروەردگار بیپارێزێت : (هل لكم من كلمة أبوية لأبنائكم الشباب الذين اغتروا بهذه الجماعات ، ومنهم مَنْ انضم إليها أو دعا بدعوتها ؟

واتە : ئایا ووتەیەکی باوك ئاساتان هەیە بۆ کوڕە کەنجەکانتان ئەوانەی کە هەڵخەڵەتاون بەم (حزب و کۆمەڵانەوە) ، وە هەندێکیان چوونەتە ڕیزیانەوە یان بانگەشەیان کردووە بە بانگەوازەکانیان ؟

شێخ (صالح الفوزان) لە وەڵامدا فەرموویەتی : (ندعو جميع شباب المسلمين أنْ يرجعوا عن الخطأ ، وأنْ ينضموا إلى جماعة (**أهل السنة والجماعة والفرقة الناجية**) ... ننصحُ شبابنا أنْ يسيروا على هذه الدعوة وعلى هذه الجماعة التي تسيرُ على المنهج الصحيح ، **وأنْ لا يلتفتوا إلى الفِرَق وإلى الجماعات وإلى الحزبيات وإلى المُخالفات** ، لأنَّ هذا يُشَتِتُ جماعتنا ويُفَرِّقُ قلوبنا ، كما هو الحاصل الآن .

هذا التباغض الذي بين الشباب الآن وبين الكثير من المنتسبين إلى الدعوة في هذه البلاد [يقصد الشيخ سلمان وسفر وأشياعهم من الحزبيين والقطبيين والحركيين والسروريين ونحوهم ممَّن اغتروا بمنهج الإخوان والتكفريين وغيرهم من الجماعات والأحزاب الإسلامية الوافدة إليها] هذا إنَّما نشأ من النظر إلى هذه الجماعات والاغترار بها وترويج أفكارها ، هذا هو الذي يُسبِّبُ التباغض بين

شبابنا وبين بعض طلبة العلم منَّا ، أمَّا لو أنَّهم شكروا نعمةَ الله عليهم وتمسكوا بما أعطاهم الله من البصيرة والدعوة إلى الله عَزَّ وجل التي قادها وأقامها في هذه البلاد المُجَدِدِ شيخُ الإسلام (ممحد بن عبد الوهاب رحمهُ الله) على بَيِّنَة وعلى بصيرة ونجحتْ ، الآن كَمْ لها ؟ الآن لها أكثر من مئة سنة وهي ناجحة لمْ يختلف فيها أحد وتسير على الطريق الصحيح قائمةٌ دولةً قائمةً على الكتاب والسنة ، دعوةٌ ناجحةٌ  شكَّ في ذلك ، حتى اعترف الأعداءُ بذلك ، الأعداء الآن يعترفون بأنَّ هذه البلاد تعيش . ولله الحمد . أرقى أنواع الأمن والستقرار في العالم .. والسلامة من الأفكار كُلّ يعرفُ هذا .

فلماذا نستبدل هذه النعمة ونتطلع إلى أفكار الآخرين التي ما نجحتْ في بلادها وكوَّنتْ في بلادها جماعة إصلاحية ولم تنفع ولم تُحولها من بلادٍ قانونية أو وثنية أو قبورية ! لمْ تُحولها إلى جماعة إسلامية صحيحة ، هذا دليلٌ على عدم نجاحها ، فلماذا نحنُ نَعجَبُ بها ونُرَوِّجُها وندعو لها ؟!!!) .

وقال أيضاً : (إنَّ هذه البلاد . ولله الحمد . ليستْ بحاجة إلى جماعةٍ تأتي من هُنا وهُناك من خارج البلاد ، إنَّها بحاجة إلى أنْ تُؤازر هذه الدعوة الصحيحة التي قامتْ على يَد الشيخ (محمد بن عبد الوهاب) **وهي امتدادٌ لدعوة الرسول** (ﷺ) ، ونحنُ بحاجة إلى القيام بهذه الدعوة ومُناصرتها ونشرها بين الناس عن علمٍ وبصيرة ، ولسنا بحاجة إلى أنْ نستورِد مثل هذه الدعوات أو الجماعات من الخارج ، يعني يدعوننا إلى الخروج عن هذه الدعوة ، هذا هو بيت القصيد ، أظن هؤء الذين يأتوننا من الخارج لنستورِدَ منهم يُريدون ويدعوننا إلى ترك هذه الدعوة الشرعية الصحيحة وإ ماذا يُريدون ؟!!!) ، [تمَّ تفريغ هذا الفتوى من إحدى أشرطة "تسجيلات منهاج السنة النبوية" بعنوان : "فتاوى العلماء في الجماعات الضالَّة وأثرها على بلاد الحرمين" الوجه الأول ] .

**واتە : بانگەوازی هەموو گەنجێکی موسڵمانان دەکەین کە لە هەڵە بگەڕێنەوە ، وە بچنە ڕیزی کۆمەڵی (ئەهلی سوننە و جەماعە و کۆمەڵی ڕزگاربوو)ەوە ... ئامۆژگاری گەنجەکانمان دەکەین کە لە سەر ئەم بانگەوازە و لەگەڵ ئەم کۆمەڵەدا بڕۆن کە لە سەر بەرنامەی ڕاست دەڕوات ، وە ئامۆژگاریان دەکەین ڕوویان وەرنەچەرخێنن بەرەو لای فیرەق و جەماعات و**

حزبایەتی و پێچەوانەکاریەکان ، چونکە ئەمە یەك کۆمەڵی و یەك ڕیزیمان پەرتەوازە دەکات و جیاوازی دەخاتە نێو دڵەکانمانەوە .

هەروەکو چۆن ئێستا ئەمە ڕووی داوە ، ئەم ڕقەبەرایەتییە کە ئێستا لە نێوان گەنجەکان و زۆربەی ئەوانەی کە دەدرێنە پاڵ دەعوە و بانگەواز لەم وولاتەدا هەیە [شێخ مەبەستی (سەلمان و سەفەر) و شوێن کەوتوەکانیانە لە حزبییەکان و قوطبییەکان و حەرەکییەکان و سروریەکان و هاوشێوەکانیان لەوانەی کە هەڵخەڵەتاون بە بەرنامەی ئیخوان و تەکفیرییەکان و جگە لەوانیش لە جەماعات و حزبە هێنراوەکان لە دەرەوە ] ئەم ڕقەبەرایەتییە لە ئەنجامی چاولێکردنی ئەم جەماعاتان و هەڵخەڵەتاندن پێیان و ڕەواج دان بە بۆچووەنەکانیانەوە پەیدا بووە و سەری هەڵداوە ، ئا ئەمەیە بووەتە هۆی ڕقەبەرایەتی نێوان گەنجەکانمان و نێوان هەندێك لە فێرخوازانی زانستی شەرعیمان ، بەڵام ئەگەر ئەم گەنجانە سوپاس و شوکری نیعمەتی خوایان بە سەریانەوە بکردبایە و دەستیان بگرتبایە بەوەی کە خوا پێیانی بەخشێوە لە زانست و چاو ڕۆشنی و بانگەواز کردن بۆ لای خوای گەورە و بە توانا ، ئەو بانگەوازەی کە تازەکەرەوەی ئاین شێخی ئیسلام (مُحَمَّد بن عبد الوهاب) ڕەحمەتی خوای لێبێت لەم وولاتەدا سەرکردایەتی کرد و دایمەزراند لە سەر بەڵگە و ڕووناکی و چاوڕۆشنی و سەرکەوتوویش بوو ، ئێستا چەند ساڵی بە سەردا چووە ؟ ئێستا زیاتر لە (١٠٠) سەد ساڵی بە سەردا چووە هێشتا هەر سەرکەوتووە و هیچ کەسێك جیاوازی تێدا نەکردووە و لە سەر ڕێگای ڕاست دەڕوات ، شێخ دەوڵەتێکی دامەزراند کە ڕاوەستاوە لە سەر (**قورئان و سوننەت**) ، بانگەوازێکی سەرکەوتوو بێ ئەوەی هیچ گومانێکی تێدا هەبێت ، تا ئەو ئاستەی کە دووژمنان دانیان بەمەدا ناوە ، ئێستا دووژمنان دان بەوەدا دەنێن کە ئەم وولاتە ـ سوپاس بۆ خوا ـ بەرز ترین جۆرەکانی ئاسایش و سەقامگیری تێدایە لە جیهاندا و پارێزرا و سەلامەتیشە لە بۆچوونی لار و لە ڕێ دەرچوو ، هەمووان ئەمە دەزانن .

باشە ئیتر بۆ چی ئەم نیعمەتە بگۆڕینەوە و چاو بڕوانینە ئەو بۆچوونانەی کەسانی تر کە سەرکەوتوو نەبووە لە وڵاتەکەی خۆیدا ، ئەم بۆچوونانە و ئەم بانگەوازانە و ئەم جەماعاتانە سەرکەوتوو نەبووە لە وڵاتەکانی خۆیاندا و نەیتوانیوە لە وڵاتەکەی خۆیدا کۆمەڵێکی چاکسازیکار پێك بێنێت و سوودیان نەبووە و نەیگواستوونەتەوە لە وڵاتێکی یاسایی یان بت پەرستی یان گۆڕ پەرستی ، نەیگواستوونەتەوە بۆ (کۆمەڵێك موسڵمانی ڕاست) ، ئەمە بەڵگەیە لە سەر سەرنەکەوتنیان ، ئیتر بۆ چی سەرمان سوڕ بمێنێت بەم جەماعاتانە و ڕەواج بدەین پێیان و بانگەوازیان بۆ بکەین ؟!!!

[دەڵێم : ئەوا نزیکەی (٧٧) ساڵ بە سەر بانگەوازی (ئیخوان)دا تێپەڕ بووە بەڵام تا ئێستا هیچیان بە هیچ نەکردووە تەنها لە ئاژاوە و کۆسپ و ناڕەحەتی هێنان نەبێت بۆ سەر موسڵمانان بە گشتی و ئیخوانییەکانیش بە تایبەتی ! ئەمە چ لە (میصر) دا بێت کە وڵاتی سەرهەڵدانی فیرقەی (ئیخوان)ە یان چ لە وڵاتانی تردا بێت ، وە کارەساتی (حەلەب و حەما)ی (سوریا) و (شۆڕشی خەوارجەکانی جەزائیر) و (شەڕە مووشەکی نێوان حزبە ئیسلامییەکانی وڵاتی ئەفغانستانی وێرانکراو) شاهیدی ئەم ڕاستییەن !!!] .

**هەروەها** شێخ (فوزان) فەرموویەتی : ئەم وڵاتە ـ سوپاس بۆ خوا ـ پێویستی نییە بە **هاتنی** (حزب و کۆمەڵ) لێرە و لەوێ لە دەرەوەی وڵات ، بەڵکو پێویستی هەیە **بە پشتگیری کردنی ئەم بانگەوازە ڕاستە کە تێیدا دامەزراوە لە سەر دەستی شێخ** (محمد بن عبد الوهاب) کە **درێژبوونەوەیەکە بۆ بانگەوازەکەی پێغەمبەر** (ﷺ) ، ئێمە پێویستیمان هەیە بە هەستان بەم بانگەوازە و سەرخستنی و بەڵاوکردنەوەی لە ناو خەڵکدا بە زانست و چاوڕۆشنییەوە ، وە هیچ پێویستییەکمان نییە بە هێنانی وێنەی ئەم بانگەواز و جەماعاتانە لە دەرەوە ، کەواتە ئەوان (حزبییەکان) دەیانەوێت بانگمان بکەن بۆ دەرچوون لەم بانگەوازە ، ئا ئەمەیە ناوەڕۆکی مەبەستیان ، وا گومان دەبەم ئەوانەی کە لە دەرەوە

دەڵێم : وەڵامەکە ئاشکرا و ڕوونە و چارەسەرەکەش لە هەمان ئەو ئایەت و فەرموودە و فەتوایانەی گەورە زانایانەی ئەم سەردەمەدا باس کراوە ، کە بریتی‌یە لە : پەیوەست بوون و ئیلتیزام کردن بە (بەرنامە و ڕێبازی سەلەف) (بەرنامەی ئەهلی سوننەت و جەماعە) ئەویش بە :

* (اتباع ما كان عليه النبي (ﷺ) وأصحابهُ)[٤٥] واتە : بە شوێن کەوتنی ئەو بەرنامەیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەکانی لە سەر بووە .

* وە بە (التمسك بسنتهِ وسنة الخلفاء الراشدين (رضي الله عنهم)) واتە : بە دەست گرتن بە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) و سوننەتی جێنیشینە ڕاست و هۆشمەندەکانی (رضي الله عنهم) .

* وە بە (سلوك سبيل المؤمنين الأولين من المهاجرين والأنصار والذين اتبعوهم بإحسان من السلف الصالح) واتە : بە گرتنە بەری ڕێگای ئیماندارە پێشینەکان لە

---

دێن بۆ لامان بۆ ئەوەی لەوانەوە (بەرنامە) بهێنین و وەربگرین دەیانەوێت و بانگەشەمان دەکەن بۆ وازهێنان لەم بانگەوازە شەرعی‌یە ڕاستە !!! ...

[٤٥] قال فضيلة الشيخ صالح الفوزان حفظهُ الله : (هناك قاعدة : إنَّ الجماعة التي يَجبُ الانضمامُ إليها والسير معها والعملُ معها هي جَماعة أهل السنة التي تسيرُ على ما كان عليه الرسول (ﷺ) وأصحابهُ ، أمَّا ما خالفها فإنَّهُ يَجبُ أنْ نَتبَرَّأَ منها ...) .

واتە : بنچینە و بنەوایەك هەیە : ئەو کۆمەڵەی کە واجب و پێویستە لەگەڵیاندا بیت و لەگەڵیاندا بڕۆیت و کاریان لەگەڵدا بکەیت بریتی‌یە لە کۆمەڵی (ئەهلی سوننە) کە لە سەر ئەوە دەڕۆن کەوا پێغەمبەر (ﷺ) و صەحابەکانی لە سەری ڕۆیشتوون ، بەڵام ئەوانەی کە پێچەوانەی ئەم بەرنامەیەن ئەوا واجب و پێویستە ئێمە نەفرەتی خۆمانی لێبکەین و برائەتی خۆمانمانی لێ دەرببڕین ...

کۆچکەران و سەرخەران و ئەوانەی کە بە چاکە شوێنیان کەوتن لە سەلەفی صالـّح .

* وە بە (الرجوع إلى علماء الأُمَّة الذين أمرنا اللهُ بالسؤال عنهم وردُّ الأمر إليهم لأنهم أهل الذكر وأولي الأمر وهم أهل العلم والفقه والبصيرة ، وهم ورثةُ الأنبياء وهُداةُ الصراط المستقيم ودُعاة الطريق الحق) ...

واتە : بە گەڕانەوە بۆ لای زانایانی ئوممەت ئەوانەی کە خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووین بە پرسیار کردن لێیان و گێڕانەوەی ئیش و کاری دین و ئاین بۆ لایان ، چونکە ئەوان فەرمان ڕەوا و زانا و شەرع ناس و چاو ڕۆشنن ، وە ئەوان میرات گری پێغەمبەران و ڕێپیشاندەرانی ڕێگای ڕاست و بانگەوازکارانی ڕێگای حەقن ...

**ئا ئەمەیە ڕێگای سەرفرازی و ڕزگار بوون ...**

فعليك بالرجوع إلى العلماء الأكابر فهمُ الدُعاة إلى اللهِ على بصيرة وعلمٍ ودليل وبرهانٍ ...

واتە : پێویستە لە سەرت بگەڕێیتەوە بۆ لای گەورە زانایان : چونکە ئەوانن بانگەوازکاران بۆ لای خوا لە سەر چاو ڕۆشنی و زانست و بەڵگە و ڕووناکی ...

وحَذارِ حَذارِ من استفتاء رُؤوس الجَهالة وإجابة دُعاة التحزُّب والضلالة :

فهم الواقفون على السُبُل المتفرقة [٤٦] الذين قد ضَلُّوا وأضلَّوا فمَنْ أجابهم أوردوهُ موارد الهلاك والضلال ... وقذفوهُ في النار وبئس المصير ...

---

[٤٦] **سودێك :** ئیمامی (القرطبي) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیری ئایەتی ﴿... وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ ...﴾دا [الأنعام : ١٥٣] **فەرموویەتی :** (وقد قال بعض العلماء العارفين : هذه الفرقة التي زادت في فِرَق أمَّة مُحمَّد (ﷺ) هُمْ : قَومٌ يُعادونَ العُلماء ويُبغضونَ الفقهاء) (٧ / ١٤١) .

واتە : هەندێك زانای شارەزا و خوا ناس فەرموویانە : ئەو فیرقەیەی کە زیادی کردووە لە فیرقەکانی ئوممەتی (محمَّد ﷺ) ئەوانە بریتین لە : کەسانێك کە دژایەتی زانایان دەکەن و ڕقیانە لە شەرع ناس و فەقیهەکان .

دەڵێم : ئەگەر وورد ببیتەوە لە بۆچوون و هەڵوێستی (ئیسلامی‌یە حزبی‌یەکان) بەرامبەر بە زانایان و شەرع ناسان و فقیهەکان و (ئەهلی حەدیث)ی ئەم سەردەمە و براودی بکەیت لەگەڵ ئەم ووتە بە نرخەدا کە ئیمامی (القرطبي) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیری ئایەتی ﴿ ... وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ ...﴾ دا گێڕاوی‌یەتەوە :

ئەوا زۆر بە جوانی دەتوانیت حوکم بدەیت بەسەر (حزب و کۆمەڵە ئیسلامی‌یە هاوچەرخەکان) کە ئایا لە (٧٢) حەفتاودوو فیرقە گومڕا بە هیلاکدا چووەکانن یان لە ئەهلی سوننە و فەرموودەن کە شوێن کەوتەی ڕێگای ڕاستن و دەگەڕێنەوە بۆ لای زانایانن و پرسیارە شەرعی‌یەکان تەنها لەوان دەکەن نەك لە سەرەنەزانەکان و بانگەوازکارانی حزبایەتی و گومڕایەتی کە بەردەوام دژایەتی زانایان دەکەن و ڕقەبەرایەتیان لەگەڵدا دەکەن و دەیان تۆمەت و بوهتانیان بۆ هەڵ دەبەستن ؟!!!

وە (تانەوتەشەر دان لە زانایان و دژایەتی و ڕقەبەرایەتی کردنیان و بە چاکە باس نەکردنیان و دوور خستنەوەی خەڵك لێیان و نەگەڕانەوە بۆ لای ئەوان) یەکێکە لە نیشانە گەورەکانی (ئەهلی بیدەع و حزبایەتی) لە کۆن و تازەدا :

ئیمامی (أبو حاتم الرازي / ١٩٥ - ٢٧٧ هـ) فەرموویەتی : (علامةُ أهل البدَع الوقيعةُ في أهل الأثر).

واتە : نیشانەی (ئەهلی بیدەع) ئەوەیە : قسە دەکەن بە (ئەهلی حەدیث و ئەثەر) .

وە ئیمامی (البربهاري - ت / ٣٢٩ هـ) فەرموویەتی : (إذا سمعتَ الرجل يطعنُ على الآثار ، أو يَردُّ الآثار ، أو يُريدُ غير الآثار ، فاتهمهُ على الإسلام ، ولا تشك أنَّهُ صاحب هوى مُبتدع) .

واتە : ئەگەر بیستت کەسێك تانە لە فەرموودە و میراتی پێغەمبەر (ﷺ) و سەلەف بدات ، یان ڕەدیان بکاتەوە ، یان غەیری ئەوەی دەوێست ، ئەوا تۆمەت باری بکە بەرامبەر بە ئیسلام و هیچ گومانیشت لەوەدا نەبێت کە ئەو کەسە هەڵگری هەوا و ئارەزووە و بیدعەچی‌یە.

**وە ئیمامی** (إسماعيل الصابوني / ٣٧٢ ـ ٤٤٩ هـ) **فەرموویەتی** : (وعلاماتُ أهل البدَع على أهلها باديةٌ ظاهرة ، وأظهرُ آياتهم وعلاماتهم شِدَّةُ مُعاداتهم لحملة أخبار النبي (ﷺ) ، واحتقارهم لهم ، واستخفافهم بهم) .

**واتە : نیشانەکانی (ئەهلی بیدەع) بە سەریانە دیار و ئاشکرایە ، وە ئاشکراترین نیشانەیان : دژایەتی توونديانە بۆ هەڵگرانی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ، وە بێ ڕێزی نواندنیانە بەرامبەریان و سوکایەتی کردنیانە پێیان .**

**وە ئیمامی** (أحمد بن القطان / ١٧٠ ـ ٢٥٦ هـ) **فەرموویەتی** : (ليس في الدنيا مُبتدِعٌ إلاَّ وهو يُبغِضُ أهل الحديث) .

**واتە : بیدعەچییەك نییە لە دونیادا ئیللا ڕقیەتی لە (ئەهلی حەدیث) .**

**وە ئیمامی** (قتيبة بن سعيد / ١٤٩ ـ ٢٤٠ هـ) **فەرموویەتی** : (إذا رأيت الرجل يُحِبُّ أهل الحديث فإنَّهُ على السنَّة ، ومَنْ خالفَ هذا فاعلم أنَّهُ مُبتدع) * .

**واتە : ئەگەر بینیت کەسێك (ئەهلی حەدیث)ی خۆش دەویست ئەوا ئەو کەسە لە سەر سوننەت و بەرنامەکەی پێغەمبەرە (ﷺ) ، وە هەر کەسێك پێچەوانەی ئەمە بێت ئەوا بزانە ئەو کەسە موبتەدیع و بیدعەچییە .**

* **ئەم ووتە بە نەخانە لەم کتێبەوە وەرگیراون** : "لَمُّ الدُّرُّ المَنْثور من القول المأثور" لجمال الحارثي ، قرأهُ وراجعهُ فضيلة الشيخ صالح الفوزان حفظهُ الله .

**خوێنەری ژیر و چاو ڕۆشن : ئایا ئەگەر کەسێك پێشەوایان و زانایان و (ئەهلی حەدیث)ی ئەم سەردەمەی وەك** (ابن باز و الألباني و ابن العثيمين و مقبل الوادعي و صالح الفوزان و ربيع المدخلي) **خۆش نەوێت و تانەیان لێبدات و بە چاکە باسیان نەکات و هانی خەڵك نەدات بۆ گەڕانەوە بۆ لایان و بە پێشەوا و ڕابەری ئەم ئوممەتەیان نەزانێت ئایا ئەو کەسە حزبییە ئەگەر (بیدعەچی) نەبێت دەبێت چی بێت ؟!!!**

**وە داوات لێدەکەم** **کە ئەم ووتە ڕێ پیشاندەر و جەرگ برانە بخوێنیتەوە و پاشان ئاوڕێك بدەیتەوە لە ڕەفتار و هەڵوێستی (ئیسلامییە حزبییەکانی) ئەم سەردە بەرامبەر بەم زانایانەی کە**

واتە : ئامان بە ئاگا بە لە داوا کردنی فەتوا لە سەرەنەزانەکان و وەڵامدانەوەی بانگەوازکارانی حزبایەتی و گومڕایی :

چونکە ئەوانن کە ڕاوەستاون لە سەر ڕێچکە پارچەپارچە و جیاوازەکان ئەوانەی کە خۆیان گومڕا بوون و خەڵکیشیان گومڕا کردووە ، جا هەر کەسێك وەڵامیان بداتەوە ئەوا دەیخەنە ناو ڕێگاکانی تیاچوون و گومڕایی ... وە فڕێی دەدەنە ناو ئاگری دۆزەخ و خراپترین سەرەنجام ...

اللهُمَّ أعذنا من الفتن ... ما ظهرَ منها وما بَطَن ...

---

لێرەدا ناوبران و لە پێشەوەش فەتواکانیانمان باس کرد ئەنجا خۆت حوکم بدە بە سەریاندا ، بەڵام بە ئینصاف و دادەپەروەر بە و حەماسی و عاطفی مەبە !!!

وە ئەگەر بە هۆی (نەزانین و سەرلێشێوان و دەمارگیری حزبی‌یانەوە) قسەیەکی نەگونجاوت ووتبێت یان هەڵوێستێکی نابەجێت نواندبێت بەرامبەر هەر یەکێك لەم زانایانە و زانایانی پایە بەرزی تری ئەهلی سوننە و جەماعە : ئەوا ئامۆژگاریت دەکەم : تا مردن یەخەی پێت نەگرتووە و کاتت بە دەستەوە ماوە بگەڕێرەوە بۆ لای خوای میهرەبان و تەوبە بکە و پەشیمان بەرەوە و داوا لە خوا بکە لێت ببوورێت و بشپاڕێرەوە لە خوا کە ڕەحم بە زانا مردووەکان بکات و ئەگەر پێتیشکرا ئەوا داوای گەردن ئازایی لە زیندووەکانیان بکە ، بۆ ئەوەی نەچیتە ڕیزی (ئەهلی بیدەع و بیدعەچی‌یەکانەوە) ، خوا پەنای هەموومان بدات لە (بانگەوازکارانی بیدعە و حزبایەتی) ...

# پاشكۆی ئەم كتێبە

## گەڕانەوە

## بۆ

## لای زانایان

## پارێزە لە گومڕابوون و لە تیاچوون

## ( الرجوعُ إلى العلماء

## عِصمَةٌ

## من الضلال والهلاكِ )

بسم الله الرحمن الرحيم

# گەڕانەوە بۆ لای زانایان

# پارێزە لە گومڕابوون و لە تیاچوون

چەندین فەرموودەی زۆرمان پێگەشتووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، هەموویان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە :

گەڕانەوە بۆ لای زانایان(*) پارێزەرە لە گومڕابوون و لە تیاچوون ، چونکە زانایان میراتگری ڕاستەقینەی پێغەمبەرانی خوان (عليهم الصلاةُ والسلام) ، هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :

((إِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ ، وَإِنَّ الأَنْبِيَاءَ لَمْ يُوَرِّثُوا دِينَاراً وَلاَ دِرْهَماً ، وَإِنَّمَا وَرَّثُوا الْعِلْمَ ، فَمَنْ أَخَذَهُ أَخَذَ بِحَظٍّ وَافِرٍ)).(1)

---

(*) پێناسەی زانایان لای ئەهلی سوننە : (العلماء : هم العارفون بشرع الله ، المتفقهون في دينه ، العاملون بعلمهم على هدى وبصيرة ، ومن دارت الفُتيا على اقوالهم بين الأنام ، الذين خُصوا باستنباط الأحكام ، وعنوا بضبط قواعد الحلال والحرام) بڕوانە كتێبی : [قواعد في التعامل مع العلماء ص : (١٩)] .

واتە : زانایان بریتین لە : شارەزایانی شەرعی خوا ، تێگەیشتوانی ئاینەکەی ، ئەوانەی کە کار دەکەن بە زانستەکەیان لەسەر ڕووناکی و بەرچاوڕۆشنی ، وە ئەوانەن کە فەتوا لەسەر وتەی ئەوان دەسوڕێتەوە لە نێو خەڵکیدا ، ئەوانەن کە تایبەت کراون بە دەرهێنانی حوکمە شەرعییەکان ، ئەوانەن کە بایەخیان داوە بە یەکخستنی بنەماکانی حەڵاڵ و حەرام .

واتە : زانایان میراتگری پێغەمبەرانن ، وە پێغەمبەران دینار و درهەمیان بە میرات بە جێنەهێشتووە ، بەڵکو (علم و زانست)یان بە میرات بە جێهێشتووە ، جا هەر کەسێك ئەو (علم و زانست)ـە ببات ئەوا بەشێکی زۆر لە خێری بۆ خۆی بردووە .

وە دواین پێغەمبەری خوا کە (محمد)ە (ﷺ) ڕێپیشاندەری موسڵمانان و هیدایەتدەریان بووە بۆ سەر (**ڕێگای ڕاست**) وەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی :

﴿وَإِنَّكَ لَتَهْدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسْتَقِيمٖ ٥٢﴾ [الشورى. ]

وە ئاشکراشە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها زانستی شەرعی بە میرات بۆ ئوممەتەکەی بە جێ هێشتووە کە بریتییە لەو دوو سەرچاوە گرنگەی کە لە حەجی ماڵئاواییدا سەبارەتیان فەرموویەتی :

((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي قَدْ تَرَكْتُ فِيكُمْ مَا إِنِ اعْتَصَمْتُمْ بِهِ فَلَنْ تَضِلُّوا أَبَدَاً **كِتَابَ اللَّهِ وَسُنَّةَ نَبِيِّهِ** ﷺ ))(٢).

---

(١) صحيح سنن أبي داود رقم : (٣٦٤١) .

ئەم فەرموودەیە زانایانی ڕەسەن دەستنیشان دەکات کە بریتین لەوانەی کەوا تەنها میراتی پێغەمبەر ﷺ (**كتاب الله وسنتي**) بە خەڵك ڕادەگەیەنن ، نەك ئەو سەرەنەزانە بەناو زانایانەی کەوا ڕا و بۆچوون و فلان وتی و فیسار کردی باس دەکەن بۆ خەڵکی ! ! !

(٢) أخرجه الحاكم : (١ / ٩٣) والبيهقي : (١٠ / ١١٤) ، وانظر : "صحيح الترغيب والترهيب" رقم : (٤٠) و" صحيح الجامع الصغير" رقم : (٢٩٣٧) للإمام الألباني رحمه الله .

واتە : ئەی خەڵکینە من دوو شتم لە دوای خۆم بۆتان بەجێهێشتووە ، هەرگیز گومڕا نابن ئەگەر دەستیان پێوە بگرن : کتێبەکەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) .

وە لەو فەرموودەیەدا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی دابەش بوون و پارچەپارچەبوونی ئوممەتەکەی کردووە بۆ (٧٣) فیرقە : پرسیاری لێکرا دەربارەی (کۆمەڵی ڕزگاربوو لە گومڕابوون و بە هیلاکداچوون / الفرقةُ الناجية من الضلال في الدنيا والهلاك في الآخرة) پێغەمبەریش (ﷺ) لە وەڵامدا فەرمووی : "**ما أنا عليه اليومَ وأصحابي**" .

واتە : ئەو بەرنامەیە کە من و صەحابەکانمی لە سەرن .

(ميراث النبي ﷺ) = (ما أنا عليهِ اليومَ وأصحابي)

(ما أنا عليه اليوم = الوحي ،

الوحي = الكتاب والسنَّة الصحيحة ،

وأصحابي = بفهم وتطبيق وعمل الصحابة) =

(الكتاب والسنَّة الصحيحة بفهم السلف).

(ميراث النبي ﷺ) = (الكتاب والسنَّة الصحيحة بفهم السلف).

کەواتە میراتی‌یەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە بەرنامەی ڕزگاربوونە

لە گومڕابوون و لە تیاچوون بریتی‌یە لە : (قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی سەلەف) = (علم و زانستی شەرعی) .

زانایانیش ئەو زانستەیان بە میرات بۆ ماوەتەوە ، بۆیە **پارێزەرن لە گومڕابوون و لە تیاچوونی موسڵمانان** ئەگەر موسڵمانان **بگەڕێنەوە بۆ لایان** لە هەموو ڕووداو و فەتوایەکدا .

عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْعَذرِيّ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((يَحْمِلُ هَذَا الْعِلْمَ مِنْ كُلِّ خَلَفٍ عُدُولُهُ : يَنْفُونَ عَنْهُ تَحْرِيْفَ الْغَالِينَ ، وَانْتِحَالَ الْمُبْطِلِينَ ، وَتَأْوِيلَ الْجَاهِلِينَ))[٣].

---

[٣] رواهُ البيهقي ، وصححهُ الألباني في "مشكاة المصابيح" رقم : (٢٨٤) .

**سودێك** : بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئەوە بخەمە ڕوو کە مەبەست بە ووشەی (علم و زانست) لەم فەرموودەیە و هاوشێوەکانیدا ئەوەیە کە ئەم زانایانە ڕوونیان کردووەتەوە :

١ ـ ئیمامی (محمد بن عبد الوهاب) فەرموویەتی : (**العلم** هو : معرفة الله ومعرفة نبيه محمد ﷺ ومعرفة دين الإسلام بالأدلة) .

واتە : **زانست** بریتی‌یە لە : ناسینی خوا و ناسینی پێغەمبەرەکەی (محمد ﷺ) و شارەزا بوونە لە ئاینی ئیسلام بە بەڵگەوە .

٢ ـ وە پێشەوا (ابن القيم) فەرموویەتی : (**العلمُ** قال اللهُ قال رسولُهُ قال الصحابةُ ...) .

واتە : **زانست** بریتییە لە : فەرموودەی خوا و فەرموودەی پێغەمبەر و فەرموودەی صەحابە ...

٣ ـ وە ئیمامی (الأوزاعي) فەرموویەتی : (**العلمُ ما جاءَ عن أصحاب مُحمَّد** ﷺ ، وما لمْ يَجيءْ عن أصحاب مُحمَّد ﷺ فليسَ بعلم) .

واتە : زانست ئەوەیە کە لە صەحابەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتبێت ، وە ئەوەی کە لە صەحابەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) نەهاتبێت ئەوا علم و زانست نییە .

٤ ـ وە ئیمامی (شافعی) فەرموویەتی :

(كُلُّ العلومِ سِوى **القُرآنِ** مَشغلة **إلاَّ الحديثَ وإلاَّ الفقهَ في الدينِ**

العلمُ ما كانَ فيهِ قال حدَّثنا وما سِوى ذاكَ وَسواسُ الشياطيِنِ) .

واتە : هەموو زانستەکان جگە لە **قورئان** خۆخەریك کردنە .. تەنها **فەرموودە** و **تێگەیشتن و شارەزا بوون لە دین** نەبێت .

زانست ئەوەیە کە تێیدا بوترێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی و جگە لەمەش هەمووی وەسوەسەی شەیتانە .

٥ ـ وە ئیمامی (ابن حجر العسقلاني) فەرموویەتی : (الْمُرَادُ بِالْعِلْمِ : **الْعِلْمُ الشَّرْعِيُّ** الَّذِي يُفِيدُ مَعْرِفَةَ مَا يَجِبُ عَلَى الْمُكَلَّفِ مِنْ أَمْرِ عِبَادَاتِهِ وَمُعَامَلَاتِهِ ، وَالْعِلْمُ بِاللَّهِ وَصِفَاتِهِ ، وَمَا يَجِبُ لَهُ مِنَ الْقِيَامِ بِأَمْرِهِ ، وَتَنْزِيهُهُ عَنِ النَّقَائِصِ ، وَمَدَارُ ذَلِكَ عَلَى التَّفْسِيرِ وَالْحَدِيثِ وَالْفِقْهِ) "فتح الباري شرح صحيح البخاري" : (١ / ١٨٧) .

واتە : مەبەست بە زانست : زانستی شەرعییە کە سودی شارەزابوونی تێدایە لەوەی کە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێکی ئەرك لە سەر (تەکلیف لێکراو) لە بواری ئاینەکەیدا لە پەرستنەکانی و لە هەڵس و کەوتەکانیدا ، وە زانیاری دەربارەی خوای گەورە و سیفەتەکانی و ئەوەی کە پێویستە لە سەری لە پێناوی ئەودا پێی هەڵبسێت لە فەرمانەکانی و پاك

واتە : ئەم زانستە (کە بریتییە لە قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی سەلەف) لە هەموو سەردەمێکی دوای من ئەوانە هەڵیدەگرن کە دادپەروەرن ، وە : گۆڕان کاری زیادەڕەوەکان و ئەو شتانەی کە پوچەڵ کارەکان دەیدەنە پاڵ دین و بە هەڵە مانا کردنی نەزان و نەفامەکانی لێ دوور دەخەنەوە .

وە شاراوە نییە کە ئەم سێ تاقمە : (زیادەڕەوەکان + پوچەڵکاران + نەزان و نەفامەکان) هۆکار و مایەی گومڕابوون و تیاچوونی خەڵکانی سەرلێشێواو و فەوتاو و گومڕابوون ، چونکە ئەوانە خەڵك لە سەر (**ڕێگای ڕاست**)ی زانستی شەرعی و زانایان لە خشتە دەبەن !!!

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((إِنَّ اللَّهَ لاَ يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعاً يَنْتَزِعُهُ مِنَ النَّاسِ وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمَاً **اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسَاً جُهَّالاً** فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ **فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا**))[٤].

واتە : خوای گەورە (علم و زانست) هەڵناگرێتەوە بە دەرهێنانی لە ناو سینگی خەڵکدا ، بەڵکو (علم و زانست) هەڵدەگرێتەوە بە مردنی (زانایان) هەتاکو زانا نامێنێت ئەو کاتە خەڵك سەرەنەزان بۆ خۆیان دادەنێن ، ئەو سەرە نەزانانەش

---

ڕاگرتنی لە کەم و کوڕی ، وە هەموو ئەوانەش ڕاوەستاون لە سەر : تەفسیر و فقهـ و فەرموودە .

[٤] صحيح البخاري رقم : (١٠٠) وصحيح مسلم رقم : (٢٦٧٣) وصحيح سنن الترمذي رقم : (٢٦٥٢) .

پرسیاریان لـێدەکرێت و ئەوانیش بە بێ (علم و زانست) فەتوا دەدەن : ئـەو کاتـە هەم خۆیان گومڕا دەبن و هەم خەڵکیش گومڕا دەکەن .

وە پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) فەرموویـــەتی : (... وَإِنَّمَا أَخَافُ عَلَى أُمَّتِي الأَئِمَّةَ الْمُضِلِّينَ..." [٥].

واتە : بەڵام من لە پێشەوا گومڕاکارەکان دەترسم بۆ سەر ئوممەتەکم .

وە لــە ڕیوایــەتێکی تــری فەرموودەکــەی پێشــودا پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((يُسْتَفْتَوْنَ فَيُفْتُونَ بِرَأْيِهِمْ فَيُضِلُّونَ وَيَضِلُّونَ)).[6]

واتە : پرسیاریان لـێدەکرێت و ئەوانیش فەتوا دەدەن بـە بۆچوونی خۆیـان : ئەو کاتە هەم خۆیان گومڕا دەبن و هەم خەڵکیش گومڕا دەکەن .

کەواتـە (گەڕانـەوە بـۆ لای زانایـان) پـارێزەرە لـە شـوێن کـەوتنی شـەیتان و بانگـەوازکارە گومڕاکـارە و جاهیـل و نەزانـەکان کـە لـە سـەر دەرگاکـانی دۆزەخ ڕاوەستاون بۆ لەخشتە بردنی ڕێبوارانی (**ڕێگای ڕاست**) و بیانخەنە سەر (ڕێـچکە کورتە پەرتەوازەکانی لای ڕاست و چەپی) ئەو (ڕێگا ڕاست)ـەی خوای گەورە ، وە ئەمیش دەبێتە مایەی

---

[٥] صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٢٢٩) .

[٦] صحيح البخاري رقم : (٧٣٠٧) ، وانظر شرح الحديث في "فتح الباري" : (١٣/٣٤٨) .

گومڕابوون و تیاچوون و ڕۆیشتنە ناو دۆزەخەوە .

وەك پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەکەی (حذيفة)دا (خوای لێ ڕازی بێت) پێمان ڕادەگەیەنێت کەوا : سەردەمێ دێت بە سەر ئوممەتەکەیدا تێیدا (بانگەواز کارانێك دەردەکەون لە سەر دەرگای دۆزەخن هەر کەسێك وەڵامیان بداتەوە ئەوا فڕێی دەدەنە ناو دۆزەخەوە) : ((**دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فِيهَا**. ))

وە ئەم بانگەوازکارە جاهیل و نەزان و گومڕاکارانە بریتین لەو بانگەوازکارانەی کە لە فەرموودەکەی (ابن مسعود)دا باسکراون کە فەرموویەتی : (خَطَّ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) خَطّاً ثُمَّ قَالَ : "هَذَا سَبِيلُ اللَّهِ مُسْتَقِيْماً" ثُمَّ خَطَّ خُطُوطاً عَنْ يَمِينِهِ وَعَنْ شِمَالِهِ ثُمَّ قَالَ : "هَـذِهِ سُبُلٌ مُتَفَرِّقَةٌ ، عَلَى كُـلِّ سَـبِيلٍ مِنْهَـا شَـيْطَانٌ يَـدْعُو إِلَيْـهِ" ، ثُمَّ قَـرَأَ : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ١٥٣﴾)[٧] .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەستی هێڵێکی کێشا و پاشان فەرمووی (ئەمە ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورەیە) ، پاشان بە لای ڕاست و چەپی ئەو هێڵەدا چەند هێڵکی تری کێشا و پاشان فەرمووی : (ئەمەش ڕێچکە و ڕێبازی پەرتەوازەکارن ، هەر ڕێچکەیەك شەیتانێکی لە سەرە بانگەوازی بۆ دەکات ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندووە : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ١٥٣﴾ .

---

[٧] أخرجه أحمد : (١/ ٤٣ و ٤٦٥) والطيالسي رقم : (٢٤٤) ، وحسنهُ الألباني في (مشكاة المصابيح) : (١/٥٩).

واتە : ئەمە ڕێگای ڕاستی منە و بیگرنە بەر و شوێنی بکەون ، وە شوێنی ڕێچکە و ڕێبازەکانی تر مەکەون چونکە لە ڕگای خوای گەورە لاتان دەدات و پارچەپارچەتان دەکات و جیاوازی دەخاتە نێوانتانەوە .

بۆیە دەبینین خوای زانا و دانا و کار لەجێ فەرمان دەکات بە گەڕانەوە بۆ لای زانایان لە کاتی نەزانیدا :

﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٤٣﴾ [النحل ، والأنبياء : ٧].

واتە : پرسیار لە زانایانی شەرع زان بکەن ئەگەر ئێوە نەتانزانی .

وە ئەم بنچینە و بنەما زۆر گرنگە (واتە : گەڕانەوە بۆ لای زانایانی ئەهلی سوننە) دەبێت زیاتر پەیڕەو بکرێت لە کاتێکدا ئەگەر کار و هەڵوێست و شتی نەزانراو پەیوەست بوو بە ئاسایش و ترسی گشتی موسڵمانانەوە ، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا ٨٣﴾ [النساء] .

واتە : مونافیقە دوو ڕووەکان ئەگەر شتێکی پەیوەست بە ئاسایش و ترسی گشتی موسڵمانانیان ڕووبەڕوویان ببوایەتەوە ئەوا بڵاویان دەکردەوە ! وە ئەگەر بیان گێڕایەتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و کاربەدەست و زانأیان ئەوا زانایان

حوكمی ئەو كارە و ئەو هەڵوێستەی كە پێویستە ئەنجام بدرێت دەردەهێنا و ڕوونیان دەكردەوە بۆ خەڵك ، وە ئەگەر چاكە و ڕەحم و بەزەیی خوا نەبوایە بە سەرتانەوە ئەوا شوێنی شەیتان دەكەوتن مەگەر كەمێك نەبێت .

## چەند نموونەیەك بۆ ڕوونكردنەوەی گرنگی گەڕانەوە بۆ لای زانایان

جا بۆ ئەوەی ئەم ڕاستییەمان (**گەڕانەوە بۆ لای زانایانی ئەهلی سوننە پارێزەرە لە گومڕابوون لە تیاچوون**) زیاتر بۆ ڕوون ببێتەوە و لە ناو دڵماندا ڕەگ بكوتێت چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو :

١ ـ پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەسەرهاتی پیاوێكمان بۆ دەگێڕێتەوە كە (٩٩) نەوەت و نۆ كەسی كوشتبوو ، بەڵام فەتوای زانایەك بووە هۆی پاراستنی لە تیاچوون و گومڕا بوون و ڕزگار بوونی و دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ بەدەست هێنانی سۆز و لێخۆشبوونی خوای پەروەردگار ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :

))إِنَّ عَبْداً قَتَلَ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْساً ، ثُمَّ عَرَضَتْ لَهُ التَّوْبَةُ ، فَسَأَلَ عَنْ أَعْلَمِ أَهْلِ الأَرْضِ ؟ فَدُلَّ عَلَى رَجُلٍ (وفي رواية : رَاهِبٍ) فَأَتَاهُ ، فَقَالَ : إِنِّي قَتَلْتُ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْساً فَهَلْ لِي مِنْ تَوْبَةٍ ؟ قَالَ : بَعْدَ قَتْلِ تِسْعَةٍ وَتِسْعِينَ نَفْساً ؟! قَالَ فَانْتَضَى سَيْفَهُ فَقَتَلَهُ بِهِ فَأَكْمَلَ بِهِ مِائَةً.

ثُمَّ عَرَضَتْ لَهُ التَّوْبَةُ ، فَسَأَلَ عَنْ أَعْلَمِ أَهْلِ الأَرْضِ ؟ **فَدُلَّ عَلَى رَجُلٍ [عَالِمٍ]** ، فَأَتَاهُ فَقَالَ : إِنِّي قَتَلْتُ مِائَةَ نَفْسٍ فَهَلْ لِي مِنْ تَوْبَةٍ ؟

فَقَالَ : وَمَنْ يَحُولُ بَيْنَكَ وَبَيْنَ التَّوْبَةِ ؟! اخْرُجْ مِنَ الْقَرْيَةِ الْخَبِيثَةِ الَّتِي أَنْتَ فِيهَا إِلَى الْقَرْيَةِ الصَّالِحَةِ قَرْيَةِ كَذَا وَكَذَا [فَإِنَّ بِهَا أُنَاسًا يَعْبُدُونَ اللَّهَ] فَاعْبُدْ رَبَّكَ [مَعَهُمْ] فِيهَا ، [وَلاَ تَرْجِعْ إِلَى أَرْضِكَ فَإِنَّهَا أَرْضُ سَوْءٍ] .

قَالَ : فَخَرَجَ إِلَى الْقَرْيَةِ الصَّالِحَةِ فَعَرَضَ لَهُ أَجَلُهُ فِي [بَعْضِ] الطَّرِيقِ [فَنَاءَ بِصَدْرِهِ نَحْوَهَا] ، قَالَ : فَاخْتَصَمَتْ فِيهِ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ وَمَلاَئِكَةُ الْعَذَابِ ، قَالَ : فَقَالَ إِبْلِيسُ : أَنَا أَوْلَى بِهِ إِنَّهُ لَمْ يَعْصِنِي سَاعَةً قَطُّ.

قَالَ : فَقَالَتْ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ : إِنَّهُ خَرَجَ تَائِبًا [مُقْبِلاً بِقَلْبِهِ إِلَى اللَّهِ ، وَقَالَتْ مَلاَئِكَةُ الْعَذَابِ : إِنَّهُ لَمْ يَعْمَلْ خَيْرًا قَطُّ] ، . فَبَعَثَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ لَهُ مَلَكًا [فِي صُورَةِ آدَمِيٍّ] فَاخْتَصَمُوا إِلَيْهِ . قَالَ : فَقَالَ : انْظُرُوا أَيُّ الْقَرْيَتَيْنِ كَانَ أَقْرَبَ إِلَيْهِ فَأَلْحِقُوهُ بِأَهْلِهَا ، [فَأَوْحَى اللَّهُ إِلَى هَذِهِ أَنْ تَقَرَّبِي ، وَأَوْحَى إِلَى هَذِهِ أَنْ تَبَاعَدِي] ، [فَقَاسُوهُ فَوَجَدُوهُ أَدْنَى إِلَى الأَرْضِ الَّتِي أَرَادَ [بِشِبْرٍ] فَقَبَضَتْهُ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ] ، [فَغُفِرَ لَهُ] ...))[٨] .

**واته : بەندەیەك لە بەندەكانی خوای پەروەردگار نەوەد و نۆ كەسی كوشتبوو ، پاشان كە ویستی تۆبە بكات پرسیاری كرد سەبارەت بە زاناترین كەسی سەر زەوی ، دەستنیشانی پیاوێكی بۆ كرا ( لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە :**

---

[٨] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٦٤٠) .

دەستنیشانی پیاوێکی خواپەرستی بۆ کرا ) ئەویش ڕۆشتە لای و پێی وت : من نەود و نۆ کەسم کوشتووە ئایا بۆم هەیە تۆبە بکەم ؟ وتی : دوای کوشتنی نەود و نۆ کەس ؟! وتی : شیرەکەی هەڵکێشاو ئەویشی کوشت و سەدەکەی پێتەواو کرد .

پاشان جارێکی تر ویستی تۆبە بکات پرسیاری کرد سەبارەت بە زاناترین کەسی سەر زەوی ، دەستنیشانی پیاوێکی بۆ کرا (زانا) بوو ئەویش ڕۆشتە لای و پێی وت : من سەد (١٠٠) کەسم کوشتووە ئایا بۆم هەیە تۆبە بکەم ؟

وتی : کێ ڕێگە لە تۆبەی تۆ دەگرێت ؟! بەڵام ئەبێ لەو دێیە خراپە دەرچیت کە تیایدایت ، بۆ ئەو دێ چاکە (چونکە خەڵکانێکی تێدایە خوای پەروەردگار دەپەرەستن ) تۆش پەروەردگاری خۆت بپەرستە ( لەگەڵیاندا) لەوێدا (نەشگەڕێتەوە بۆ خاکەکەی خۆت چونکە شوێنێکی خراپە) .

دەڵێت : دەرچوو بۆ لادێ چاکەکە ، بەڵام لە ڕێگەدا ئەجەل ڕێگەی پێگرت کە ویستی بمرێت ڕووی تێکرد وخۆی بەرەو لای فرێدا ، لەوێدا فریشتەی ڕەحمەت و فریشتەی عەزاب هەریەکەیان دەیویست بۆ ڕۆحەکەی دەربێنێت ، (إبلیس وتی : من ئەولاترم بە بردنی ، چونکە ساتەوەختێك لە ژیانی سەرپێچی نەکردووم .

فریشتەی ڕەحمەتیش دەڵێت : ئەم پیاوە لە شوێنی خۆی دەرچووە وەکو تۆبە کارێك (بە هەموو دڵێکی ڕووی کردووە لە خوای پەروەردگار ، فریشتەی

عــەزابیش دەیــانوت : ئەمــە لــە ژیانیــدا هــیچ چــاکەیەکی نــەکردووە) ، وای پەروەردگاریش فریشتەیەکی (لەسەر شێوەی مرۆڤێك) بۆ ڕەوانـەکردن ، ئـەوانیش ڕۆشتنە لای بۆ ئـەوەی دادوەریـان بـۆ بکـات ، ئـەویش وتـی : سـەیرکەن لـە هـەر لادێیەکیان نزیکتربوو لایەوە ئەوا بە ئـەهلی ئـەوەیانی بـزانن (خـوای پـەروەردگار یش فەرمانی بەمەیان کرد کە نزیك بـەرەوە ، و فـەرمانی بـەویتریان کـرد کـە دوور بەرەوە) (پاشان کە پێوایان بینیان نزیکترە لەو لادێیەی کە وویسـتی بـۆی بـڕوات (بــە بســتێك) بۆیــە فریشــتەکانی ڕەحمــەت بردیــان ،و(خــوای پــەروەردگاریش لێی‌خۆشبوو).

* ئەوەی پێویست بێت لە سودەکانی ئەم فەرموودەیە کە لێرەدا ئامـاژەی بـۆ بکەین بریتی‌یە لە دوو خاڵ :

**یەکـەم** : فـەتوای کـابرای (خواپەرسـتی نـەزان / العابد الجاهل) : بـووە هـۆی تیاچوونی خۆی و گومڕا کردنی کابرای بکوژی پرسـیارکار ! ئەمـەش لەبـەر ئـەوە بوو (پرسـیارکار) گەڕایـەوە بۆ لای نـەزان ، وە (نـەزان)یش فـەتوای بـۆ دا بـە بـێ عیلم و زانستی شەرعی !!!

**دووەم** : فەتوای زانای سەردەمی خۆی (أعلم أهل الأرض في زمانه) : بووە هۆی ڕزگار کردنی خۆی لە تیاچوون و هیدایەت دانی کابرای پرسـیارکاریش لـە تـاوان و

گومڕایەتی ! ئەمەش لە بەر ئەوە بوو (پرسیارکار) گەڕایەوە بۆ لای زانا ، وە زاناکەش فەتوای بۆ دا بە عیلم و زانستی شەرعی‌یەوە .

ئا بەو شێوەیە بەهۆی گەڕانەوە بۆ لای زانایەك ئەو پیاوە تاوانبارە ڕزگاری بوو ، خوای پەروەردگاریش لـێی خۆشبوو .

بەڕاستی ئەگەر فەتوا لە لایەن زاناوە نەدرێت ئەنجامەکانی خراپ دەبێت

، بۆیە پرسیارکردن لە زانای ڕەسەن ڕێگە چارەیە بۆ پاراستنی موسڵمانان لە گومڕابوون و لە تیاچوون :

٢ ـ ( جابر ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت : دەرچووبووین لە سەفەرێکدا ، پیاوێك لە ئێمە بەردێك بەر سەری کەوت و سەری بریندارکرد ، پاشان تووشی لەشگرانی بوو ، و پرسیاری لە هاوەڵانی کرد و فەرمووی: ئایە ڕێگەم دەدەن (تەیەموم) بکەم ، وتیان : نابێت (تەیەموم) بکەیت ، چونکە تۆ ئاوت دەست دەکەوێت و توانای بەکار هێنانیت هەیە ، ئەویش خۆی شوشت و بووە هۆی مردنی ، پاشان کە گەڕاینەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەی پێڕاگەیەنرا : ئەویش فەرمووی : ((قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللَّهُ ، أَلاَّ سَأَلُوا إِذْ لَمْ يَعْلَمُوا ، فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ ، إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيهِ أَنْ يَتَيَمَّمَ))[٩].

[٩] صحيح سنن أبي داود رقم : (٣٣٦) .

واتە : کوشتیان خوای پەروەردگار بیانکوژێت ، ئاخۆ پرسیاریان بکردایە کە نەیانزانی ؟ چونکە چارەی نەزانین پرسیارکردنە ، هەر ئەوەندەی بەسبوو کە (تەیەموم) بکردایە .

کەواتە : چارەی نەزانین پرسیارکردن و گەڕانەوەیە بۆ لای زانایان .

٣ ـ گرنگی ئەم گەڕانەوەیەش زیاتر لە کاتی فیتنە و سەرهەڵدانی بیدعەدا دەردەکەوێت ، بەسەرهاتی (يزيد الفقير)یش زیاتر ئەو بنەمایەمان بۆ دووپات دەکاتەوە ، هەروەکو خۆی بۆمانی دەگێڕێتەوە و دەفەرموویێت :

((كُنْتُ قَدْ شَغَفَنِي رَأْيٌ مِنْ رَأْيِ الْخَوَارِجِ ، فَخَرَجْنَا فِي عِصَابَةٍ ذَوِي عَدَدٍ ، نُرِيدُ أَنْ نَحُجَّ ثُمَّ نَخْرُجَ عَلَى النَّاسِ ، قَالَ : فَمَرَرْنَا عَلَى الْمَدِينَةِ فَإِذَا جَابِرُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ ﷺ يُحَدِّثُ الْقَوْمَ – جَالِسٌ إِلَى سَارِيَةٍ – عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ، قَالَ : فَإِذَا هُوَ قَدْ ذَكَرَ الْجَهَنَّمِيِّينَ ، قَالَ : فَقُلْتُ لَهُ : يَا صَاحِبَ رَسُولِ اللَّهِ مَا هَذَا الَّذِي تُحَدِّثُونَ ؟! وَاللَّهُ يَقُولُ : ﴿إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ ٱلنَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُۥ ﴿١٩٢﴾﴾ [آل عمـــــــــران] ، وَ ﴿كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخْرُجُواْ مِنْهَآ أُعِيدُواْ فِيهَا ﴿٢٠﴾﴾ [السجدة] فَمَا هَذَا الَّذِي تَقُولُونَ ؟! قَالَ : فَقَالَ : أَتَقْرَأُ الْقُرْآنَ ؟ قُلْتُ : نَعَمْ ، قَالَ : فَهَلْ سَمِعْتَ بِمَقَامِ مُحَمَّدٍ – عَلَيْهِ السَّلَامُ – يَعْنِي الَّذِي يَبْعَثُهُ اللَّهُ فِيهِ ؟ قُلْتُ : نَعَمْ ، قَالَ : فَإِنَّهُ مَقَامُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) الْمَحْمُودُ الَّذِي يُخْرِجُ اللَّهُ بِهِ مَنْ يُخْرِجُ ، قَالَ : ثُمَّ نَعَتَ وَضْعَ الصِّرَاطِ وَمَرَّ النَّاسِ عَلَيْهِ ، قَالَ : وَأَخَافُ أَنْ لاَ أَكُونَ أَحْفَظُ ذَاكَ ، قَالَ : غَيْرَ أَنَّهُ قَدْ زَعَمَ أَنَّ قَوْمًا

يَخْرُجُونَ مِنَ النَّارِ بَعْدَ أَنْ يَكُونُوا فِيهَا ، قَالَ : يَعْنِي فَيَخْرُجُونَ كَأَنَّهُمْ عِيدَانُ السَّمَاسِمِ ، قَالَ : فَيَدْخُلُونَ نَهْراً مِنْ أَنْهَارِ الْجَنَّةِ فَيَغْتَسِلُونَ فِيهِ ، فَيَخْرُجُونَ كَأَنَّهُمُ الْقَرَاطِيسُ ، فَرَجَعْنَا قُلْنَا : وَيْحَكُمْ أَتُرَوْنَ الشَّيْخَ يَكْذِبُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ، **فَرَجَعْنَا فَلاَ وَاللَّهِ مَا خَرَجَ مِنَّا غَيْرُ رَجُلٍ وَاحِدٍ**)).[10]

واتە : من بۆچوونێك لـە بۆچـوونەكانی خـەوارج خۆشەویسـت بووبـوو لـە نێـو دڵمدا ، جا لەگەڵ كۆمەڵێكی چەند كەسی دەرچوین ، بە نیـازی ئـەوەی كـە حـەج بكەین و ئەنجا خروج بكەین لە خەڵك ، فەرمووی : بەسەر شـاری مەدینـەدا تێپـەڕ بووین ، كە چی بینیمـان (جابر)ی كـوڕی (عبد الله) دانیشـتوە و پاڵیداوەتـەوە بـە كۆڵەكەیەكەوە و فەرموودە لە پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) بـۆ خـەڵك بـاس دەكـات ، فەرمووی : لەو كاتـەدا باسـی دۆزەخییـەكانی كـرد ، فـەرمووی : پێـیم وت : ئـەی هـاوەڵی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئەمـە ئێـوە باسـی چـی دەكـەن ؟! ئـەوەتا خـوا فەرموویەتـی : ﴿پەروەردگارمان بەڕاستی تۆ هەر كەسێك بخەیتە نێو ئاگرەوە ئەوا سەرشۆڕیت كردووە﴾ ، وە فەرموویەتـی : ﴿هەر كاتێـك بیانـەوێت لـە دۆزەخ بێنـە دەرەوە دەیانگێڕنەوە بۆ ناوی﴾ ، كەواتە : ئایا ئەمە چییە ئێوە دەیلێن ؟!

فەرمووی : ئایا تۆ قورئان دەخوێنیت ؟

وتم : بەڵـێ .

---

(١٠) صحيح مسلم رقم : (١٩١) .

فەرمووی : ئایا پلەوپایەی مُحَمَّد (عَلَيْهِ السَّلاَم)ت بیستووە ـ واتە :

ئەوەی کە خوا دەیگەیەنێت پێی ـ ؟

وتم : بەڵێ .

فەرمووی : ئا ئەوە پلەوپایەی سوپاس کراوی (مُحَمَّد)ە (ﷺ) کەوا خوا خەڵکانێکی پێ دەردەکات لە دۆزەخ .

فەرمووی : ئەنجا باسی شێوەی دانانی پردی صیراط و تێپەڕ بوونی خەڵکی بەسەریدا کرد .

فەرمووی : وە ترسام ئەوە لەبەر نەکەم ، فەرمووی : بەڵام بەڕاستی (جابر) فەرمووی : خەڵکانێك دەردەهێنرێن لە ئاگری دۆزەخ دوای ئەوەی کەوا دەچنە ناویەوە ، فەرمووی : واتە دەردەچن وەکو چکوڵی کونجی وان .

فەرمووی : ئەنجا دەچنە نێو رووبارێکەوە لە رووبارەکانی بەهەشت و خۆیانی تێدا دەشۆن ، ئەنجا دەردەچن وەکو پەڕەی سپی وان .

پاشان ئێمە گەڕاینەوە و وتمان : دەك تیابچن ئایا وا دەبینن ئەم پیاوە زانا و بە تەمەنە درۆ بکات بە دەمی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ؟! ئەنجا گەڕاینەوە نەخێر سوێند بە خوا کەس لە نێوماندا خروجی نەکرد و دەرنەچوو تەنها یەك پیاو نەبێت .

شوێنی مەبەست و ئاماژە پێکردن لەم چیرۆکەدا ئەوەیە کە :

جابر لەبەر ئەوەی زانا بوو بە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، توانی شوبهەکانی یەزید و هاوەڵەکانی بڕەوێنێتەوە و لە بۆچوونی خەوارجەکان دووریان بخاتەوە ، بۆیە دبینین لە سەرەتادا بەنیازی دەرچوون لە خەڵك و کوشتنیان هاتن ، بەڵام لە کۆتایدا بە پێچەوانەوە گەڕانەوە .

وە ئیمامی (ابن القيم) ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ لەم بوارەدا فەرموویەتی : (**العالمُ بكتابِ الله وسُنّة رسولهِ (ﷺ) وأقوال الصحابة** : هو المجتهدُ في النوازل ، فهذا النوع الذي يسوغُ لهم الإفتاءُ ويسوغُ استفتاؤهم ، ويتأدَّى بهم فرض الاجتهاد ، وهم الذين قال فيهم رسول الله (ﷺ) : " إنَّ اللّهَ يبعثُ لهذهِ الأمة على رأسِ كُلِّ مائة سنةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لها دينها [11] " ).[12]

واتە : ئەو کەسەی کە زانایە بە کتێبەکەی خوا (قورئان) و سوننەتەکانی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و فەرموودەی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) : تەنها ئەو دەرهێنەری فەتوایە لە کاتی ڕووداوەکانی سەردەمدا ، وە ئەمانە ئەوانەن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرحەقیان فەرموویەتی : خوای پەروەردگار لە سەروی

---

[11] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٥٩٩) وصحيح أبي داود رقم : (٤٢٩١).

[12] إعلام الموقعين : (٤ / ٢١٢) .

هەموو سەدەیەكدا كەسانێك بۆ ئەم ئوممەتە دەنێرێت كە دین و ئاینەكەیان بۆ تازە بكاتەوە .

**جا خوێنەری یەكخواپەرست** : دەركەوت كە لە هەموو بارو سەردەمێكدا و بەتایبەتیش لە كات و سەردەمانێكدا كە فیتنە و جیاوازی و ئیختیلاف و پارچەپارچەگەرێتی تێدا بەربڵاو بێت ئەوا گەڕانەوە بۆ لای زانایان پارێزەرە لە گومڕابوون لە تیاچوون :

ئەو زانایانەی كە چاوڕۆشنن بە قورئانی پیرۆز و سوننەتەكانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە تێگەیشتنی سەلەفی صالح .

چونكە زانایان ڕەحمەتی خوا لە مردووەكانیان بێت و زیدووەكانیشیانمان بۆ بپارێزێت وەك ئیمامی (الطبري / ٢٢٤ ـ ٣١٠ هـ) فەرموویەتی : (فضلَّهم اللهُ بشرف العلم ، وكرَّمهم بوِقار الحلم ، وجعلهم للدين وأهلِهِ أعلاما ، وللإسلام والهُدى منارا ، وللخلقِ قادة ، وللعبادِ أئمةٌ وسادة)[١٣] .

واتە : زانایان خوا پایەداریانی كردووە بە ڕێزی زانستەوە ، وە ڕێزداریانی كردووە بە قورس و سەنگینی و نەرم و نیانیيەوە ، وە كردوویانێتی بە چیای ڕاگر و پارێزەری ئاین و ئاین پەروەران ، وە كردوویانێتی بە نیشانە و ناسێنەری

---

(١٣) صريحُ السنّة للإمام الطبري ص : (١٦) .

ئیسلام و ڕێگاری ڕاست و هیدایەت ، وە کردوویانێتی بە ڕابەری بوونەوەر و پێشەوا و سەرکردە و سەرمەشقی خواپەرستان .

وە ئەم بابەتە (**گەڕانەوە بۆ لای زانایان** ...) کۆتایی دێنم : بەم وتە زۆر بە نرخەی ڕابەر و پێشەوای هەموو ئەهلی سوننە ئیمامی (ئەحمەد) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت کە فەرموویەتی :

(الحمدُ للهِ الذي جعلَ في كُلِّ فَترةٍ من الرُّسل **بقايا من أهل العلم** : يدعُونَ مَنْ ضَلَّ إلى الهُدى .. ويصبرونَ منهم على الأذى .. يُحيونَ بكتاب اللهِ المَوتى .. ويُبصرونَ بنورِ اللهِ أهلَ العَمى ، فكم مِنْ قَتيلٍ لإبليسٍ أَحيَوهُ .. وكم مِنْ ضالٍّ تائِهٍ قد هَدَوهُ .. فما أحسنَ أثرُهُم على الناس وأقبحَ أثرُ الناسِ عليهم !!! ينفَونَ عن كتابِ اللهِ تَحريفَ الغالين ، وانتحالَ المُبطلين ، وتأويلَ الجاهلين)[١٤].

واتە : سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە لە دوای پێغەمبەران لە هەموو سەردەمێکدا هەندێکی هێشتووەتەوە لە زانایان : بانگەوازی گومڕا بووان دەکەن بۆ سەر ڕێگای ڕاست و هیدایەت .. وە ئارام دەگرن لە سەر ئازاردانی ئەوان بۆیان .. بە کتێبەکەی خوا دڵ مردووەکان زیندوو دەکەنەوە .. وە بە ڕووناکی ئاینەکەی خوا کەسانی کوێر و گوێرەوەر چاو ڕۆشن دەکەنەوە .

جا چەندین کوژراوی دەستی شەیتانیان زیندوو کردووەتەوە .. وە چەندین گومڕا و سەرگەردان و سەرلێشێواویان ڕێپیشانداوە ..

---

(١٤) قالهُ إمامُ أهل السنَّة الإمام أحمد في مُقدمة كتابهِ : "الردُّ على الجهمية" .

ئای چەند جوانە شوێنەواری هەوڵەکانی زانایان بۆ سەر خەڵکی .. وە چەند ناشیرینە شوێنەواری خەڵکی بۆ سەر ئەوان !!!

گۆڕان کاری زیادەڕەوەکان ، و ئەو شتانەی کە پوچەڵ کارەکان دەیدەنە پاڵ دین ، و بە هەڵە مانا کردنی نەزان و نەفامەکان : لە کتێبەکەی خوا دوور دەخەنەوە .

تم بحمد الله

* * * * * * * * * *

# سەرچاوەکان

١ . القرآن الكريم.

2 . صحيح البخاري.

3 . صحيح مسلم.

4 . صحيح سنن الترمذي ، للإمام المُحدِّث الشيخ الألباني.

5 . صحيح سنن أبي داود ، للإمام العلاَّمة الألباني.

6 . صحيح سنن النسائي ، للإمام العلاَّمة الألباني.

7 . صحيح سنن ابن ماجه ، للإمام العلاَّمة الألباني.

8 . صحيح الجامع الصغير ، للإمام العلاَّمة الألباني.

9 . سلسلة الأحاديث الصحيحة ، للإمام العلاَّمة الألباني.

10 . فتح الباري شرح صحيح البخاري ، للحافظ ابن حجر العسقلاني.

11 . تُحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي ، للمباركفوري.

12 . فيض القدير شرح الجامع الصغير ، للمناوي.

13 . ضوابط وتوجيهات للصحوة الإسلامية ، للشيخ العلاَّمة ابن العثيمين.

14 ـ كتاب العلم ، للشيخ العلاَّمَة ابن العثيمين.

15 ـ الأجوبة المفيدة عن أسئلة المناهج الجديدة ، للشيخ العلاَّمَة صالح الفوزان.

16 ـ لَمحةٌ عن الفِرَق الضالَّة ، للشيخ العلاَّمَة صالح الفوزان.

17 ـ جماعةٌ واحدة لا جماعات وصراطٌ واحد لا عشرات ، للشيخ العلاَّمَة ربيع بن هادي المدخلي.

18 ـ النصر العزيز في الرد على الوجيز ، للشيخ العلاَّمَة ربيع بن هادي المدخلي.

19 ـ أهل الحديث هُم الطائفة المنصورة الناجية ، للشيخ العلاَّمَة ربيع بن هادي المدخلي.

20 ـ لماذا اخترتُ المنهج السلفي ، للشيخ سليم الهلالي.

21 ـ حوارٌ هادىء مع إخوانيٍّ ، تأليف أحمد بن محمد الشحي.

22 ـ شريط مُسَجَّل بعنوان : (فتاوى العلماء في الجماعات الضالّة وأثرها على بلاد الحرمين) ، من منشورات تسجيلات " منهاج السنة النبوية " بالرياض.

23 ـ أشرطة " سلسلة الهُدى والنور " المباركة ، للشيخ المُجدد الإمام الألباني.

(وغير ذلك من المصادر التي وردت ذكرها في الكتاب).

# ناوەڕۆک

* پێشەکی ........................................................ ٥

* چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز کە **جیاوازی و حزبایەتی و چارچە پارچەگەرێتی قەدەغە کردووە** ........................................................ ٦ _ ٨

* فەرموودەکەی (ابن مسعود ﵁) دەربارەی (**ڕێگای ڕاست**) و (**ڕێچکە پەرتەوازەکان**) ........................................................ ٨

* فەرموودەکەی (العرباض بن سارية ﵁) دەربارەی دەست نیشان کردنی **نەخۆشی** (**جیاوازی**) و دیاری کردنی (**چارەسەرەکەی**) ................................ ٩

* فەرموودەکەی (حُذيفة ﵁) دەربارەی دوور کەوتنەوە لە (**فیرقە و ئەحزابەکان**) لە کاتی نەبوونی (کۆمەڵی موسڵمانانی خاوەن یەك ئەمیر و پێشەوا) ............ ١١

* فەرموودەکەی (عوف بن مالك ﵁) دەربارەی **پارچە پارچەگەرێتی** و (٧٢) **فیرقە گومڕا و بە هیلاکدا چووەکان** و دیاری کردنی (**کۆمەڵی ڕزگاربوو**) ........................................................ ١٣

* ئایا **حزب و کۆمەڵ و جەماعاتە ئیسلامییە هاوچەرخەکان** بەشێن لە (کۆمەڵی ڕزگاربوو) !؟ یان درێژ بوونەوەی (٧٢) فیرقە گومڕا و بە هیلاکدا چووەکانن ؟؟؟ ........................................................ ١٦

* چەند نموونەیەك لە (**حزب**) و (**کۆمەڵ و جەماعاتە**) ئیسلامییە هاوچەرخەکان ........................................................ ١٦

* پێویستە بە (**حزبە ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمە**) بوترێت (**ئەحزاب و فیرەق**) نەك (**کۆمەڵ و جەماعات**) ........................................ ١٦

* **فەتوای شێخ (ابن باز) ڕەحمەتی خوای لێبێت** ........................... ١٧

+ فەتوای شێخ (الألباني و الفوزان وربيع المدخلي) بۆ پشتگیری کردنی فەتواکەی شێخ (ابن باز) دەربارەی (**ئیخوان**) کەوا لە (ئەهلی سوننە) نین .. بەڵکو **لە** (٧٢) **فیرقە گومڕا و بە هیلاکدا چووەکانن** .............................. ١٨ _ ١٩

* **فەتوای شێخ (الألباني) ڕەحمەتی خوای لێبێت** ........................ ٢١

ـــ پرسیارێك دەربارەی (**حوکمی بوونی چەند کۆمەڵ و حزبێکی ئیسلامی**) ...................................................................... ٢٢

ـ پرسیارێك دەربارەی (**کاری بە کۆمەڵ** / العملُ الجماعي) ئایا بیدعەیە یان تەنها ڕەخنە لەو هەڵانە دەگیرێت کە لە بواری جێبەجێکردندا ڕوودەدات ........................................................................ ٢٥

ـ تێبینییەکی زۆر گرنگ : سەبارەت بە **هۆکاری جیاوازی** نێوان بەرنامەی (**حزب و جەماعاتە ئیسلامییەکان**) ................................................... ٢٧

ـ حوکمی پەیوەندی کردن بە (**حزب و کۆمەڵێکەوە**) کەوا لە سەر بنەماکانی (**الإخوان المسلمين**) دەڕۆن و ئەمیریان هەیە .................................. ٢٩

ـ هەندێك کردار و هەڵوێستی (**ئیسلامییە حزبییەکان**) .................. ٢٩ _ ٣٠

ـ **ڕێچکە کورت و پەرتەوازەکانی** لای ڕاست و چەپی (ڕێگای ڕاست) **بریتییە** لە (**حزب و جەماعاتە**) زۆرەکانی سەردەم ................................... ٣١

ـ **ئەم حزبانە** باوەڕمان وانییە کە لە سەر (**ڕێگای ڕاست**) بن ............. ٣١

ـ (**لا فِرقَ ولا أحزابَ في الإسلام وإنَّما جَماعةٌ و خليفة**) .................... ٣٢

ـ دەقی فەرموودەکەی (حُذيفة رضي الله عنه) بە تەواوی ............................ ٣٢

ـ دەججال لە ناو مۆڵگە و سوپا گەورەکانی (**خەوارج**)ەوە دەردەچێت و هەموو **ئەهلی شوبهات و بیدەع و حزبایەتی** شوێنی دەکەون چونکە ئەوان **جیهاد و حزبایەتییەکەیان**

بنیات نراوە لە سەر شوبهات و (دەجل) و چەواشەکارن لەگەڵ موسڵمانان‌دا .................................................. ٣٦ ـ ٣٨

ـ شیکردنەوەی وشە (غەریبەکانی) فەرموودەکەی (حُذیفة) ............... ٤٠

ـ **بانگەوازکارانی سەر دەرگاکانی دۆزەخ بریتین لە کێ ؟** ................... ٤٠

ـ پرسیارێك : **ئایا فەرموودەکەی** (حُذیفة ﷺ) **جێبەجێ دەبێت بە سەر ئەم ڕۆژگارەدا ؟** ........................................................ ٤٣

ـ جیاوازی نێوان ئەوانەی کە دەڵێن ئێمە لە سەر (**قورئان و سوننەت**) دەڕۆین **بە تەنها** .. لەگەڵ ئەوانەدا کە دەڵێن ئێمە لە سەر (**قورئان و سوننەت بە پێی بەرنامەی سەلەفی صالح**) دەڕۆین .......................................... ٤٦

ـ بڕیارێکی (**ئیخوان**) بە دابڕانی تاکەکانیان لە دەرسەکانی شێخ (ئەلبانی) و وەڵامی ئەو تاکانە بۆ ئەم بڕیارە سەیرە ........................................ ٥١

* **فەتوای شێخ (ابن العثیمین) ڕەحمەتی خوای لێبێت** .......................... ٥٨

ـ حوکمی بوونی چەندین **حزب و جەماعاتی ئیسلامی** ...................... ٥٨

ـ وەڵامی شوبهەیەکی **ئیسلامیە حزبیەکان** کە دەڵێن : ناتوانرێت بانگەواز بکرێت ئیللا مەگەر ژێر حزبێکدا نەبێت ! ................................ ٦٠

ـ فەتوای شێخ (صالح الفوزان) بۆ پشتگیری کردنی وەڵامەکەی شێخ (ابن العثیمین) بۆ ئەو شوبهەیە .......................................... ٦٠

ـ فەتوای شێخ (ابن باز) بۆ پشتگیری کردنی وەڵامەکەی شێخ (ابن العثیمین) بۆ ئەو شوبهەیە .......................................................... ٦٢

ـ ڕێگای بانگەوازکردن ڕوون کراوەتەوە لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (ﷺ) و ئیمامی (مالك)یش فەرموویەتی ........................................... ٦٤

ـ **بوونی چەندین حزب و کۆمەڵی ئیسلامی دیاردەیەکی نەخۆشین دارە و دەبێت چارەسەر بکرێت بە گەڕانەوە بۆ لای ( قورئان سوننەت بە پێی بەرنامەی سەلەفی صالح )** ............................................. ٦٤ ـ ٦٥

ـــ ڕێنمایی شێخ (ابن العثيمين) بۆ چارەسەر کردنی **نەخۆشی تەفریقە و پارچە پارچەگەرێتی و حزبایەتی** ..................................... ٦٥ ـ ٦٧

* **فەتوای شێخ ( مُقبل ) ڕەحمەتی خوای لێبێت** ............................ ٦٨

ـ (**الإخوان المسلمين**) کێن و کەی سەریان هەڵداوە ؟ وە (**ئیخوان**) وەکو خشکۆکەی (حەرباء) خۆیان دەگونجێن لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا کە تێیدا دەژین ... ٦٨

ـ ناوەکانی (**جەماعەتی ئیخوان**) و دروشمەکانیان لە وولاتانی ئیسلامیدا .... ٦٩

ـ باڵ و جەناحە سەرەکییەکانی (**جەماعەتی ئیخوان**) : (باڵی تونرەوەکان و باڵی نەرم ڕەوەکان) ......................................................... ٧٠

ـ باڵی (سرورییەکان) و دروشمی : (سلفيةُ المنهج وعصريةُ المواجهة) ! ! ... ٧٠ ـ ٧١

ـ ئامانج و مەبەستی (**جەماعەتی ئیخوان**) و پەلەکانی تری لە باقی **حزب و کۆمەڵە ئیسلامییە جیاجیاکان** ................................................ ٧١

ـ چەند فەتوایەکی شێخ (ئەلبانی) سەبارەت بەوەی کە **بەرنامەی** (**جەماعەتی ئیخوان**) و (**ئیخوانییەکان**)یش **وەکو حزب** لە (ئەهلی سوننە و کۆمەڵی ڕزگاربوو) نین ............................................................... ٧٤ ـ ٧٦

ـ پرسیارێك : (ئایا دەتوانرێت **سەلەفییەت بوون لە بیروباوەڕدا** و **ئیخوانییەت لە بانگەواز و ڕووبەڕووبوونەوەدا** کۆ بکرێتەوە وەك سرورییەکان دەڵێن ؟! ! ................................................................ ٧٧

ـ **شێخ ( مُقبل ) ڕەحمەتی خوای لێبێت** فەرموویەتی : (زۆربوونی کۆمەڵە ئیسلامییەکان و جیاوازی نێوانیان یەکێکە لە فیتنە و ئاشوبەکانی ئاخر زەمان) ...... ٨٠

* **فەتوای شێخ (ربیع) خوای پەروەردگار بیپارێزێت** ...................... ٨١

ـ ستایشی زانایانی ئەهلی سوننە لە سەر شێخ (ربیع) ...................... ٨١

ـ وتنی (**جەماعاتی ئیخوان و تەبلیغ** لە کۆمەڵی ڕزگاربوون) ئەم وتەیە **وتەیەکی ترسناکە** ............................................................ ٨٣

ـ جیاوازی نێوان (عبد الرحمن عبد الخالق) و زانایانی بەرنامەی سەلەفیيەت وە لە سەرووی هەموویانەوە شێخ (ابن باز و الألباني) **بریتییە لە حەرامێتی (تەفریقە و پەرتەوازەی و حزبایەتی)** ................................ ٨٤

ـ شێخ (ربیع) دەڵێت : (**زانایانی ئەهلی سوننە ـ وە لە سەروویانەوە (ابن باز و الألباني) ـ کۆڕان و بڕیاریان لەسەر ئەوە داوە کەوا ئەم دوو فیرقە و تاقمە (فریقەی ئیخوان) و (فریقەی تەبلیغ) لە ئەهلی سوننە نین و لە ئەهلی بیدعەن و لە فریقە تیاچووەکانن)** ...................................... ٨٧

* **فەتوای شێخ (فوزان) خوای گەورە بیپارێزێت** ........................ ٨٨

ـ ئەم **کۆمەڵ و جەماعاتانە** دەچنە ڕیزی (٧٢) **فیرقەکەوە و هەڕەشەی چوونە ناو دۆزخ دەیانگرێتەوە** ............................................ ٨٨

ـ ئەم **کۆمەڵ و جەماعاتانەی** ئێستا **درێژبوونەوە و چڵ و پەلی** (٧٢) **فیرقە گومڕا و بە هیلاکدا چووەکانن** ............................................ ٨٩

ـ حوکمی بوونی نموونەی ئەم فیرقانە وەك (**تەبلیغ و ئیخوان**) و جگە لەمانیش ... ٩٠

ـ هەموو ئەو کۆمەڵ و جەماعاتانەی کە پێچەوانەی (بەرنامەی سەلەفی صالح)ـن **لە ژێر هەڕەشەی چوونە ناو ئاگری دۆزخ دان** ......................... ٩١ ـ ١٠٦

ـ هەر کەسێك **لەو جەماعاتانە** پێچەوانەی (کۆمەڵی ئەهلی سوننە) بکات ئەوا ئەو کەسە گومڕایە ، وە ئێمە تەنها یەك (جەماعە)مان کە بریتییە لە (ئەهلی سوننە و جەماعە) ............................................................ ٩٤

- بیرخستنەوەیەك : وەڵامێك بۆ ئەو بێئەدەبی‌یەی **حزبی‌یەكان** كە بە (**سەلەفی‌یەكان**) دەڵێن : (لا جماعة) ................................ ٩٦

ـــ ئەو دەقانەی كە وشەی (الجماعة)ی تێدا هاتووە و شیكردنەوە و لێكدانەوە .............................................................................. ٩٧

١ ـــ **مەبەست بە وشەی** (الجماعة) **كۆمەڵی موسڵمانانە** لە كاتی **كۆبوونەوەیاندا** لە سەر تەنها **یەك ئەمیر و پێشەوا** .............. ٩٨

- **سەرهەڵدانی یەكەم حزبی ئیسلامی هاوچەرخ** لە ساڵی (١٩٢٨) لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی (١٩٢٤) ، پاشان ڕوودانی (**ئینشیقاقات**) و (**پەرتەوازە**) بوون بۆ چەندین **كۆمەڵ و حزبی جیا جیا** ................................ ١٠١

٢ـ **مەبەست بە وشەی** (الجماعة) **بەرنامەی حەقی سەلەفی‌یەتە** (قورئان سوننەت بە تێگەیشتنی سەلەفی صالح) ........................................ ١٠٢

٣ ـ **مەبەست بە وشەی** (الجماعة) **هەڵگرانی بەرنامەی حەقی سەلەفی‌یەتە** لە (سەلەفی صالح) و شوێن كەوتوانیان بە چاكە لە **زانایان و هەڵگرانی فەرموودە و شارەزایانی شەریعەت** ..................................................... ١٠٣

- تێبینی‌یەكی زۆر گرنگ : سەبارەت بە تێگەیشتن لە وشەی (**حزب الله**) و (**الأحزاب**) لە ڕوانگەی ئایەتەكانی قورئانەوە .................................. ١٠٦

- **كۆمەڵی ڕزگابوو و سەركەوتوو** (الفرقة الناجية والطائفة المنصورة) بریتین لە :

هەڵگرانی فەرموودە (**أصحاب الحديث**) ......................... ١٠٨

زانایان و ئەهلی علم (**أهل العلم**) ................................. ١٠٨

سەلەفی‌یەكان (**السلفيون**) ....................................... ١٠٩

- فەتوای شێخ (ابن باز و الألباني و صالح الفوزان) لە سەر ئەوەی كە لەم سەردەمەدا كۆمەڵی ڕزگابوو و سەركەوتوو بریتین لە (**سەلەفی‌یەكان**) ... ١٠٩ ـ ١١٢

ـ وەڵامێك بۆ ئەوانەی كە دەڵێن : (**سەلەفیەكان**)یش حزبێكن وەكو باقی تری ئەحزابە ئیسلامیەكان !!! ........................................ ١١١

ـ فەتوای شێخ (الألباني) بۆ وەڵام دانەوەی ئەم بوهتان و شوبهە پوچەڵەیە ١١٢ ـ ١١٤

ـ ئاشكراترین جیاوازی نێوان بەرنامەی (**ئیخوان**) بەرنامەی (سەلەفیەكان) بریتیە لەوەی ئەوان حزبایەتی دەكەن بە موسڵمانان ، بەڵام (سەلەفیەكان) بیروباوەڕیان ڕووناك دەكەنەوە بە زانستی شەرعی و بانگەوازیان دەكەن بۆ سەر بەرنامەی (سەلەفی صالح) ........................................................ ١١٥ ـ ١١٧

ـ فەتوای شێخ (فوزان) بۆ وەڵام دانەوەی ئەم بوهتان و شوبهە پوچەڵەیە ................................................................. ١١٧ ـ ١٢٠

*** ڕێگای سەرفرازی و ڕزگار بوون لە حزبایەتی و جیاوازی و پارچە پارچەگەرێتی** ....................................................................... ١٢١

ـ **ئامۆژگاری شێخ** (صالح الفوزان) **بۆ ئەو گەنجانەی كە هەڵخەڵەتاون بەم حزب و كۆمەڵ و جەماعاتە ئیسلامیانەوە** .................... ١٢١ ـ ١٢٥

ـ ئەو فیرقەیەی كە زیادی كردووە بۆ ئەم ئوممەتەی ئیسلام لە بەرامبەر فیرقەكانی (گاور و جوولەكە) **بریتین لەوانەی كە دژایەتی زانایان دەكەن و ڕقیانە لە فەقیهەكان** ... ١٢٧

ـ **گەورەترین نیشانەی ئەهلی بیدعە و حزبایەتی** بریتیە لە **دژایەتی كردنی زانایان و ڕقەبەرایەتی كردنیان** ........................................ ١٢٨

**ناوەڕۆكی پاشكۆی ئەم كتێبە**

*** گەڕانەوە بۆ لای زانایان پارێزەرە لە گومڕابوون و لە تیاچوون** ....... ١٣٢

ـ زانایان میراتگری پێغەمبەرانن ................................................ ١٣٢

ـ میراتەكەی پێغەمبەر (ﷺ) بریتیە لە (**قورئان و سوننەت و ئەو بەرنامەیەی كە سەلەفی صاڵحی**) لە سەر بووە ........................................ ١٣٤

ـ علم و زانست بریتی‌یە لە (**قورئان و سوننەت و ئەو بەرنامەیەی کە هاوەڵانی پێغەمبەری** ﷺ) لە سەر بووە ........................................ ١٣٤

ـــ ئەوانەی کە خەڵك لەسەر (**ڕێگای ڕاست**) لە خشتە دەبەن و فیتنەی سەرەنەزانەکان ........................................ ١٣٦

ـ ترسی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە **پێشەوا گومڕاکارەکان** کە فەتوا دەدەن بە بێ علم بەڵکو بە بۆچوون و هەوا و ئارەزوو ........................................ ١٣٧

- **بانگەوازکارانی گومڕایەتی** لە سەر دەرگاکانی دۆزەخ ڕاوەستاون و بانگەشەی موسڵمانانی بۆ دەکەن ........................................ ١٣٧

ـ فەرموودەی ئەو پیاوەی کە (١٠٠) کەسی کوشت و **ڕزگار بوونی بە هۆی زانایایەکەوە** ........................................ ١٣٩

ـ سودەکانی ئەم فەرموودەیە ........................................ ١٤٢

ـــ فەرموودەکەی (یزید الفقیر) و ئەوانەی کە ویستیان خروج بکەن و فیتنە و ئاژاوا بگێڕن و **گەڕانەوەیان بە هۆی ئامۆژگاری یەك لە زانایانی صەحابەوە** کە (جابر بن عبد الله رضي الله عنه) بوو ........................................ ١٤٣

ـ ئەو زانایەی کە زانایە بە (**قورئان و سوننەت و وتەی صەحابەکان**) تەنها ئەو فەتوا دەدات لە کاتی ڕووداوەکانی سەردەمدا و تەنهاش دەبێت پرسیار لە ئەو بکرێت لەم بوارەدا بە تایبەت ........................................ ١٤٦

ـ وتەی ئیمامی (الطبري) سەبارەت بە زانایان ........................................ ١٤٧

ـ وتە بە نرخەکەی ئیمام و پێشەوای ئەهلی سوننە و سەلەفیەکان (أحمد بن حنبل) سەبارەت بە زانایان ........................................ ١٤٧

* سەرچاوەکان ............................................................ ١٤٩

* ناوەڕۆک ................................................................ ١٥١

# ✍ لە بەرهەمەکانی نووسەر

١ ـ **سێ بنچینەکەی بیروباوەڕ و بەڵگەکانیان** ـ چاپی چواردەیەم ـ .

٢ ـ **بیروباوەڕت وەربگرە لە قورئان و سوننەت** ـ چاپی بیست و حەوتەم ـ .

٣ ـ **پوختەیەك لە بیروباوەڕی ئیسلامەتی** ـ چاپی چواردەیەم ـ .

٤ ـ **کورتەیەك لە فیقهی سوننەت و قورئانی ئازیز** ـ ئامادە دەکرێت بۆ چاپ ـ .

٥ ـ **برایەتی نێوان موسڵمانان** ... ـ چاپی دەیەم ـ .

٦ ـ **لەگەڵ کێدا دادەنیشیت و هاوڕێیەتی کێ دەکەیت ؟** ـ چاپی نۆزدەیەم ـ .

٧ ـ **چۆنێتی قوربانی کردن لە سەردەمی پێغەمبەردا** (ﷺ) ـ چاپی پێنجەم ـ .

٨ ـ **کاتی پارشێو و بەربانگ کردن لە سەردەمی پێغەمبەردا** (ﷺ) ـ چاپی شەشەم ـ .

٩ ـ **حوکم و ئادابەکانی قەرزدان و قەرزکردن و قەرزدانەوە** .. ـ چاپی پێنجەم ـ .

١٠ ـ **فەتوای گەورە زانایانی هاوچەرخی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە حوکمی حزبایەتی و جیاوازی و پارچە پارچەگەرێتی** ـ چاپی سێیەم ـ .

١١ ـ **لە ئیسلامدا چەندین گروپ و حیزب نییە بەڵکو کۆمەڵی موسڵمانان و خەلیفە هەیە** ـ چاپی یەکەم ـ.

١٢ ـ **حوکمی کۆمەڵ و حزبە ئیسلامییەکان لە نێو کۆمەڵگای موسلماناندا / فەتوای هەردوو شێخ : ( ابن باز) و ( ابن العثیمین )** ـ چاپی یەکەم ـ .

١٣ ـ **ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟ (پاڕانەوە لە خوای پەروەردگار)** ـ چاپی چواردەیەم ـ .

١٤ ـ **فەزڵ و گەورەیی و حوکمەکانی دە ڕۆژی یەکەمی مانگی حاجیان لە سوونەتی پیرۆزی پێغەمبەردا** (ﷺ) ـ چاپی حەوتەم ـ .

## * زنجیرەی ئافرەت لە سایەی ئیسلامدا :

١٥ ـ **یەکەم** : **ئافرەتان و فێربوونی زانستی شەرعی** ـ چاپی دوانزەیەم ـ .

١٦ ـ **دووەم** : **زانا ترین ئافرەتی دونیا** ـ چاپی دوانزەیەم ـ .

١٧ ـ **سێیەم** : **لە دایك بوونی کچان و سەرهەڵدانەوەی خەصڵەتێکی سەردەمی نەفامی و جاهلی لە سەدەی پێشکەوتووی بیست و یەکدا !!!** ـ چاپی دوانزەیەم ـ .

## * زنجیرەی بابەتە مەنهەجی‌یەکان :

١٨ ـ **یەکەم** : **گەڕانەوە بۆ لای زانایانی ئەهلی سوننە پارێزەرە لە تیاچوون و گومڕابوون** ـ چاپی سێیەم ـ .

١٩ ـ **دووەم** : **لە بناماکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە : خۆشویستنی زانایان و بە چاکە باسکردنیان** ... ـ چاپی دووەم ـ .

٢٠ ـ **سێیەم** : **زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعەی سەردەم دەڵێن : حزبایەتی بیدعەیە** ـ چاپی دووەم ـ .

٢١ ـ **چوارەم** : **جەماعەتی (الإخوان المسلمین) لە تەرازووی شەرع و ژیریدا ، هەڵە و لاڕێبوون و گومڕاییەکانی جەماعەتی (الإخوان المسلمین) لە دیدی زانایانی ئەهلی سوننەی سەردەمەوە** ـ چاپی سێیەم ـ .

٢٢ ـ **پشکێك لە میراتەکەی پێغەمبەر** (ﷺ) ـ چاپی حەوتەم ـ .

٢٣ ـ **چل فەرموودەکەی نەووی** ( الأربعون النووية ) ـ چاپی شەشەم ـ .

٢٤ ـ **وەڵامی پرسیارە شەرعی‌یەکانی سایتی بەهەشت** ـ چاپی دووەم ـ .

٢٥ ـ **تەفسیری سورەتی فاتیحە** ـ چاپی پێنجەم ـ .

٢٦ ـ (**وانە گرنگەکان بۆ تێکڕای موسڵمانان / الدروس المهمة لعامة الأمة**) ـ چاپی شەشەم ـ .

٢٧ ـ **وتەی زانایانی مەزهەبی ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوایان لێبێت سەبارەت بە کات و شوێن و شێوازی سەرەخۆشی کردن و پرسە و تەعزێ گێڕان** ـ چاپی چوارەم ـ .

٢٨ ـ **تویشووی بانگخواز بۆ لای خوای گەورە** ـ چاپی شێیەم ـ .

*** لەو بەرهەمانەی تر کە کاریان بۆ دەکەم :**

ـ **قەڵای بیروباوەڕ و یەکخوا پەرستی** ـ وەرگێڕانی چەندین کتێب ـ .

ـ **مەرجەکانی باڵا پۆشی شەرعی ئافرەتی موسڵمان و هەندێك بابەتی پەیوەندیداری تریش** .

ـ **چۆنێتی شۆردن و کفن کردن و نوێژ کردن و ناشتنی مردوو / لەگەڵ ئەحکامەکانی تەعزێ و تەعزێباری لە سەردەمی پێغەمبەردا** (ﷺ) .

ـ **باخچەی پیاوچاکان لە فەرموودەی سەروەری پێغەمبەران** (ﷺ) وەرگێڕانی : (رياضُ الصالحين من حديث سيد المرسلين. ﷺ)

﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡ ﴾

﴿ رَبِّ أَعِنِّي وَلاَ تُعِنْ عَلَيَّ ، وَانْصُرْنِي وَلاَ تَنْصُرْ عَلَيَّ ، وَامْكُرْ لِي وَلاَ تَمْكُرْ عَلَيَّ ، وَاهْدِنِي وَيَسِّرْ هُدَايَ إِلَيَّ ، وَانْصُرْنِي عَلَى مَنْ بَغَى عَلَيَّ .. اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي لَكَ شَاكِرًا ، لَكَ ذَاكِرًا ، لَكَ رَاهِبًا ، لَكَ مِطْوَاعًا ، إِلَيْكَ مُخْبِتًا أَوْ مُنِيبًا .. رَبِّ تَقَبَّلْ تَوْبَتِي ، وَاغْسِلْ حَوْبَتِي ، وَأَجِبْ دَعْوَتِي ، وَثَبِّتْ حُجَّتِي ، وَاهْدِ قَلْبِي ، وَسَدِّدْ لِسَانِي ، وَاسْلُلْ سَخِيمَةَ قَلْبِي ﴾ .